زنجیرەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە

(٣)

# نەهێشتنی گومان

## لە سەر

# خواپەرستی موسڵمانان


دانانی

پێشەوا : محمد عبد الوهاب

وەرگێڕان و لە سەر نووسینی

مامۆستا : خلیل أحمد



مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ هەردوو سایتی بەهەشت و ڕێگای ڕاست

www.ba8.org

www.r-rast.com

بسم الله الرحمن الرحيم

**پێشەکی وەرگێر :**

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهان ، پەروەردگاری خاوەن میهرەبانی و بەزەیی ، خاوەنی ڕۆژی پاداشت و سزا ، پەرستراوی ڕاستەقینەی هەر بوو و بەردەوامی هەتاهەتایی ، ڕاگری ئاسمانەکان و زەوی و هەموو بونەوەر ، ئەو خوایەی کە تەنها سەربەرزی لە گوێڕایەڵی ئەودا بەدەستدێت ، دڵان خۆش و چاك و سەرفراز نابن تەنها بە ناسین و پەرستن و خۆشەویستی ئەو و شوێنکەوتنی سوننەتی پێغەمبەرەکەی ئەو نەبێت ، شایەتی ئەدەم کە تەنها (**الله**) شایستەی پەرستن و ملکەچی یە ، تاك و تەنهایە لە سیفاتی مەزنێتی و تەواوێتی دا هیچ هاوبەش و هاوتایەکی نییە ، خاوەنی نیعمەتێکی یەکجار زۆرە کە لە ژماردن نایەت ، وە شایەتی ئەدەم کە (**محمد** ﷺ) بەندە و پێغەمبەری خوایە ، چاکترین کەسە کە بەندایەتی و ملکەچی بۆ ئەنجام دابێ ، درود و سەلامی خوای لە سەر بێت .

خوێنەری بەڕێز : خوای گەورە شتێکی لە سەر بەندەکانی پێویست نەکردووە وەك پێویست کردنی تاککردنەوەی خوا لە پەرستندا (توحید) و باوەڕبوون بە پەروەردگارێتی خوا و ناسینی ناو و سیفەتەکانی .

هەرکات بەندە هەستا بە ئەرکی (تەنها خواپەرستی) و دورکەوتەوە لە هەموو ئەوانەی کە جگە لە خوا دەپەرسترێن ئەوا رزگاری دەبێت لە دونیا و ڕۆژی دواییدا ، وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿**الذين آمنوا ولم يلبسوا إيمانهم بظلم أولئك لهم الأمن وهم مهتدون**﴾ [سورة الأنعام : (٨٢)] واتە : ئەوانەی

باوەڕیان هێناوە و یەکخواپەرستن و شیرکیان تێکەڵ بە خواپەرستیەکەیان نەکردووە ئەوانە لە ئاسایش و ئاسودەیی دا دەبن و ڕێنمونی کراون .

هەروەها تەواوی پێغەمبەران بۆ ڕاگەیاندنی ئەم ئەرکە هاتوون وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وما أرسلنا من قبلك من رسول إلا نوحي إليه أنه لا إله إلا أنا فاعبدون﴾ [سورة الأنبياء : (٢٥)] واتە : ئەی موحەمەد لە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە ئیللا (وەحی) سروشمان بۆ ناردووە کەوا هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە من (**الله**) نەبێت بۆیە تەنها من بپەرستن .

خواپەرستی بنچینەیەکی ڕەسەنە لە نێو گۆمەڵگەی ئادەمیزاددا ئەو هەوێنەیە کە لە گەڵ پەیدابوونی مرۆڤەوە هەر بووە وەك (ابن عباس) دەفەرموێت : (كان بين آدم ونوح عشرة قرون كلهم على التوحيد) واتە : کۆمەڵگەی ئادەمیزاد هەر لە ئادەمەوە تا سەردەمی نوح هەموویان خواپەرست بوون و شیرك ئەنجامدان نەبوو .

بۆیە هاوبەشدانان شتێکی نامۆ و دەرەکی یە پەیدا کراوە و ڕەسەن نییە ، مێژووی پەیدا بوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نوح سەلامی خوای لە سەر بێت - وەك باسمان کرد - بە هۆی زیادەڕەوی لە پیاوچاکاندا ، ئەمە وەك سەرەتای پەیدا بوونی لە مێژووی ئادەمیزاددا بە گشتی ، بەلام لە مێژووی ئاینی ئیسلامدا و لە دوای هاتنی ئاینی ئیسلامی پیرۆزەوە کە خواپەرستی بە تەواوترین شێوە لە زەویدا چەسپا و هاوبەشدانان بۆ خوا - کە لە پێش ئیسلامدا هەبوو - لە گۆڕنرا و بنەبڕکرا ، ئەم حاڵەتە تا چوار سەدە درێژەی هەبوو بەلام دوای سەدەی چوارەمی کۆچی لە سەر دەستی ڕەشی

عوبەیدییەکان (بە ناو فاطمییەکان) لە وڵاتی میسر (مصر) جارێکی تر ڕەواجی پێدرا و کارئاسانی بۆ کرا ، هەروەها کاتێك سۆفیگەریی لاڕێبوو زیادەڕەوییان کرد لە شێخەکان و تەریقەتەکاندا ئەمانیش ڕۆڵێکی خراپیان هەبوو لەم بوارەدا .

ئەمانە و چەندین کەسایەتی و مەزهەبی نامۆی تر کاریگەرییان هەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی نامۆ و دور لە ڕاستی لە ناو موسڵماناندا ، بەڵام خوای گەورە بڕیاری داوە بە پاراستنی ئەم دینە پاکە بەوەی کە هەر ماوەیەك جارێ لە سەر دەستی زانایانی چاکساز و بانگەوازکارانی نوێخوازدا نوێیکاتەوە و ئەوەی نامۆ و دەرەکی و زیادکراوە بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕەتکاتەوە ، کەسانێك کە لە هەموو سەدساڵ جارێك دەیانکاتە نوێکاری (المجدد) ئەم دینە تا ڕۆژی قیامەت وەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((إن الله يبعث لهذه الأمة على رأس كل مائة سنة من يجدد لها دينها))*
واتە : خوای گەورە لە هەموو سەد ساڵ جارێکدا کەسانێك دەنێرێت بۆ ئەم ئوممەتە کەوا ئاینەکەیان بۆ نوێکاتەوە .

کەوابوو **ڕێگای ڕاست** شوێنکەوتو و پارێزەری بەردەوامی دەبێت .

یەکێك لەو زانایانە شێخ (موحەمەدی کوڕی عبدالوهاب)ە کە خەڵکی لە سەردەمی ئەودا سەرقاڵی بیدعە و ئەفسانە و هاوبەشدانان و داواکردن لە گۆڕەکان بوون ، کاتێك دانەر - ڕەحمەتی خوای لێبێت - کەسی نەبینی بەو ئەرکە هەستێت بۆیە نەیتوانی بێدەنگ بێ و دەستی کرد بە بانگەواز کردن بۆ خواپەرستی و گەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەتی (صەحیح) و

* صحيح أبي داود رقم : (٤٢٩١) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٥٩٩) .

پاككردنەوەی بیروباوەڕی موسڵمانان لە هەموو ئەو شتانەی لكاون پێیەوە و دیمەن و جوانییان شێواندووە ، بۆیە لەم پێناوەدا توشی چەندین ناڕەحەتی و دەركردن بوو ، چەندەها نامەی بۆ زانایان و كاربەدەستانی ئەو سەردەمە نووسیوە ، چەندین كتێبی داناوە و وەڵامی پرسیار و گومان و شوبهەكانیانی داوەتەوە ، لە كتێبە بە نرخەكانی (كتاب التوحيد) یەكێكە لە گرنگ ترین كتێبەكانی كە بۆ سەلماندنی یەكخواپەرستی نووسیویەتی و درێژەی بە جۆرەكانی پەرستن داوە و لە سەر ڕێگەی پێشینان نووسیویەتی كە تەنها بریتیە لە قورئان و فەرموودە و دوورە لە زانستی مەنتیق و كەلام.

هەروەها ئەم كتێبەی كە لە بەردەستتدایە وەڵامە بۆ هەندێ لەوانەی كە لە سەردەمی شێخدا خۆیان بە زانا دانابوو ، ئەوانەی كە ڕەخنەیان لێگرتووە ! چونكە شێخ ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ كاتێك هەستا بە ڕونكردنەوەی خواپەرستی و بانگەوازكردن بۆی و ڕونكردنەوەی جۆرەكانی خواپەرستی و دۆستایەتی و دژیاتی لە سەر ئەو بنچینەیە و ڕونكردنەوەی حاڵی زۆر لەو كەسانەی كە شیركیان دەكرد بە ڕاشكاوی ، بۆیە هەندێك نەزانی خۆ بە (زانا) زان ، شەیتان ئاسا چەندین گومان و شوبهە و ڕەخنەیان لە سەر بانگەوازەكەی دروستكرد و تۆمەتی ئەوەیان بۆ كرد كە گوایە شێخ تەكفیری موسڵمانان دەكات ! ! ! بەڵام ئەوە مەنهەجی ئەو نییە و زۆر دوورە لێی ، شێخ تەكفیری كەسێك دەكات كەوا شتێكی كوفری بكات و دوای جێگیركردنی بەڵگە (إقامـة الـ ـحجة) لە سەری ، بۆیە دانەر ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ بەم كتێبە وەڵامی شوبهەكانیان دەداتەوە و گومانەكانیان لەناو دەبات بە چەشنە بەڵگەیەك لە قورئان و سوننەت كە دڵ

پێیان ئارام دەبێت و فێنکدەبێتەوە ، دوای ئەوەی پێشەکییەك دەنووسێت لە ڕونکردنەوەی حەقیقەتی ئاینی پێغەمبەران و بانگەوازەکانیان ، وە حەقیقەتی ئەوەی موشریکەکان لە سەری بوون ، وە موشریکەکانی سەردەمی خۆی درێژە پێدەر و شوێنکەوتووی موشریکەکانی پێشوون .

ئەم کتێبەی ناو ناوە بە (**كَشفُ الشُّبهات**) ، ئێمەش پێشتر بە کوردی ناومان لێنابوو (لابردنی شوبهەکان) بەڵام ئیستا ناوەکەم گۆڕی بۆ (**نەهێشتنی گومان لە سەر خواپەرستی موسڵمانان**) .

مەبەست بە (**كَشف**) واتە : لابردنی پەردە لە سەر شت ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿**فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَاءَكَ**﴾ [سورة ق : (٢٢)] .

(**شُبهات**) کۆی (**شُبهة**)یە کە بریتیە لە : شتی ئاوێتەی لەیەکچوو کە نەزانیت دروستە یان نا ، وەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((إن الحلالَ بين والحرام بين ، وبينهما أمور **مشتبهات** لا يعلمها كثير من الناس ، فمن اتقَى **الشبهات** فقد استبرأ لدينِهِ وعرضِهِ))* واتە : شتی ڕەوا ڕون و ئاشکرایە و شتی ناڕەوایش ڕون و ئاشکرایە ، بەڵام لە نێوانیاندا چەندین شتی لەیەکچوو هەن زۆر کەس نایزانن ، هەر کەس خۆی پاراست لەوانە ئەوە دین و سومعەتی پاراستووە .

(**مشتبهات**) واتە : شتە لەیەکچووەکان ، مەبەست لێیان ئەو شتانەیە کە نازانرێت حەڵاڵن یان حەرام بە هۆی جیاوازی بەڵگەکانەوە کە تەنها کەسانی تایبەت واتە : زانایان دەیزانن .

---

* صحيح البخاري رقم : (٢٠٥١) وصحيح مسلم رقم : (١٥٩٩) .

كەوابوو (**شُبهات**) لێرە مەبەستمان پێی ئەو شتانەیە کە کەسانێك بۆ ساختە (تلبیس) و چەواشەکاری (تضلیل) و خەڵەتاندن (تمویە)ی خەڵکی تر بەکاری دێنن بۆ بەرژەوەندییەکانیان لە کاتێکدا وایان لێدەکەن کە وابزانن ئەو شتانە (ڕەوا)ن و ئەنجامدانیان لە خوا نزیکبونەوی تێدایە لە کاتێکدا بە پێچەوانەوە شتانێکی دور لە حەقیقەت و (ناڕەوا)ن ! بۆیە (**كَشفُ الشُبهات**) بریتیە لە ڕونکردنەوەی نابەجێیی و نادروستی بەڵگەکانیان کە لە ڕاستیدا بەڵگە نین بەڵکو گومانن ، ئەو شوبهانەش کە زۆر لە خەڵکی خۆیانیان پێوە سەرقاڵ دەکەن بریتین لەوانەی دەربارەی پەرستنی گۆڕ و داوای کۆمەکی کردنە لێیان کە کارێکی ناڕەوایە .

بۆیە لە بەر بە سودی ئەم کتێبە وەرمگێڕا و هەندێ ڕونکردنەوەی زیاترم لە سەر نووسی ، هەروەها وەکو پاشکۆیەك لە کۆتایی کتێبەکەدا کورتەی شوبهەکان و وەڵامەکانم نووسیوەتەوە بۆ زانین و مانەوەیان لە مێشکی خوێنەردا .

تێبینی : ئەبوایە پێش ئەم کتێبە (**کتێبی یەکخواپەرستی/ کتاب التوحید**)م پێشکەشی خوێنەران بکردایە ، بەڵام لە بەر ئەوەی وەرگێڕانی کتێبی (**كَشفُ الشُبهات**) پێش چەند ساڵێك کرابوو بۆیە پێشخرا ، داواکارم لە خوای گەورە یارمەتیم بدات بۆ تەواوکردنی (**کتێبی یەکخواپەرستی/ کتاب التوحید**) و باقی ئەو کتێبانەی وەعدم بە خوێنەران داوە کە پێشکەشیان بکەم .

هەروەها داوام لە پەروەردگارم ئەوەیە لێم ببورێت لە هەر کەموکوڕییەك هەمبووە و لێرەبەدواش ئەمبێت و داوام ئەوەیە مانەوە و مردنم لە سەر **ڕێگای ڕاستی** ئیسلام بە قیسمەت بکات .

**وەرگێڕ و لەسەرنووس**

**خلیل أحمد**

**کەلار**

بسم الله الرحمن الرحيم(١)

ئەم کتێبە دەنووسم بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان تەنها داوای یارمەتی و کۆمەکی لەو دەکەم :

ئەی بەندەی خوا (٢) ڕەحمەتی خوات لێبێ (٣) ، پێویستە بزانیت یەکخواپەرستی : بریتیە لە تاککردنەوەی خوای گەورە لە پەرستندا (٤)

---

(١) نوسینی ئەم کتێبەی دەستپێکردوە بە (بسم الله الرحمن الرحيم) ئەمەش سوننەتە ، پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ نوسراوێکی بناردایە بۆ کەسێك پێشەکی (بسم الله الرحمن الرحيم)ی دەنوسی ، هەروەها وتاری بۆ هاوەڵەکانی بدایە وتارەکەی بە (بسم الله الرحمن الرحيم) دەستپێدەکرد ، هەروەها قورئانی پیرۆزیش بەوە دەستپێکراوە ، مەبەستیش لە نوسینی ئەم بڕگەیە بۆ فەڕ و بەرەکەتە چونکە موبارەکە و کردنی دەبێتە بەرەکەت بە سەر باقی بڕگەکانی ترەوە ، هەروەها بۆ پشت بەستن بە ناوی خوا بۆ نوسین و تەواوکردنی بەکاردێت ، بڕوانە کتێبی : ((زاد المعاد في هدي خير العباد))ی ابن القيم لە باسی نوسراوەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ پاشایان ...

(٢) یان ئەی خوێنەر یان ئەی قوتابی عیلم ـ ئەم بڕگەیەش بۆ ئاگادارگردنەوە بەکاردێت ـ هەر وەك چۆن لەزمانی کوردیدا (بزانە) بەکارهاتووە ، نمونەشی لە قورئاندا زۆرە لەوانە : ﴿فَاعلَم أنه لَا إله إلا الله واستغفِر لِذَنبِك ولِلْمؤمِنين والمؤمِناتِ﴾ [سورة محمد : ١٩] .

واتە : بزانە هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا ، وە بۆ گوناهی خۆت و پیاوان و ئافرەتانی ئیماندار داوای لێبوردن لە خوا بکە .

(٣) ئەمە پاڕانەوەیە لە نوسەرەوە بۆ خوێنەر و قوتابی عیلم ، بەزەیی ودڵسۆزی و قسەخۆشی تێدایە بەرامبەر بە خوێنەر .

(٤) یەکخواپەرستی لە پەرستندا نەك تەنها لە پەروەردگاریتیدا ، شێخ ڕەحمەتی خوای لێبێت وەڵامی کەسانێك دەداتەوە کە (توحید) بە شێوازێکی تر تەفسیر دەکەن، خەڵکی لە تێگەیشتنی (توحید)دا چەندین بۆچونی جیاوازیان هەیە :

ـ لەوانە موشریکەکان : (توحید) تەنها لە پەروەردگاریتیدا ئەنجام دەدەن : ﴿**قُلْ من يرزقُكُم من السماء والأرض أمن يملِك السمع والأبصار ومن يخرج الحي مِن الميتِ ويخرج الميت مِن الحي ومن يدبر الأمر فَسيقُولُونَ اللّه فَقُلْ أَفَلا تتقُونَ**﴾ [سورة يونس : ٣١] ، واتە : بڵێ : چ کەسێ لە ئاسمان و زەوی ڕۆزیتان ئەدا ؟ وە یا چ کەسێ خاوەن و بەدیهێنەری گوێ و چاوەکانە ؟ وە چ کەسێ زیندو لە مردو یا مردو لە زیندو دەردێنێ ؟ وە چ کەسێ کاروباری دونیا بە ڕێوە دەبات ؟ جا دەڵێن خوا ، بڵێ : ئەی بۆ تەقوا ناکەن و ناترسن لە خوا ؟

ـ لەوانە : موعتەزیلەکان ، هەموو موعتەزیلە پێکهاتوون لە سەر پێنج بنەمای عەقیدەیی کە کردویانە بە بنچینەیەکی گرنگ بۆ مەزهەبەکەیان ! ئەو پێنج بنەمایەش بریتین لە : (١- التوحيد ، ٢- العدل ، ٣- الوعد والوعيد ، ٤- المنزلة بين المنزلتين ، ٥- الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر) ، مەبەستمان لەم باسە (توحید)ە ، (توحید) لای موعتەزیلە بریتییە : لە زانیاری و باوەڕ بوون بەوەی خوای گەورە تەنهایە و شەریکی نییە لە بوون و نەبوونی سیفاتدا کە شایستەی ئەوە ! لەم پێناسە دووشتمان دەستدەکەوێت :

١- پێناسە نەکردنی (توحید) بە (توحید)ی یەکخواپەرستی !

٢- نەفی کردنی کۆمەڵە سیفاتێکی زۆر لە سیفەتەکانی خوای گەورە بەگومانی خۆیان بۆ ئەوەی خوای گەورە نەشوبهێنرێت بەهیچ کەس وشتێك !

، ئەمەش خودی ئەو ئاینەیە کە خوا پێغەمبەرانی پیٚ ناردووە بۆ بەندەکانی ، یەکەمی ئەو پێغەمبەرانەش (نوح)ە [٥] سەلامی خوای

(٥) نوح سەلامی خوای لەسەر بێت یەکەم پێغەمبەرە کە ئاینی خوا بە خەڵك ڕابگەیەنێت دوای ڕودانی هاوبەشدانان بۆ خوا لەسەر زەویدا .بڕوانە : (شرح كشف الشبهات)ی صالــح الفوزان .

شێخ ابــن العثــيمين ڕەحمەتی خوای لێبیٚ دەفەرمویٚ : ئەمە ڕاستە هیچ پێغەمبەرێك پێش نوح سەلامی خوای لەسەر بێت نەنێرراوە ، بەم ڕاستییەش هەڵەی مێژونوسان دەزانین ئەوانەی وتویانە : ئیدریس سەلامی خوای لەسەربیٚ پێش نوح هاتووە ، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿إنا أوحينا إليك كما أوحينا إلــى نــوح والنبيين من بعده﴾ [سورة النســاء : ١٦٣] واتە : بەڕاستی ئێمە سروشمان بۆ تۆ کرد هەروەکو بۆ نوح و پێغەمبەرانی دوای ئەو سروشمان کردووە .

هەروەها لەو فەرموودە صەحیحەدا لەباسی شەفاعەتدا هاتووە : ((أن الناس يأتون إلــى نوح فيقولون له : أنت أول رسول أرسله الله إلــى أهل الأرض)) رواه البخاري : (٤٧١٢ ) ومسلم: (٣٢٧) واتە : خەڵکی لە ڕۆژی قیامەتدا دێن بۆ لای نوح و پێی دەڵێن : تۆ یەکەم پێغەمبەری خوای گەورە ڕەوانەی کردوی بۆ خەڵکی سەر زەوی .

کەوابوو پێش نوح پێغەمبەر نەهاتووە بە کۆڕای زانایان ، نوح سەلامی خوای لەسەر بێت یەکەم پێغەمبەرە ڕەوانە کرابێت [دوای ڕودانی هاوبەشدانان بۆ خوا لەسەر زەویدا]* بە بەڵگەی قورئان وسوننەت و ئیجماع . بڕوانە : (شرح كشف الشبهات) ل : (٦٣) .

* ئەم بەندە پێویستە ، چونکە باوکە ئادەم لەم باسە بەدەرە لە بەر ئەوەی ئادەم ـ سەلامی خوای لێبیٚ ـ یەکەم پێغەمبەرە ڕەوانە کرابێت بۆ نەوەکانی بۆ ئەوەی شەریعەتی خوایان پیٚڕابگەیەنێت و فێری چۆنێتی خواپەرسییان بکات ، ئەنجا نەوەکانی بەردەوام بوون لە سەر خواپەرستی بە تەنها تا نەوەی دەیەم وەك (ابــن عبــاس)=

**لەسەر بێ ، خوای گەورە ڕەوانەی کردووە بۆ نەتەوەکەی لە کاتێکدا کە زیادەڕەوییان کرد لەحەقی ئەم پیاوچاکانەدا (وَدّ ـ سُوَاع ـ يَغُوث**

---

=دەفەرموێت: (كان بين آدم ونوح عشرة قرون كلهم على التوحيـد) واتـە : کۆمەڵگەی ئادەمیزاد هەر لە ئادەمەوە تا سەردەمی نوح هەموویان خواپەرست بوون و شیرك ئەنجامـدان نەبوو .

ئەنجا دوای ئەوەی شیرك ئەنجامدان سەری هەڵدا بە هۆی زیادەڕەوی کردن لەو پێنج پیاوچاکەدا کە باسیان دەکەین خوای گـەورە پێغەمبـەر نـوحی ڕەوانـە کـرد بۆیـان بـۆ ئەوەی بانگەوازی خواپەرستیان پێڕابگەیەنێت و ڕێگریان لێبکات لە شیرك .

شێخ (ابن بـاز ـ ڕەحمـەتی خـوای لـێبێ ـ) لـەم بارەیـەوە دەفـەرموێ : (هـەموو پێغەمبـەران نێـردراون بـۆ ئومەتـەکانیان مـوژدەدەر و وریاکـەرەوەیان بـوون ، لـە یەکەمیانەوە تـا دواهـەمینیان ، یەکـەمیان (نـوح)ە خـوا ناردوویـەتی بـۆ قەومەکـەی کاتێك شیرك تیایاندا ڕوویدا ، وە لە پێشیەوە ئادەم بـوو کـە بەڕاسـتی ئـەویش هـەواڵ پێدراو (نبـي) و نێردراو (رسول) و ئەرکی گەیاندنیشی لەسەر بووە ، خوا ناردویـەتی بۆ نەوەکەی بۆ ئەوەی خوا بپەرستن بەو شەریعەتەی کـە باوکـە ئادەمیـان پێـی هـاتبوو درود و سەلامی خوای لێبێ ، ئەوانیش بەردەوام بوون لەسەر ئیسـلام و ڕێگـای ڕاسـت تاوەکو شیرك ڕویدا لە نێو قەومەکـەی نـوح دا درود و سـەلامی خـوای لێبـێ ، پاشـان کاتێك شیرك ڕویدا لە نێو قەومەکەی نوح دا خوای گەورە نوحی بۆ ڕەوانە کردن درود و سەلامی خوای لێبێ ، کەواتە نوح یەکەم پێغەمبەرە خوا ناردویـەتی بـۆ خـەڵکی سـەر زەوی دوای ڕودانی شیرك) بڕوانە (شرح ثلاثة الأصول) ل : (٧٢) .

- **یَعُوقَ - نَسْر)**[٦] ، وە دواینی ئەو پێغەمبەرانەش موحەمەدە سەلامی خوای لە سەر بێ ، ئەویش بوو بتی ئەو پیاو چاکانەی تێك شکاند [٧] .

---

[٦] عن ابن عباس رضي الله عنهما قال : (صارت الأوثان التـي كانت في قوم نـوح في العرب بعد ، أما ود فكانت لكلب بدومة الجندل ، وأما سواع فكانت لـهذيل ، وأما يغوث فكانت لـمراد ثُم لبنـي غطيف بالـجرف عند سـبأ ، وأمـا يعـوق فكانت لـهمذان ، وأما نسر فكانت لـحِمير لآل ذي الكـلاع ، أسمـاء رجـال صالـحين من قوم نوح ، فلما هلكوا أوحى الشيطان إلـى قومهم أنْ أنصبوا إلـى مجالسهم التي كانوا يـجلسون أنصاباً وسموها بأسمائهم ففعلوا ، فلم تعبـد حتـى إذا هلك أولئك وتنسخ العلم عِبدت) رواه البخاري برقم : (٤٩٢٠) (كتاب التفسـير / بـاب : ود وسواع ويغوث ويعوق ونسر) .

واتە : ئەو بتانـەی لـە سـەردەمی نـوح دا هـەبوون لـە سـەردەمی عـەرەبی پـێش ئیسلامیشدا پەرستران ، بتی **(وَدّ)** هی هۆزی (کلب) بوو لە **(دومة الجندل)** ـ شـارێکە لە وڵاتی شام نزیکی سنوری عێراق ـ ، بتی **(سُوَاع)** هی هـۆزی **(هذيل)** بـوو ـ کـە لـە نزیکی شاری مەککە نیشتەجێبوون ئەم بتە لە جێگایەك بوو پێی دەگوترا **(رهاط)** لـە وڵاتی **(حِجاز** / سعودیەی ئێستا) لە بەشی کەناری دەریای سور ـ ، بتی **(يَغُـوث)** هـی هۆزی **(مراد)** بوو کە باپیرەگـەورەی **(غَطيف)**ـە پاشـان هـی هـۆزی **(غَطيـف)**ـە لـە **(جرف)** لە شاری بەلقیس **(سـبـ ـأ)** لە یەمەن ، بتی **(يَعُوق)** هـی هـۆزی **(همذان)** لە وڵاتی یەمەن ، بتی **(نَسْر)** هی هۆزی **(ذو الكـلاع)** لە خاکی **(حِمير)** لە یەمەن.

ئەمانە ناوی چەند پیاوچاکێکن لە قەومی پێغەمبەر نوح ـ سەلامی خوای لە سەر بێت ـ دوای ئەوەی مردن شەیتان چپەی ئەوەی بۆ قەومەکانیان کرد کە چەند پەیکەر و بتێك لەو جێگایانەدا دروستکەن کە تیایدا دادەنیشـتن وە بـە نـاوی خۆیانـەوە ناویـان=

=بنێن ئەوانیش کردیان ئەو کاتە کەس نەیپەرستن تا ئەوانەش مردن کە زانیاری دەربارەیان نەما و لە بیرچوون دوای ئەمە پەرستران .

(٧) لە ساڵی هەشتی کۆچی لە رزگارکردنی کەعبەدا بوو ، عەبدوڵلای کوڕی مەسعود دەیگێڕێتەوە و دەفەرموێت : (دخل النبي (ﷺ) مكة وحول البيت ستون وثلاثـمائة نصب ، فجعل يطعنها بعود في يده ويقول : ﴿**جاء الحق وزهق الباطِلُ إن الباطِلَ كانَ زهوقًا**﴾ ) رواه البخاري برقم : (٤٧٢) كتاب التفسير ٠

واتە : لە رزگار کردنی مەککەدا کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هاتە ناو کەعبەوە لەو کاتەدا سێسەد و شەست بت بە دەوری کەعبەدا هەبوو ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دارێکی بەدەستەوە بوو لێی دەدان و دەیگوت : حەق هات و سەرکەوت ناحەقیش نەما و تیاچوو بەڕاستی ناحەق تیاچووە و دۆڕاوە .

ئەی خوێنەری بەڕێز (خوا بتپارێزی ) : بڕوانە شوێنەوار و ڕەگ و ڕیشاڵی شیرك چەند ترسانەکە و کاتێك مرۆڤەکان توشی دەبن زۆر بە نارەحەتی رزگاریان دەبێت ، هەروەها بزانە ئەم بتانە لەو ڕۆژەی دەپەرستران ماونەتەوە تا ئەو کاتەی خوای گەورە پێغەمبەری (ﷺ) نارد و تێکی شکاندن ، لەم کاتەوە یەکخواپەرستی بەردەوام بوو ، تا سەردەمی جێنشینەکان و هەر سێ سەدەی پێشینە چاکەکان ، لە گەڵ تەواو بونی ئەم سێ سەدەدا سۆفیگەری و شیعەگەرێتی پەرەی سەند و شیرك و هاوبەشدانان وگۆڕپەرستی و زیادەڕەوی لە پیاوچاندا پەیدا بوو ، خوای گەورە کەسانێکی وەك (ابن تيمية و محمد عبد الوهاب) و کەسانی تری بۆ ئامادە دەکات کە بە بەڵگەی ڕون و ئاشکرا شوبهەکانیان پوچەڵ بکەنەوە و بیانوی کەس نەهێڵن و خەڵك چاوڕۆشن بکەن ، کەوابو لە سەر قوتابی عیلم و بانگەوازکار واجبە گرنگی و بایەخ بدەن بەم مەسەلەیە و بانگەواز بۆ یەکخواپەرستی و ڕەتکردنەوەی شیرك و پوچەڵ کردنەوەی شوبهەکان لە پێشەکی بانگەوازەکەیان دابنێن .

خوا ناردوویەتی بۆ خەڵكانێك [٨] كە پەرستن و سەردانیماڵی خوا و خێر و ماڵ بەخشین و زیكری خوایان دەكرد [٩] بەڵام لەكاتی پەرستندا هەندێ لە دروستكراوەكانی خوایان دەكردە نێوەند لە نێوان خۆیان و خوادا ، دەیانگوت هیچمان مەبەست نیە بەم كارەمان تەنها دەمانەوێ نزیك ببینەوە لە خوا و شەفاعەتمان بۆ بكەن لای ئەو ، بۆ نمونە ئەو دروستكراوانەش وەك فریشتەكان و عیسا و مەریەم و هەندێكی تر لە پیاوچاكان .

لە بەر ئەم هۆیە خوای گەورە پێغەمبەر (ﷺ)ی بۆ ناردن بۆ ئەوەی ئاینی باوكە گەورەیان (ئیبراهیم) [١٠] بۆ نوێكاتەوە و خەبەریان

---

[٨] واتە : لەناو نەتەوەیەكدا هاتوە ئەوە سیفەتیان بووە ، ئەگینا پێغەمبەر (ﷺ) بۆ هەموو خەڵكی هاتووە نەك بۆ نەتەوەیەك یان چەند نەتەوەیەك بە تەنها ، بەڵكو بۆ هەموو نەتەوەكان هاتووە بە گشتی : ﴿**قُلْ يا أيها الناس إني رسولُ اللّهِ إليكُم جميعا**﴾ [سورة الأعراف : ١٥٨] واتە : بڵێ ئەی خەڵكینە من پێغەمبەری خوام بۆ ئێوە هەمووتان.

[٩] بەڵام هیچ سودی پێیان نەگەیاند چونكە یەكخواپەرست نەبون ، یەكێك لە مەرجی وەرگرتنی پەرستنەكان لای خوا یەكخواپەرستبونە ، بەڵام چەندین نێوەندیان دادەنا بۆیە پەرستنەكانیان لێوەرنەگیرا .

[١٠] چونكە قورەیش و دەورو بەری نەوە و پاشماوەی ئەون ، لە سەر یەكخواپەرستی بوون ، تیایاندا لاواز بوو و نەما بە هۆی (عمرو)ی كوڕی (لوحەی)یەوە كە بتەكانی لە (جدە) دەرهێنا دوای خنكانی نەتەوەكەی نوح سەلامی خوای لەسەر بێت ، دوای دەرهێنانی بە هەموو لایەكدا لە نێو عەرەبدا بڵاوی كردەوە . بڕوانە : (أخبار مكة : (٥ / ١٦١) ، ومعجم البلدان : (٥ / ٣٦٨) نقلاً عن : "شرح كشف الشبهات" للشيخ ابن العثيمين رحمه الله تعالى) .

باتیٚ ئەم نزیك بوونەوە لە خوا و ئەم بیروباوەڕە تەنها مافی خوایە و هیچ کام لەمانە بۆ جگە لە خوا نابیٚ نە بۆ فریشتەی نزیك کراو لە خوا و نە بۆ پیٚغەمبەری ڕەوانە کراو چ جای کەسانی تر .

ئەمە بوو ئەگینا موشریکەکان شایەتی و گەواهی ئەوەیان دەدا کە تەنها خوا بەدیهیٚنەرە و هاوبەشی نیە و هیچ کەس توانای ڕۆزیدانی نیە ئەو نەبیٚ ، هیچ کەس توانای زیندوکردنەوەی نیە ئەو نەبیٚ ، هیچ کەس توانای مراندنی نیە ئەو نەبیٚ ، هیچ کەس کارەکان بەڕیٚوە نابات ئەو نەبیٚ ، شایەتی ئەوەیان دەدا هەموو ئاسمانەکان و ئەوەی تیٚیدایە و هەر حەوت زەویەکە و ئەوەی لە ناوی دایە هەمووی بەندە و مل کەچە و لە ژیٚر ڕکیٚف و دەسەلاٚتی ئەودایە [١١] .

ئەگەر بەلٚگەی ڕوون و ئاشکرات ویست لەسەر ئەوانەی پیٚغەمبەر (ﷺ) جەنگی لە گەلٚ کردن لە گەلٚ ئەوەشدا شایەتی و گەواهییان دەدا بەوەی بۆم باس کردی ، ئەم ئایەتە پیرۆزە بخویٚنەوە کە خوا دەفەرمویٚ : ﴿**قُلْ من يرزقكم من السماء والأرض أمن يملك السمع**

---

[١١] شیٚخ محمد بن ابراهيم آل الشيخ ڕەحمەتی خوای لیٚبیٚت دەفەرمویٚت : ئەوموشریکانە ملکەچی تەوحیدی پەروەردگاریٚتی بون و سەرپیٚچییان نەدەکرد و لیٚرەشەوە تیٚ نەکەوتبون چونکە خوایان دەناسی و برِیٚك عیبادەتیان دەکرد ، بەلٚکو لەویٚوە تیٚکەوتبون کە واسیتەیان دانابوو لە نیٚوان خۆیان وخوادا بەگومانی خۆیان کە ئەوانە لە خواوە نزیکترن !

**والأبصار ومن يخرج الحي من الميت ويخرج الميت من الحي ومن يدبر الأمر فسيقولون الله فقل أفلا تتقون﴾** [سورة يونس : ٣١] .

واتە : بڵێ : چ کەسێ لە ئاسمان و زەوی ڕۆزیتان ئەدا ؟ وە یا چ کەسێ خاوەن و بەدیهێنەری گوێ و چاوەکانە ؟ وە چ کەسێ زیندو لە مردو یا مردو لە زیندو دەردێنێ ؟ وە چ کەسێ کاروباری دونیا بە ڕێوە دەبات ؟ جا دەڵێن خوا ، بڵێ : ئەی بۆ تەقوا ناکەن و ناترسن لە خوا ؟

هەر وەها ئەم ئایەتە : **﴿قل لمن الأرض ومن فيها إن كنتم تعلمون (٨٤) سيقولون لله قل أفلا تذكرون (٨٥) قل من رب السماوات السبع ورب العرش العظيم (٨٦) سيقولون لله قل أفلا تتقون (٨٧) قل من بيده ملكوت كل شيء وهو يجير ولا يجار عليه إن كنتم تعلمون (٨٨) سيقولون لله قل فأنى تسحرون (٨٩)﴾** [سورة المؤمنون] .

واتە : زەوی و ئەوانەی کە لە زەویدان هی کێیە ئەگەر دەزانن ؟ لە وەڵامدا دەڵێن : هەمووی هی خوایە ، بڵێ : ئایا بیرناکەنەوە ؟ بڵێ : چ کەسێ پەروەردگاری حەوت ئاسمان و عەرشی گەورەیە ؟ لە وەڵامدا دەڵێن : هەمووی هی خوایە ، بڵێ : ئایا خۆپارێزی ناکەن و لە خوا ناترسن ؟ بڵێ : چ کەسێ فەرمانڕەوایی هەموو شتێکی بەدەستە و بێپەنایان پەنا ئەدا و کەسیش ناتوانێت کەس پەنا بدات لە خوا ئەگەر بزانن ؟ لە وەڵامدا دەڵێن : [هەموو ئەوانە] هی خوان ، بڵێ : جا چۆن ئێوە سیحر و جادو لێکراون ؟

وە چەندەها ئایەتی تر .

(لەگەڵ ئەمەشدا کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) پێی وتن : بڵێن : (لَا إِلَهَ إِلا اللهُ) وتیان : ﴿أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهًا وَاحِدًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ﴾ [سورة ص : ٥] واتە : ئایا هەموو خواکانی کردووە بە یەك خوا ؟! بەڕاستی ئەمە شتێکی سەرسوڕهێنەرە !

ئەگەر زانیت کە نەزانی کافرەکان مانای یەکخواپەرستیان دەزانی ئەو کاتە سەرسوڕمان لە کەسانێك کە خۆیان بە موسڵمان دەزانن لە کاتێکدا لە مانای ئەم وشەیە بە قەد نەزانی کافرەکان نازانن ! بەڵکو وادەزانن تەنها وتنی بە زمانە بە بێ دڵ پەیوەستکردن بە ماناکانی ئەم وشەیە) [١٢] .

ئە گەر بە جوانی لێکۆڵیتەوە کە ئەو موشریکانە باوەڕیان هەبووە بەم مەسەلەیە و لە گەڵ ئەوەشدا نەی خستنە ناو بازنەی یەکخواپەرستیەوە (ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) بانگیانی دەکرد بۆی) .

وە ئەگەر زانیت ئەو یەکخواپەرستیەی کە ئینکاریان دەکرد بریتی بوو لە یەکخواپەرستی خوا لە خوایەتیدا [١٣] ، ئەوەی کە موشریکەکانی

---

[١٢] ئەم ڕستانەی نێوان ئەم دووکەوانە ( ) ، لەو نوسخەیەدا هاتووە کە شێخ فوزان شەرحی کردوە .

[١٣] مشت ومڕی موشریکەکان لە گەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) لە پەرستنی خوای گەورە بوو بەتاك و تەنهایی وەك لە چیرۆکی سەرە مەرگی (أبو طالب) دەردەکەوێت :

عن سعيد ابن المسيب عن أبيه قال : ((لما حضرت أبا طالب الوفاة جاءه رسول الله (ﷺ) فوجد عنده أبا جهل وعبدالله بن أبي أمية بن المغيرة ، فقال : أي=

سەردەمی ئێمە ناوی دەنێن (الأعتقاد)[١٤] واتە : (بیروباوەڕ) هەروەها شەو و ڕۆژ دوعایان دەکرد ، لە گەڵ ئەوەشدا هەندێکیان هاواری دەکردە فریشتە لەبەرچاکێتی و نزیکییان لە خوا بۆ ئەوەی شەفاعەتی

---

=عم قُلْ لا إله إلا الله كلمة أحاج لك بـها عند الله ، فقال أبو جهل وعبدالله بن أبي أمية : أترغب عن مِلةِ عبد المطلب ؟ فلم يزل رسول الله (ﷺ) يعرضها عليه ويعيدانه بتلك الـمقالة حتى قال أبوطالب آخر ما كلمهم : على مِلـةِ عبد المطلب وأبـى أنْ يقول لا إله إلا الله ...)) رواه البخاري في كتاب التفسير / سورة القصص برقم : (٤٧٧٢) .

واتە : کاتێك (أبو طالـب) لـە سەرەمەرگدا بوو پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ سەردانی بینی (أبو جهل) و (عبدالله بن أبي أمية بن المغـيرة) لای (أبـو طالـب)ن ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ئەی مامی خۆم بڵێ (**لا إلـهَ إلاَّ الله**) ، تەنها ووشەیەکە لای خوا دەیکەمە بەڵگە بۆت ، (أبو جهل) و (عبدالله بن أبي أمية) ووتیان : ئەی (أبو طالب) ئەتەوێ لە ئاینی (عبد المطلب) وازبێنی ؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەردەوام ئەو داواکارییەی دووبارە دەکردەوە لە مامی ، ئەو دوانەش قسەی خۆیان دووبارە دەکردەوە ، تا دوا ئەنجام (أبو طالب) ووتی : لە سەر ئاینی (عبـد المطلـب) دەمێنمەوە و خۆی گرتەوە لەوەی وشەی (**لا إلهَ إلاَّ الله**) بڵێت..

(ملة عبد المطلب) : ئاینی (عبد المطلب) : واتە : بتپەرستی و شەریك دانان بۆ خوا لە پەرستندا .

[١٤] شێخ محمد بن ابراهيم آل الشيخ دەفەرموێ : موشریکەکانی سەر دەمی ئێمە ئەڵێن : (فلان فيه عقيدة) واتە : عەقیدەمان پێیەتی سودمان پێبەخشێت بۆ کەسێك ئەگەر بانگەشەی ئەوەیان بۆ کرد عەقیدەت پێ هەبێت . بڕوانە (شرح كشف الشبهات) ل : (٨٠) .

بۆ بکەن یان هاواری دەکردە پیاوچاکێ وەك (اللات) یان پێغەمبەرێك وەك عیسا.

وە ئەگەر زانیت پێغەمبەر (ﷺ) لە سەر ئەم جۆرە هاوبەشدانانە جەنگی لە گەڵ کردن ، وە بانگی کردن بۆ پاککردنەوە و بێ خەوشکردنی پەرستن ، وەك خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿فَلَا تدعوا مع اللهِ أحداً﴾ [سورة الجن : ١٨] واتە : جا لە گەڵ خوادا هاوار بۆ کەسی تر مەبەن و کەسی تر مەپەرستن .

وە فەرمویەتی : ﴿لَه دعوةُ الْحق والَّذِين يدعونَ مِن دونِهِ لا يستجِيبونَ لَهم بِشيءٍ﴾ [سورة الرعد : ١٤] واتە : هاوار و پەرستن تەنها شایستەی خوایە ، وە کەسانێك کە داوا لە جگە لە خوا دەکەن ئەوانەی داوایان لێدەکرێ هیچ وەڵامیان نادەنەوە .

وە ئەگەر بە تەواوی و بێگومان زانیت پێغەمبەر (ﷺ) جەنگی لە گەڵ کردن لە بەر ئەوەی : پاڕاننەوە و داواکردن و نەزر و سەربڕین و داوای کۆمەکی کردن و هەموو جۆرەکانی پەرستن بۆ خوا بێت ، وە ئەگەر زانیت دان پێدانان و باوەڕ بوونیان تەنها بە پەروەردگاریێتی خوا (الربوبية) نەی خستنە ناو بازنەی موسڵمانێتیەوە ، وە ئەگەر زانیت داواکردنیان لە فریشتەکان و پێغەمبەران و پیاوچاکان تەنها شەفاعەت

کردن و نزیك بوونەوە بوو لە خوا [١٥] لە کاتێکدا ئەمە خوێن و ماڵیانی حەڵاڵ کرد :

ئەو کاتە ئەو یەکخواپەرستیە دەزانیت کە پێغەمبەران هەموویان بانگەوازییان بۆ کردووە و موشریکەکان دانیان پێدانەناوە و باوەڕیان پێ نەبووە و بەرهەڵستیان کردووە .

ئەم خواپەرستییە بە تاك و تەنهایی بریتیە لە واتای وشەی (**لا إِلَـهَ إِلاَّ اللَّـه**) ، چونکە پەرستراو (**إِلَــه**) لای موشریکەکانی پێشوو بریتی بوو لەوەی جێگەی مەبەست بێ لە داواکردنی شەفاعەت و ڕووتێکردن و داواکاری ئەگەر ئەو پەرستراوە فریشتەیەك بێ یان پێغەمبەرێك یان دۆستێکی خوا یان دارێك یان گۆڕێك یان جنۆکەیەك) ، مەبەستیان بە (**إِلَــه**) بەدیهێنەر و ڕۆزی دەر و هەڵسوڕێنەری بونەوەر

---

[١٥] وەك لەم سەردەمەدا ئەڵێن ئەگەر تۆ بچیت بۆ لای کاربەدەستێك دەبێت بچیتە پرسگە و لای کەسانێك کە لەو پلەیان نزمترە ، نازانن ئەو کاربەدەستە لە بەر لاوازی و کەمتوانایی خۆی ئەو شتانەی داناوە ، ئەگەر چەند کەسێك بە یەکەوە داواکارییەکانی خۆیانی بخەنە بەر دەست ناتوانێ بە یەکەوە تێیانبگات چ جای وەڵامیان باتەوە ، ئەنجا خوای گەورە جیاوازی لە نێوان بەندەکانیدا دروست نەکردوە و لە یەککاتیشدا هەموو سکاڵایەك دەبیسێت و دەتوانێت لە یەککاتدا وەڵامی هەموو بەندەکانی بداتەوە ، کەوابوو برای موسڵمان خوای گەورە لە هەموو کەس لە تۆ نزیکترە ، دەبیسێت و دەبینێت و بە توانایە ئەوەی داوای دەکەیت بۆتبکات بەڵام جگە لەو نەدەبیسن ، نەدەبینن ، نەتواناشیان هەیە هیچت بۆ بکەن تەنها ساختەی شەیتانە و بەس .

نـەبوو ، ئـەوان زۆر چـاك دەیـانزانی هـەمووی بـە دەسـتی خوایـە وەك پێشـتـر لێــی دووام ، بـەڵكو مەبەسـتیان بـە(إِلَــه) ئـەوە بـوو كـە موشریكەكانی ئێستا پێی دەڵێن (سـەیید) [١٦] ، ئـەوە بـوو پێغەمبـەر (ﷺ) هات و بانگی كردن بۆ ووشەی مەزنی یەكخواپەرستی كـە بریتیـە لە (**لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّه**) ، مەبەست و ئاكامیش لەم ووشەیە واتاكەیەتی نـەك تـەنها ووتـن و گـوێكردنی ، بـێ بـاوەڕە نەفامـەكان چـاك دەیـانزانی مەبەستی پێغەمبەر (ﷺ) لەم ووشەیە بریتیە : لە تاككردنەوەی خـوای گەورە بە دڵ بەستن تەنها بە خوداوە .. وە باوەڕ نـەبوون بەوانـەی كـە جگـە لـە خـوا دەپەرسـترێن و دور كەوتنـەوە لێیـان ، چـونكە كاتێـك پێغەمبەر (ﷺ) پێی وتن : بڵێن : (**لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ**) لە وەڵامـدا ووتیـان : ﴿**أجعلَ الآلِهةَ إلهاً واحِداً إن هذا لشيءٌ عجاب**﴾ [سورة ص : ٥] .

واتە : ئایا هەموو خواكانی كردووە بە یەك خـوا ؟! بەڕاسـتی ئەمـە شتێكی سەرسوڕهێنەرە !

---

[١٦] ئەگەر وتیان سەیید واتـە پەرستراو ئەگـەر بەخۆشـیان نـەزانن بـەڵام واتاكـەی لای ئەوان كەسێكە شایستە بێت بۆ ئەوەی ببێتە نێوەند لە نێوان خۆیان و خوادا و عـەقیـدە بوون پێی سودی دەبێت گەر داوای لێ بكـەیت داوای پێویسـتییەكان لـە خـوا بكـات ، مـەبەستیـان پێی (وەلی)یە و جێگەی بیر و باوەڕیانـە بـەو مانایـەی گـەر بـاوەڕت پێـی هەبوو سودت پێ دەگەیەنێت ...) . ئەمە قسەی شـێخ (محمد بن إبراهيم آل الشيخ )ــە . بڕوانە : شرح كشف الشبهات ل : (٨٩) .

بۆ حوكمی بەكار هێنانی وشەی سەید بڕوانـە كتێبـی (معجم الـمناهي اللفظيـة) نوسینی شێخ بكر أبو زيد ل : (٣٠٦ - ٣١١) زۆر گرنگە .

ئەگەر زانیت نەفامی بێ باوەڕەکان (جهال الكفـار) ئـەم راسـتییە دەزانن ئەوجا جێگەی سەرسوڕمانە ئـەوەی لاف و گـەزافی ئیسـلامەتی لێدەدات و لە هەمان کاتدا بەقـەد ئـەوان مانـای ئـەم وشـەیە نازانێـت ، بـەڵکو وا گومـان دەبـات مەبەسـت لـەم وشـەیە (**لا إلَـهَ إلاَّ اللَّـهُ**) تـەنها گۆکردن (تَلَفُظ)ی پیتەکانیەتی بە بـێ دڵ پەیوەسـت کـردن بـەواتاکانی ئەم ووشەیە .

بەهرەمەند [١٧] و شارەزاترینی ئەمانـە واگومـان دەبـات کـە واتـای ئەم ووشەیە بریتیە لەوەی کە (جگە لە خوا کەس بەدیهێنەر و ڕۆزیـدەر نییە) کەوابوو قەت ئەو کەسە خێری تێدا نیە و چاك نیە کە نەفامی بـێ باوەڕان لە واتای (**لا إلَهَ إلاَّ اللَّهُ**)دا لەو زاناتر بن .

---

[١٧] ئەمە لەوەی پێشوو کە (وادەزانـێ تـەنها گـۆکردنی پیتەکانیـەتی ...) شـارەزاترە بەڵام بەواتایەکی هەڵە مانای دەکات ئەڵێت (جگە لەو کـەس بەدیهێنـەر و ڕۆزیـدەر و ... نییە) بەم شێوە مانا کردنی هەڵەیە ، یان هەندێ کەس دەڵێن واتاکەی بریتییە لە (لا معبود إلا الله) واتە : هیچ پەرستراوێك لە بونەوەردا نییە ، ئەمەش هەڵەیە ، ئـەنجا وانییە چونکە شتانێکی زۆر هەن جگە لە خوا دەپەرسترێن لە بونەوەردا ، بـەڵام واتـای دروست بۆ (**لا إلَهَ إلاَّ اللَّهُ**) ئەوەیە بڵێیت : هیچ پەرستراوێك نییـە شایسـتەی پەرسـتن بێت جگە لە خوا .

ئەگـەر ئـەوەت زانـی کـە بـۆم بـاس کـردی بـەزانینی دڵ [١٨] ، وە هاوبەشدانانت بۆ خوا ناسی کە لە باسـیدا دەفـەرموێ : ﴿**إن اللّٰه لا يغفر أن يشرك بِهِ ويغفِر ما دونَ ذَلك لِمن يشاء**﴾ [سورة النساء : (١١٦)] .

واتە : بەڕاستی خوا لە کەسێ خۆش نابێت کە هاوبەشـی بـۆ دابنـێ بەڵام خۆش دەبێت لە جگە لە شیرك بۆ هەر کەسێ بیەوێ .

وە ئەگەر ئاینی خوات ناسی کـە خـوا جگـە لـەوە لـە هـیچ کەسـێك شتی تر قەبووڵ ناکات ئەو ئاینەی کە پێغەمبەرانی پـێ نـاردووە و هـەر لە یەکەمیانەوە تا دواین پێغەمبەریان .

وە لە گەڵ ئەمانەدا زانیت زۆربەی زۆری خەڵکی چەند نـەفامن بـەم مەسەلەیە[١٩] ، ئەوا ئەمانە دوو سودت پێدەگەیەنن :

یەکـەم : دڵ خـۆش بـوون بەبەخشـش و ڕەحـم و سـۆزی خـوا وەك خوای گـەورە دەفـەرموێت : ﴿**قُلْ بِفَضل اللّٰهِ وبرحمتِهِ فَبِذَلك فَليفْرحوا هو**

---

[١٨] واتە زانین بە دڵ نـەك تـەنها بـە زمـان بڵێـت : لـە ماناکـەی گەیشـتووم ، زانایـان پێناسەی زانستیان کردووە بەوەی کە بریتییە لە : دڵدابەستن و باوەڕبونێکی بێ گومـان و دەقاودەق وەك لەبوندا هەیە . داناکـان وتوویانـە زانسـت بریتییـە لـە : بەدەسـتهێنان و بوونی ڕەسمی شت لە ئەقڵدا . بڕوانە : (معجم التعريفات)ی (الـجرجانـي) ل : (١٣٠) .

[١٩] واتە نەفامن بە یەکخواپەرستی (توحيد) و هاوبەشـدانان (شـرك) تەنانـەت نـازانن جیاوازی لە نێوانیاندا بکەن ! بەڵکو قسەو تانەو تەشـەر دەگـرن لـە یەکخواپەرسـتان و شوێنی موشریکەکان دەکەون .

**خير مما يجمعـونَ﴾**[٢٠] [سـورة يـونس : (٥٨)] واتـه : بڵـێ : بـه فـەزڵ و ڕەحمەتی خوا ئەبێ شـاد بـن چـونکه فـەزڵ و ڕەحمـەتی خـوا باشـتره لەوەی کۆی دەکەنەوە .

دووەم : ترسانێکی زۆر ، چـونکه ئەگـەر تـۆ زانیـت ئینسـان بەیـەك ووشه که بەزمانی بیڵێت ، کـافر بێتـەوە لەوانەیـە ئـەو وشـەیە بڵێـت و حوکمیشی نەزانێت بەڵام ئەو نەزانینـه نـابێ بـەبیانو [٢١] ، هەنـدێ جـار

---

[٢٠] ﴿**بِفَضلِ اللّهِ**﴾ واته : به ئیسلام ، ﴿**وبِرحمتِهِ**﴾ واته : قورئان ، ﴿**فَلْيفْرحوا**﴾ واته : دڵخۆشبونی سوپاس و دانـان به نیعمەتەکانی خوا ، ئەم خۆشییەش دروستـه چـونکه سوپاسی خوایە لەسەر نیعمەتی یەکخواپەرستی و ناسینی شیرك . بڕوانه (شرح كشـف الشبهات)ی شێخ فوزان ل : (٦٨) .

[٢١] شێخ محمد بن صالح العثيمين ڕەحمەتی خـوای لێبێـت دەفـەرموێت : (قسـەی ئێمـه لەسـەر ئـەم ڕستەیەی دانـەر ڕەحمـەتی خـوای لێبێت ئەمەیـه : واگومـان نابـەم شـێخ ڕەحمەتی خوای لێبێت باوەڕی وابێت که نەزانین بیانوو نەبێت (العذر بالـجهل) مەگەر بۆ کەسێك کەمتەرخەمبێت له وەرگرتن و فێربونی زانستدا بۆ نـمونه : کەسێك هـەق دەبیسێت بەڵام بایەخی پێنادات و هەوڵی فێربونی نادات ئەم جـۆرە کەسـانه پاسـاویان لێ قەبوڵ ناکرێت ، کاتێك دەڵێم گومان نابەم شێخ وابڵێت چونکه قسەیەکی تری هەیه بەڵگەیە لەسەر هەبوونی بیانوو لە کاتی نەزانیندا ، پرسیاری لێ کراوە ڕەحمەتی خـوای لێبێ دەربارەی ئەوشتانەی جەنگی لەسەر بکرێ ؟ و ئەو شتانەی کەسی لەسەر تـەکفیر بکرێت ؟ ئەویش لە وەڵامـدا فەرموویـەتی : پایـەکانی ئیسـلام پێـنجن ، یەکـەم پایـه بریتییه له شایەتومان ، پاشان چوار پایەکەی تر ، ئەم چوار پایە ئەگەر کەسێك باوەڕی پێیان هەبوو بەڵام وازی لێیان هێنا ئێمە با جـەنگی لـه گـەڵ بکـەین لەسـەر نـەکردنی بەڵام تەکفیری ناکەین تـەنها بـه نـەکردنی . لـه کاتێکـدا زانایـان ڕایـان جیـاوازه لـه=

ئـەو كـوفرە دەكـات و واش دەزانـێ لـە خـوا نزيكـی دەكاتـەوە وەك موشريكەكان گومانيان وابوو . بـە تايبـەت ئەگـەر خـوای گـەورە مانـای ئەوەت فێركات لـە گێڕانـەوەی بەسـەرهاتی قەومەكـەی موسـا [٢٢] هـەر چەندە پياو چاك و شـارەزابون كـە هـاتن بـۆ لای موسـا داوايـان كـرد و وتيان : ﴿اجعل لنا إلها كما لهم آلهةٌ﴾ [سورة الأعراف : (١٣٨)] .

واتە : تۆيش پەرستراوێكمان بۆ دابنێ هەروەك چۆن ئەوان چـەندين پەرستراويان هەيە .

ئەگەر ئەمانەت زانی ئـەو كاتـە پێداگری و ترسـت لـە دڵدا گـەورە دەبێ بۆ ئەوەی لەم شـتانە و جـۆری ئەمانـە ڕزگـارت بكـەن ، ئـەوەش بزانـە لـە دانـايی خـوا ئەوەيـە كـە هـەر پێغەمبـەرێكی نـاردبێ بـەم

---

=حوكمی كەسێك ئەم چوار پايانە نەكات بە تەمـەڵی و بـەبێ نكـوڵی كـردن ، ئێمـەش كەس بە هيچ شتێك تـەكفير ناكـەين ئـەو شـتانە نـەبێت زانايـان كـۆڕان لەسـەری وەك شايەتومان . ئەمەش كاتێك خەڵكی لەسەر تەكفير دەكـەين دوای پێناسـاندن ، ئەگـەر ناسی و ئينكاری كرد ...) . بڕوانـە (شرح كشـف الشـبهات) ل : (٩٩) زۆر گـرنگ و پێويستە .

[٢٢] قەومی موسا واتە : بەنی ئيسرائيل ئەوانەی باوەڕيان بە موسا هێنابوو ، لـە كـەڵ موسادا سەلامی خوای لەسەربێ لە ميسر هـەڵهاتبوون لـە دەسـتی فيرعـەون ، كاتێـك بەلای كەسانێكدا تێپەڕين خۆيان دابوو بەسەر چـەند بتێكـدا دەيانپەرسـتن ، ئـەمانيش هاتن بۆ لای موسا و وتيان ﴿اجعل لنا إلها كما لهم آلهةٌ﴾ ئەويش سەرزەنشتی كردن و وتی : ﴿إنكم قوم تجهلونَ﴾ واتە : بەڕاستی ئێوە كەسانێكی نەفام و نەزان كارن .

یەکخواپەرستییە چەندەها دوژمنی بۆ داناوە [(٢٣)] وەك دەفەرموێ :

﴿وكذلك جعلنا لكل نبي عدوا شياطين الإنس والجن يوحي بعضهم إلى بعض زخرف القول غرورا﴾ [سورة الأنعام : (١١٢)] واتە : ئەی پێغەمبەر هەروەك چۆن بۆ هەموو پێغەمبەرێك دوژمنمان داناوە ئاوایش بۆ تۆ دوژمنمان داناوە لە شەیتانەکانی مرۆڤ و جنۆکە کە قسەی ڕازێنراوە و فریودەر و بێبنەوا بە نهێنی یەوە بە یەکتر دەگەیەنن .

---

(٢٣) چونکە بونی دوژمن هەق پاك و ڕۆشن دەکاتەوە بە هۆی ململانێ کردنیان ، کە نەیار هەبوو بەڵگەی کەسی دووەم بەهێزتر دەبێت ، ئەمەی خوای گەورە بۆ پێغەمبەرانی داناوە بۆ شوێنکەوتوانی ئەوانیشی داناوە ، ئەو تاوانکار و ستەمکارانە دەستدرێژی دەکەنە سەر پێغەمبەران و شوێنکەوتوانیان و ئەوەی هێناویانە بۆ خەڵك ، ئەوەش بە دوو شت : یەکەم : گومان و دوودڵی دروستکردن ، دووەم : دوژمنکاری و دژایەتی .

خوای گەورە لەبەرامبەر گومان و دوودڵی دروستکردندا دەفەرموێ : ﴿وكفى بربك هاديا﴾ واتە : خوا بەسە بۆ ڕێنماییکردنی کەسانێك دوژمنانی پێغەمبەران بیانەوێ لەخشتەیان ببەن .

وە خوای گەورە لەبەرامبەر دەستدرێژی و دوژمنکاریدا دەفەرموێ : ﴿ونصيرا﴾ واتە : خوا بەسە بۆ سەرخستنی کەسانێك دوژمنانی پێغەمبەران بیانەوێ دایان بمرکێننەوە و کۆتاییان پێبهێنن . بڕوانە (شرح کشف الشبهات)ی ابن العثيمين ل : (١١٤) بە کورتی .

زۆر جار دوژمنانی یەكخواپەرستی خاوەنی چەندین زانیاری و پەڕاو وبەڵگەن (٢٤) وەك خودا دەفەرموێ : ﴿فَلَمَّا جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَرِحُوا بِمَا عِندَهُم مِّنَ الْعِلْمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ﴾ [سورة غافر : (٨٣)] واتە : كاتێ پێغەمبەرەكانیان بە بەڵگەی ڕونەوە دەهاتنەلایان ئەوان دڵشادبوون بەو زانینەی كە لایانبوو ، وە ئەو سزایەی كە بە گاڵتەیان دائەنا دایانیگرتەوە .

گەر ئەوەت زانی كەباس كرا ، وە زانیت ڕێگەی بەرەو خوا چوون چەندین دوژمنی خاوەن ڕەوانبێژی و زانیاری هەیە لە سەر ئەو ڕێگەیە دانیشتوون بەردەوام بۆ لادان و گومڕا كردنی خەڵكی ، ئەوا پێویستە لەسەرت (٢٥) ئەوەندە فێربیت لەم ئاینە كە ببێتە سیلاحێك بۆ جەنگین

---

(٢٤) زانست هەركاتێك لە قورئان و سوننەتدا بەكارهێنرا مەبەست پێی زانستی شەرعی یە . وەك شێخ ابن باز دەفەرموێت لە كتێبی (العلم وأخلاق أهله) زانستی شەرعی : بریتییە لەو میراتەی لە پێغەمبەرانەوە بە جێماوە ، بەڵام زانستی دوژمنانی یەكخواپەرستی بریتییە لە خەون بینین و شتی بەتاڵ و بێ بنەما ، جاری واش هەیە دەنوسێن بە بەڵگەیەكی (صحیح)ەوە بەڵام لێی تێناگەن و لەڕاستیشدا بەڵگە نییە بۆ ئەو بەتاڵەی دەیانەوێت و بەڵكو بەڵگەیە لەسەریان .

(٢٥) فێربونی زانست و حوكمە شەرعییەكان بە پێی ئەنجامدەر لە زانستی ئوسوڵدا دەبێتە دوو بەشەوە :

**یەكەم** : فەرزی (عین) كە لە سەر هەموو موسڵمانێك پێویستە .

**دووەم** : فەرزی (كفایة) كە لەسەر هەموو موسڵمانان پێویستە ئەگەر هەندێك لە موسڵمانان كردیان لەسەر ئەوانیتر دەكەوێت .=

لە گەڵ ئەو شەیتانانەی کە پێشەواکەیان بە خوای پەروەردگاری ووتووە : ﴿**لأقْعدن لهم صِراطك المستقِيم (١٦) ثُم لآتِينهم مِن بين أيدِيهم وِمن خلْفِهم وعن أيمانِهم وعن شمآئِلِهم ولا تجِد أكْثَرهم شاكِرِين (١٧)**﴾ [سورة الأعراف] واتە : من لە سەر ڕێگای ڕاستی تۆ بۆیان دادەنیشم بۆ لادانیان لە هەموو لایەکەوە بۆیان دێم : لە پێشیانەوە و لە پشتیانەوە و لای ڕاستیانەوە و لای چەپیانەوە و ناشبینیت زۆربەیان سوپاسگوزار بن .

---

= فەرزی (عین) دەکرێتە دووبەشەوە :

**یەکەم** : فەرزی عەینی گشتی و هاوبەش : ئەم بەشە لەسەر هەموو تاکێکی موسڵمان واجبە ، هەموو کەسێك لە موسڵمانان پێویستە بیزانێت وەك : پایەکانی ئیسلام و حەرامکراوە ئاشکراکان ... هتد .

**دووەم** : فەرزی عەینی تایبەت : بریتیە لە تەواوی ئەو حوکمانەی کە پەیوەندن بەو واجبەی کە لە سەر کەسی تایبەت واجب بووە ، نموونەی کەسێك کە ناتوانێت زەکات بدات یان حەج بکات واجب نی‌یە لەسەری هەموو حوکمەکانی زەکات یان حەج بزانێت بە پێچەوانەی ئەو کەسەی کە دەتوانێت بیانکات ئەوە واجبە لە سەری بە وردی حوکمەکانیان بزانێت ، (ابن أبي العز) لە (شەرحی طحاویة)دا دەفەرموێ (... فمن وجب عليه الحج والزكاة مثلا ، يجب عليه من الايمان أنْ يعلم ما أمر به ، ويؤمن بأنّ الله أوجب عليه ما لا يجب على غيره الإيمان به إلا مجملاً ، وهذا يجب عليه فيه الإيمان المفصل ، وكذلك الرجل أول ما يسلم إنما يجب عليه الإقرار المجمل ، ثمّ إذا جاء وقت الصلاة كان عليه أنْ يؤمن بوجوبها ويؤديها فلم يتساو الناس فيما أمروا به من الإيمان ...) ل : (٣٧٧ - ٣٧٨) چاپی المكتب الإسلامي ، بڕوانە : مجموع الفتاوى : (٢٨/ ٨٠) .

بەڵام لە گەڵ ئەمەشدا ئەگەر ڕووبکەیتە خوا[٢٦] و گوێ ڕاگریت بۆ بەڵگە و ڕونکردنەوەکانی ، ئەوا هیچ مەترسە : ﴿إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفًا﴾ [سورة النساء : (٧٦)] واتە : بەڕاستی فرۆفێڵی شەیتان لاواز و بێهێزە .

عەوامێکی یەکخواپەرستان سەردەکەوێت بە سەر هەزار زانای موشریکەکان [٢٧] وەك خوا دەفەرموێ : ﴿وَإِنَّ جُنْدَنَا لَهُمُ الْغَالِبُونَ﴾ [سورة الصافات : (١٧٣)] واتە : بەڕاستی سەربازەکانی ئێمە سەرکەوتوون .

---

[٢٦] شێخ محمد بن ابراهيم آل الشيخ ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت : (ئەگەر ڕوبکەیتە خوا) بەدڵ و بەگیان و شەیتان بزانێت بۆ لای خوا گەڕاویتەتەوە و تەنها پشتت بە ئەو بەستووە و بە تەواوەتی گوێڕاگریت بۆ بەڵگەکانی قورئان و سوننەت ، ئەو کاتە هیچ خەمبار مەبە و مەترسە لەو دوژمنانەی ڕێگرن لە سەر **ڕێگای ڕاست** ، چونکە تۆ ئەوەندە توێشووت پێیە بتپارێزێت لەو دژایەتی و ڕێگرتنە ، کاتێك ترست لەسەرە دوور بیت و پشتهەڵکەیت لە بەڵگەکانی خوا ، دڵتەنگی و ترس کاتێك ڕوت تێدەکەن کە دڵت ڕوونەکەیتە خوا و گوێنەگریت ، بەڵام ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ لای خوا ئەو کاتە ﴿إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفًا﴾ ، هەر چەندە بەش و چارەنوسی شەیتان لە هەزاردا (٩٩٩) نۆ سەد و نەوەد و نۆیە ، زۆریی حیزبی شەیتان بە هۆی هێزی هەڵخەڵەتاندن و ساختەی شەیتانەوە نییە ، بەڵکو هەڵخەڵەتاندنی لاوازە ، بەڵام زۆربەی خەڵکی گوێڕایەڵی دەکەن و دۆستایەتی دەکەن و زاڵی دەکەن بەسەر خۆیاندا ... بڕوانە (شرح كشف الشبهات) ل : (١١٨) .

[٢٧] شێخ فوزان دەفەرموێ : خەڵکی سێ بەشە :

١- کەسێك زانستی دروست و فیترەتی بێخەوشی پێبێت : ئەم بەشە بەرزترین پلەیە ، ئەم کەسەش کەسێکە دڵی ڕووکردووەتە خوا و گوێی ڕاگرتووە بۆ بەڵگەکانی خوا ، بۆیە زانستی دروست و فیترەتی بێ خەوشی بۆ پەیدا بووە .

سەربازانی خوا [(٢٨)] سەرکەوتوون لە بەڵگە و زماندا وەك چۆن لە شمشێربازیدا هەمیشە سەرکەوتوون .

بەڵام تەنها ترس لەسەر ئەو یەکخواپەرستەیە کە سیلاحی (بەڵگە)ی پێنیە [(٢٩)] .

خوای گەورە مننەتی خۆی لێناوین بەوەی قورئانی دابەزاندوە کە گێڕاویەتی بەوەی کە : ﴿تِبيانا لكُل شيءٍ وهدى ورحمةً وبشرى لِلْمسلِمِين﴾ [سورة النحل : (٨٩)] واتە : ڕونکەرەوەیە بۆ هەموو شتێك و هۆی ڕێنمایی و ڕەحمەت و موژدەیە بۆ موسڵمانان .

---

٢- کەسێك زانستی پێنەبێت بەڵام فیترەتی بێ خەوشی هەبێت ئەم کەسە عەوامی یەکخواپەرستانە .

٣- کەسێك نەزانستی دروستی پێبێت نە فیترەتی پاك و بێ خەوش بەڵکو تراویلکە(سراب)ی بێ هەقیقەت : ئەم کەسە لە بەرامبەر عەوامەکەدا دەدۆڕێت چ جای لە بەرامبەر زانایەکدا زانستی دروست و فیترەتی پاکی هەبێت ؟!

ئەم ڕونکردنەوەیە ئەوەت فێردەکەن کە فێربوونی زانستی سودبەخش دەبێتە سیلاح بۆ ئیماندار لە بەرامبەر دوژمنانی خوا و پێغەمبەردا (ﷺ) . (شرح كشف الشبهات) ل : (٨٠ – ٨١) .

(٢٨) دانەر ڕەحمەتی خوای لێبێت ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی سەربازانی خوا ، بەندە ئیماندارەکانی ئەوانەی خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەردەخەن ، بە دوو شت لە گەڵ خەڵکدا جیهاد دەکەن :

یەکەم : بەڵگە و ڕونکردنەوە ئەمەش بەرامبەر مونافیقەکان .

دووەم : بە شمشێر و سیلاحی جەنگ ئەمەش بەرامبەر کافرەکان ئەوانەی بێباوەڕی خۆیان ئاشکرا کردووە .

(٢٩) بڕوانە پەراوێزی ژمارە : (٢٥) .

هـيچ خـاوەن ناڕەواییـەك بەڵگەیـەك ناهێنێتـەوە ، بـە مسـۆگەری لـە قورئاندا ئایەت هەیە هەڵیبوەشێنێتەوە و پوچەڵییەكەی بەڕوونی دەرخـات وەك خـوا دەفـەرموێ : ﴿ولا يأتونك بمثل إلا جئناك بالحق وأحسن تفسيرا﴾ [سورة الفرقان : (٣٣)] واتە : هیچ نموونەیەك (بەڵگەیـەك)ت بـۆ ناهێننـەوە ئـیللا ئێمـە ڕاسـتی و باشـترین ڕونكردنـەوەت بـۆ دێـنین ، هەنـدێ لـە ڕاڤـەكاران ووتوویانە : (ئـەم ئایەتـە گشـتیـیە بـۆ هـەموو بەڵگەیـەك كـە ئـەهلی بـەتاڵ بیهێنێتەوە تا ڕۆژی قیامەت) .

من چەند شتانێكت بۆ بـاس دەكـەم [٣٠] لەوانـەی كـە خـوا لـە قورئانـدا باسی كردووە وەك وەڵامێك بۆ ئەو قسانەی كە موشریكەكانی ئەم سەردەمە دەیكەنە بەڵگە بەسەرمانەوە بۆیە دەڵێم :

وەڵامی ئەهلی بەتاڵ بە دوو ڕێگە دەبێ بە كـورتی (مجمـل) و بـە ورد و درێـژی (تفصـيل) ، وەڵامدانـەوە بـە كـورتی شـتێكی مەزنـە و سوودێكی گەورەیە بۆ ئەو كەسەی لێی تێبگات ، وەڵـامیش بـە كـورتی ئەم ئایەتەیە كە خوای گـەورە دەفـەرموێ : ﴿هو الذي أنـزل عليـك الكتاب منه آيات محكمات هن أم الكتاب وأخر متشابهات فأما الـذين في قلوبهم زيغ فيتبعون ما تشابه منه ابتغاء الفتنة وابتغاء تأويله﴾ [سورة آل

---

[٣٠] هەر لە سەرەتای كتێبەكەوە تا ئێرە پێشەكی بوو لە ڕونكردنەوەی ڕاستێتی ئـاینی پێغەمبـەران و بانگـەوازەكانیان ، لـە بەرامبەریشـدا ڕونكردنـەوەی نادروسـتی ئـاینی موشریكەكان ، ئەم ڕستەیە بابەت و ناوەڕۆكی كتێبەكەمان بۆ ڕوندەكاتەوە كە بریتیـە لە ڕەتكردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئەو گومان و شـوبهانەی هەنـدێك لـە موشـریكەكان خستبویانە نێو خواپەرستییەوە .

عمران : (٧)] واتە : هەر خوایە قورئانی دابەزاندووە بۆ سەر تۆ ـ ئەی محمد (ﷺ) ـ هەندێ لە ئایەتەکانی موحکەمن ئەم جۆرە ئایەتانەش بنەڕەتی ئایەتەکانی ترن ، وە هەندێ ئایەتیش هەن موتەشابیهن ، جا ئەوانەی کە دڵیان نەخۆشە شوێنی ئەم ئایەتە موتەشابیهانە دەکەون بە مەبەستی ئاشوب نانەوە و گۆڕینی ماناکانیان بەوەی دڵیان دەیخوازێت بۆ لادانی خەڵك لە سەر **ڕێگای ڕاستی** ئیسلام .

هەروەها بە (صـحیح) گەیشتووە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرمویەتی : ((إذا رأيتم الذين يتبعون ما تشابه منه فأولئك الذين سمى الله فاحذروهم)) رواه البخاري ومسلم [٣١] عن عائشة رضي الله عنها.

واتە : ئەگەر ئەو کەسانەتان بینی کە شوێنی بەڵگە لەیەکچووەکان دەکەون ئەوانە ئەو کەسانەن کە خوا ناوی لێناون بە شوێنکەوتوانی ئاژاوە و گۆڕینی مانای بەڵگەکان بۆ لادانی خەڵك لە سەر **ڕێگای ڕاستی** ئیسلام .

## [گومانی یەکەم]

نموونەی ـ ئەو کەسەی گەڕا بەدوای دەقی (متشـابه) و وازی لە (محکم) [٣٢] هێنا و تۆش بە (مجمل) وەڵامی بەیتەوە ـ ئەوەیە کە :

---

[٣١] صحيح البخاري : (٤٥٤٧) ، وصحيح مسلم : (٢٦٦٥) .

[٣٢] ئایەتی موحکەم بریتیە لەو ئایەتەی دەلالەتی ڕونبێت و ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت واتە : تخصيص و تأويل و نسخ . ئەم وشەیە (محکـم) لە قسەی=

ئەگەر هەندێ موشریك پێیان ووتی : ﴿أَلا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ [سورة يونس : (٦٢)] واتە : دۆستانی خوا ـ لە مردن بەدواوە ـ نەترسیان لە سەرە و نە خەم دەخۆن ـ بۆ ئەوەی بە جێیان هێشتووە لە کەسوکاریان ـ ، یان وتیان شەفاعەت ڕاستە و پێغەمبەران ڕێز و تەقدیریان هەیە یان هەر فەرمودەیەکی پێغەمبەریان (ﷺ) بۆ باس کردی و کردیانە بەڵگە بۆ هەرشتێکی پوچەڵیان و تۆ ماناکەت نەزانی وەڵامیان بدەوە و بڵێ خوای گەورە باسی ئەوانەی کردووە کە گومڕاییان لە دڵدایە بەوەی کە واز لە (محکم) دێنن و شوێنی (متشابه) دەکەون ، وە ئەوەشیان پێ بڵێ کە پێشتر باسم کرد کە خوا ئەوەی بۆ باسکردین کە موشریکەکان باوەڕیان بە پەروەردگارێتی خوا هەبوو وە کافر بوونیان بە هۆکاری دڵ پەیوەست بوونیان بە فریشتەکان و پێغەمبەران و پیاوچاکانەوە بوو لە گەڵ ئەوەشدا دەیان ووت : ﴿هَؤُلاءِ شُفَعَاؤُنَا عِندَ اللَّهِ﴾ [سورة يونس : (١٨)] واتە : ئەمانە تکاکار و

---

=عەرەبەوە وەرگیراوە کە گوتوویانە (بناءٌ محکم) واتە : تووند وتۆڵ بێت کە ترسی داڕوخانیت نەبێت .

ئایەتی (متشابه) بەو ئایەتە دەگوترێت کە دەلالەتی لە خودی ئایەتەکەدا شاراوەیە ، هەڵوێستمان بەرامبەر بەم دوانە ئاوایە :

محکم : باوەڕ بوون پێی ، زانینی واتاکانی ، کارپێکردنی .

متشابه : باوەڕ بوون پێی ، تەفسیر نەکردنی بە شتێك پێچەوانەی محکم بێت و دەبێت بە محکم تەفسیر بکرێت .

شەفاعەتکارمان لای خوا ، ئەم مەسەلەیە شتێکی (مُحکم)ە و ئاشکرایە و هیچ کەس ناتوانێ ماناکەی بگۆڕی ، ئەوەی باست کرد بۆ من ئەی موشریك لە قورئان و فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ) واتاکەی نازانم کە ئەو مانایە بدات کە تۆ مەبەستە [٣٣] بەڵام بێگومان باوەڕم وایە فەرمایشتەکانی خوا دژ بەیەك نین و فەرمودەکانی پێغەمبەریش (ﷺ) پێچەوانەی قورئانی پیرۆز نین .

---

(٣٣) بۆ نمونە ئێمەی سەلەفی لە پێشەکی ساڵەکانی نەوەد لە سەدەی ڕابردوو کاتێك دەمانگوت حزبایەتی و جیاوازی و دروستکردنی حیزب بە ناو ئیسلامەوە کارێکی خراپ و نارەوایە ، بە چەندین بەڵگەی قورئان و سوننەت لەوانە : ﴿**وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ (٣١) مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ (٣٢)**﴾ [سورة الروم] واتە : وەك موشریکەکان نەبن ئەوانەی ئاینەکەی خۆیان پەرتەوازە کردووە و بوونە بە چەند پێڕێکەوە و هەموو یەکێك لەو پێڕ و گروپانەش شانازی بە بەرنامەکەی خۆیەوە دەکات ، خەڵکانێك هەبوون لە بەرامبەر ئەم ئایەتانەدا باوەڕتان هەبێت ئایەتی : ﴿**إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ**﴾یان دەکردە بەڵگە !!! دەیانگوت وشەی (**نعبـد**) کۆیە ، کەوابوو دروستە ئێمەش کۆمەڵێك بین و حزبێکمان هەبێت ، ئێمەش زۆر بە ئاسانی ئەو شوبهەیەمان بەتاڵ دەکردەوە و دەمانگوت : وشەی (**نعبـد**) کۆیە و دەگەڕێتەوە بۆ هەموو موسڵمانان نەك موسڵمانان پارچە پارچە بن بۆ چەند حیزبێك . بۆ ئەم مەسەلەیە کتێبی : (حكم الإنتماء إلى الفرق والجماعات الإسلامية) و (الدعوة إلى الله بين التجمع الحزبي والتعاون الشرعي) ، هەروەها کتێبی : (**فەتوای گەورە زانایانی هاوچەرخی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە روونکردنەوەی حوکمی حزبایەتی و جیاوازی و پارچە پارچەگەرێتی**) بخوێنەوە زۆر بە سودن إنْ شاء الله .

ئەمە وەڵامێکی ڕاست ودروستە [٣٤] بەڵام تەنها ئەوانە لێی تێدەگەن کە خوا یارمەتیان بدات ، کەوابوو ئەم وەڵامە بە کەم مەزانە وەك خوا دەفەرموێ : ﴿**وما يلقاها إلا الذين صبروا وما يلقاها إلا ذو حظ عظيم**﴾ [سورة فصلت : (٣٥)] واتە : هیچ کەس ناگاتە ئەم پلەیە مەگەر کەسانێ نەبێت کە خۆڕاگر بن ، وە تەنها کەسانێ دەگەنە ئەو پلەیە کە بەشێکی گەورەیان هەبێ لە بڕاوا و ئاکاری چاك .

بەڵام وەڵامی دور و درێژ ئەوەیە : دوژمنانی خوا چەندین ڕەخنە و بەرهەڵستییان هەیە لەوەی پێغەمبەران هێناویانە کە بەوانە خەڵکی لە **ڕێگای ڕاستی** پێغەمبەران دەگێڕنەوە و لاڕێیان دەکەن ، یەکێك لەو بەرهەڵستییانە ئەوەیە کە دەڵێن : ئێمە شەریك بۆ خوا بڕیار نادەین بەڵکو شایەتی دەدەین کە هیچ کەس توانای بەدیهێنان و ڕۆزیدان وسودبەخشین و زیانگەیاندنی نیە جگە لە خوا ، هیچ هاوەڵێکی نیە ، وە شایەتی دەدەین کە محمد (ﷺ) سودبەخشینی بەدەست نیە و ناتوانێ زیان لە خۆی دوورخاتەوە چ جای (عبد القادر)[٣٥] ، یان غەیری

---

[٣٤] واتە : ئەو وەڵامەی لە بەرامبەر نەیارەکەتدا بلێیت : قسەکانی خوا نەساز و دژ بەیەك نین ، فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) موخالەفەی قورئان ناکات ، واجبیش لەسەرمان ئەوەیە ماناکردنی (متشابه) بگێڕینەوە بۆ لای (محکم) . بڕوانە : شرح کشف الشبهات لابن العثيمين ل : (١٣٦) .

[٣٥] ناوی (عبد القادر)ی کوڕی (موسى)ی کوڕی (عبد الله)یە ، نازناوی (أبو محمد محي الدين)ی گەیلانییە ، دامەزرێنەری تەریقەتی قادری یە ، یەکێکە لە گەورە زاهیدان و سۆفییەکان ، لە ساڵی (٤٧١) لە گەیلان کە دەکەوێتە پشتی (تەبرستان)ەوە لە دایك=

ئەو ، بەڵام من مرۆڤێکی تاوانبارم و پیاوچاکان پلە و پایەیان لای خوا هەیە بۆیە بەواسیتەی ئەوان داوا لە خوا دەکەم .

کەوابوو تۆیش بەو شێوەیە وەڵامی بدەوە کە لە پێشتردا باسکرا ، کە بریتیە لەوەی : ئەوانەی (پێغەمبەر ﷺ) جەنگی لە گەڵ کردن ئەوەی تۆ دەیڵێی ئەوانیش دەیانگوت و دانیان بەوەدا دەنا کە بتەکانیان هیچ شتێکیان بەدەست نیە تەنها پلە و پایەیان مەبەست بوو ، ئەنجا ئایەتەکانی قورئانیان بەسەردا بخوێنە کە بەڵگەن بۆ ئەم مەسەلەیە و ڕونیکردوەتەوە .

## [گومانی دووەم]

ئەگەر ووتی : ئەو ئایەتانە بۆ ئەو کەسانە دابەزیوە کە بتیان دەپەرست ، چۆن پیاوچاکان دەبەنە ڕیزی بتەکانەوە ؟ یان چۆن پێغەمبەران دەکەنە بت ؟ ئەوا بەوەی پێشوو وەڵامی بدەوە [٣٦].

---

=بووە، لە تەمەنی لاوێتیدا لە ساڵی (٤٨٨)دا ڕۆیشتوە بۆ شاری (بەغداد) ، لەوێ گەیشتوە بە مامۆستایانی زانست و تەصەوف ، و لە شێوازەکانی وتار و ئامۆژگاریدا هەڵکەوت ، و خۆی شارەزا کردوە لە شەریعەت ، و گوێبیستی فەرموودەش بوو ، و ئەدەبیشی خوێند ، و ناوبانگی دەرکرد ، و خواردنی دەستی خۆیی دەخوارد ، ئامادەی وانە وتنەوە و فەتوادان بوو لە (بەغداد)دا لە ساڵی (٥٢٨)دا ، و حەنبەلی مەزهەب بووە ، وە لە ساڵی (٥٦١)دا هەر لە شاری (بەغداد) مردوە ڕەحمەتی خوای لێبێت ، چەندین کتێبی هەیە لەوانە : (الغنیة لطالب طریق الحق) جگە لەمەش ، ئیمامی (الذهبي) لە کتێبی (سیر أعلام النبلاء)دا (٢ / ٤٥١) بە دور و درێژی باسی ژیانی کردوە و لە کۆتاییکەیدا فەرموویەتی : (بە گشتی شێخ عبد القادر پلەوپایەی گەورەیە و چەند ڕەخنەیەکی لە سەرە سەبارەت بە هەندێ لە وتەکانی و هەندێ لە بانگهێشتەکانی ، وە هەندێ لەوانەش زیادەڕۆی تێدا کراوە ، والله أعلم ) .

[٣٦] بڵێ هەر کەسێ غەیری خوای پەرست ، ئەوە (وثن)ی کردووە بە پەرستراوی خۆی چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان کەسێکدا بت بپەرستێت یان پێغەمبەران و پیاوچاکان=

كــەوابوو ئەگــەر دانــی بــەوەدا نــا کــە بــیٚ باوەڕەکــان شــایەتی پەروەردگاریٚتی بۆ خوا دەدەن و تەنها مەبەستیان شەفاعەت بوو لەو بتانە ، بەلاٚم ئەم موشریکەی ئیٚستا بەم شوبهەیەی دەیەویٚت جیاوازی بخاتــە نیٚــوان کردەوەکــەی خــۆی و ئەوانــەی موشــریکەکانی پیٚشــوو دەیانکرد ، تــۆش ئــەوەی بــۆ ڕونکــەوە کــە بیٚباوەڕان تیٚیانــدا هــەبووە هــاواری کردووەتــە بتــەکان و هــی واشــیان هــەبووە هــاواری کردووەتــە دۆستانی خوا (أولياء)[٣٧] ئەوانەی کە خوا باسیان دەکات : ﴿**أولئـك الذين يدعونَ يبتغونَ إلى ربهم الوسيلةَ أيهم أقْرب**﴾ [سورة الإسراء : (٥٧)] .

واتە : ئەوانەی کەوا دەیانپەرستن (داوایان لیٚ دەکەن) خۆیان لە هۆیەك دەگەڕیٚن کە خۆیانی پیٚ لە پەروەردگاریان نزیك بکەنەوە .

وە هاواریان دەکردە عیسای کوڕی مەریەم و دایکی ، خوای گەورە دەفەرمویٚ : ﴿**ما المسيح ابن مريم إلا رسولٌ قد خلت من قبله الرسلُ وأمه**

---

=لە کاتیٚکدا هیچ کەس لەوانە نەتوانیٚت هیچ شتیٚك بۆ بەندەکانی بکات . وتـەی شـیٚخ ابن العثيمين ل : (١٤٢) .

[٣٧] بەم وەلاٚمە ساختە و درۆکەی ئاشکرا دەبیٚت کە دەلیٚت موشریکەکان تـەنها بتیـان دەپەرست ، بەلاٚم جەنابی دۆستانی خوا و پیاوچاکان دەپەرستیٚت .

یەکەم : ئەو ساختەیەی دەیکات ڕاست نییـە ، چـونکە لـەو موشـریکانە هـەبوو پیاوچاکانی دەپەرست .

دووەم : گریمان ئـەو موشـریکانە تـەنها بتیـان دەپەرسـت ، ئـەو کاتـەیش هـیچ جیـاوازی لـە نیٚـوان ئـەم و موشـریکەکانی پیٚشـودا نییـە ، چـونکە هـەموو کەسـانیٚك دەپەرستن هیچ سودیان پیٚ نابەخشن .

صِديقةٌ كانا يأكُلاَن الطعام انظُر كَيف نبين لَهم الآياتِ ثُم انظُر أنى يؤفكُـونَ (٧٥) قُلْ أتعبدونَ مِن دون اللّهِ ما لاَ يملِك لكُم ضرا ولاَ نفْعا واللّـه هـو السمِيع الْعلِيم (٧٦)﴾ [سورة المائدة] .

واتە : مەسیح (عیسا)ی کوڕی مەریەم هیچ نیە تەنها پێغەمبەرێك نەبێت پێش ئەویش پێغەمبەری تر هەبوون ، وە دایکیشی ڕاستگۆ بوو ، هەردووکیان خۆراکیان دەخواد [واتە : خوا نەبوون بەڵکو بەندەی خوا بوون] بڕوانە چۆن نیشانەکانی خوا ڕوندەکەینەوە ؟ ئەنجا بڕوانە چۆن لە هەق دەگەڕێندرێنەوە ، بڵێ : ئایا بێجگە لە خوا شتێك دەپەرستن نە زیانێکی هەیە و نە سودێك لە کاتێکدا خوای گەورە بیسەر و زانایە .

وە ئەم ئایەتەیانەی بۆ باس بکە کەخوای گەورە دەفەرموێ :
﴿ويوم يحشرهم جمِيعا ثُم يقُولُ لِلْملاَئِكةِ أهؤلاَء إِياكُم كانوا يعبـدونَ (٤٠) قَالُوا سبحانك أنت ولينا مِن دونِهم بلْ كانوا يعبدونَ الْجِن أكْثَرهم بِهِم مؤمِنونَ (٤١)﴾ [سورة سـبأ] واتە : ڕۆژێ هەموویان کۆدەکەینەوە ، ئەنجا خوای گەورە بە فریشتەکان دەڵێ : ئایا ئەمانە ئێوەیان دەپەرست ؟ فریشتەکان دەڵێن : خوایە تۆ پاك و بێگەردی و تەنها تۆ پشتیوانی ئێمەی نەك ئەوان ، بەڵکو جنۆکەیان دەپەرست و زۆربەیان بەوانە بڕوادار بوون .

وە ئایەتی : ﴿وإِذْ قَالَ اللّه يا عِيسى ابن مريم أأنت قُلـت لِلنـاس اتخِذُونِي وأمي إِلَهينِ مِن دون اللّهِ قَالَ سبحانك ما يكُونُ لِي أنْ أقُولَ ما

**ليس لي بحق إن كنت قلته فقد علمته تعلم ما في نفسي ولا أعلم ما في نفسك إنك أنت علام الغيوب﴾** [سورة المائدة : (١١٦)] .

واته : خواى گەورە فەرمووى : ئەى (عيساى كوڕى مەريەم) ئايا تۆ بە خەڵكت وتووە من و دايكم بكەن بە دوو پەرستراو جگە خوا ؟ عيسا ئەڵێ : پاكى و بێگەردى بۆ تۆ خوايە بۆ من ناشێ شتێ بڵێم كە هەقى من نيە ، ئەگەر وتبێتم ئەوا بەڕاستى تۆ دەيزانيت ، دەزانيت چى لە دەروونمدايە و من نازانم چى لە نەفسى تۆ دايە ، بەڕاستى هەر تۆ زاناى بە سەر نهێنييەكاندا .

ئەنجا پێى بڵێ لەميانەى ئەم ئايەتانەوە زانيت ئەوانەى كە دەگەڕانەوە بۆ لاى بتەكان خوا بە كافرى حسێب كردن ، هەروەها ئەوانەش كە گەڕانەوە بۆ لاى پياوچاكان هەر بەكافرى حسێب كردن ، وە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر ئەوە جەنگى لە گەڵ كردن .

## [گومانى سێيەم]

ئەگەر ووتى : كافرەكان دەيان پەرستن بەڵام من شايەتى دەدەم كە تەنها خوا قازانج و زيانى بەدەستە و هەموو شتێك بەدەستى ئەوە ، وە هيچ شتێكم لە جگە لەو ناوێ ، وە پياوچاكان هيچ شتێكيان بە دەست نيە ، بەڵام بۆيە دەگەڕێمەوە بۆ لايان ، بۆ ئەوەى لاى خواى گەورە شەفاعەتم بۆ بكەن !

وەڵام بۆ ئەم شوبهەيە ئەوەيە بڵێيت : ئەمە دەقاودەق قسەى بێ باوەڕەكان بوو ، ئەنجا ئەم ئايەتەى بە سەردا بخوێنەوە : ﴿**والذين**

اتخذُوا مِن دونِهِ أولياء ما نعبدهم إلا ليقربونا إلى اللهِ زلفَى﴾ [سورة الزمر : (٣)]
واتـە : ئەوانـەی جگـە لـە خـودا دۆسـتانێكیان بـۆ خۆیـان پـەیدا كردبـوو و هاواریـان تێكـردن و دەیانپەرسـتن بـە بیـانووی ئـەوەی پێداویسـتیەكانیان بەرزبێتەوە بۆ لای خودا و شەفاعەتیان بـۆ بكـەن ـ واتـە : دەیـانگوت ئێمـە دەزانین ئەوانە هیچ دروست ناكەن و ڕۆزی نادەن و هیچیان بە دەست نییـە ، بەڵام بۆ ئەوە دەیانپەرستین كە لە خوامان نزیك بكەنەوە ـ .

وە ئایەتی : ﴿ویقُولُونَ هؤلاء شفَعاؤنا عِند اللّهِ﴾ [سورة یونس : (١٨)] واتە : موشریكەكان دەیانگوت: ئەوانەی داوایان لێ دەكەین تكاكارمانن لای خودا.

پێویسـتە بزانیـت ئـەم سـێ شـوبهەیە(٣٨) لـە هـەموو شـوبهەكانیان گـەورەترن ، كـەوابوو ئەگـەر زانیـت خـوای گـەورە لـە قورئانـدا باسـی كردوون، وە بە باشی لێیان تێگەیشتی ئەوە ئەوانی تر زۆر ئاسان ترن.

## [گومانی چوارەم]

ئەگـەر ووتـی : مـن هـیچ كـەس ناپەرسـتم جگـە لـە خـوا ، ئـەو گەڕاننەوە و داواكردنە لە پیاوچاكان پەرستن نیە .

---

(٣٨) شوبهەی یەكەم : ئێمە بت ناپەرستین ، بەڵكو پیاوچاكان دەپەرستین .

شوبهەی دووەم : ئێمە مەبەستمان خوایە كە داواین لێدەكەین و خوادەپەرستین .

شوبهەی سێیەم : ئێمە نایانپەرستین بـۆ ئـەوەی سـودمان پێبگەیـەنن یـان زیانمـان پێببەخشن ، چونكە سـود و زیـان بەدەسـتی خوایـە ، بـەڵكو بـۆ ئـەوەی لـە خوامـان نزیككەنەوە ، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە شەفاعەتمان بۆ بكەن . بڕوانە (شـرح كشـف الشبهات) لابن العثيمين ل : (١٥٠) .

تۆش پێی بڵێ : ئایا تۆ دان بەوەدا دەنێی کە خودا دڵسۆزیی (إخلاص)ی لەپەرستندا فەرز کردووە لە سەرت ؟ وە مافی خۆیەتی بەسەرتەوە ؟ ئەگەر ووتی : بەڵێ .

تۆش پێی بڵێ : ئەو دڵسۆزیەی کە فەرزە لە سەرت (لە پەرستنی خوادا بە تاك و تەنهایی) کە مافی خوایە بە سەرتەوە بۆم ڕوونکەرەوە ، بێگومان نەدەزانێ پەرستن چیە و نەجۆرەکانی دەزانێ .

تۆ ڕوونی کەوە و بڵێ خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿**ادعوا ربكم تضرعا وخفية إنه لا يحب المعتدين**﴾ [سورة الأعراف : (٥٥)] واتە : داوا لە پەروەردگارتان بکەن بە ملکەچی و هێمنییەوە - بە بێ هاوار و خۆدەرخستن - بەڕاستی خودا لە سنور دەرچووانی خۆش ناوێت .

ئەگەر ئەوەت پێ ڕاگەیاند کە داواکردن پەرستنە ، ئەنجا پێی بڵێ : ئایا زانیوتە ئەم پەرستنە بۆ خوایە ؟

ناچار دەبێ بڵێ : بەڵێ نزا و پاڕانەوە کاکڵی پەرستنە [٣٩] ، ئەنجا پێی بڵێ : ئەگەر دانت بەوەدا نا کە نزا و پاڕانەوە پەرستنی خوایە و

---

[٣٩] ئەو فەرمودەیەی کە هەندێ لە زانایانی فەرموودەناس ریوایەتیان کردووە کە ئەمە دەقەکەیەتی : (الدعاء مخ العبادة) ئەم فەرموودەیە هەر چەندە ماناکەی دروستە چونکە داواکردن کرۆك و پوختەی پەرستنە و داواکار کاتێك داوا لە خوا دەکات کە هیوای بە کەس نامێنێت تەنها بە خوا نەبێت ، ئەمەش خواپەرستی و دڵسۆزی ڕاستەقینەیە و هیچ پەرستنێك لەمە مەزنتر نیە ، بەڵام وەکو فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموودەیەکی لاوازە (ضعیف)ە ، ئیمامی (الترمذي) ریوایەتی=

بە شەو و ڕۆژ و بە ترس و بە تەماوە داوات لە خوا کرد ، پاشان لە پێویستییەکدا داوات لە پێغەمبەرێك یان کەسێکی تر کرد ، ئایا کەسێکی ترت نەکردووە بە هاوەڵی خوا لەو پەرستنەدا ؟ ناچار دەبێ بڵێ : بەڵێ [٤٠] .

تۆش پێی بڵێ : ئەگەر کارت بەم ئایەتەی خوا کرد کە دەفەرموێ : ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ﴾ [سورة الكوثر : (٢)] واتە : نوێژ بۆ خودا بکە و

---

=کردووە لە (ئەنەسی کوڕی مالیکەوە) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی : (الدعاءُ مخ العبادة) ، ئیمامی (الترمذي) دوای ریوایەت کردنی هەر خۆی ئاماژەی بۆ لاوازێتی کردووە بەم وتەیە : (هذا حديث غريب من هذا الوجه ، لا نعرفه إلا من حديث ابن لهيعة) ، هەروەها (المباركفوري)ش لە کتێبی (تحفة الأحوذي)دا : (٩ / ٢٨٧ ـ ٢٨٨) ، هەروەها فەرموودەناسی سەردەمیش پێشەوا (الألباني) لەم کتێبانەدا : (ضعيف سنن الترمذي) رقم : (٣٣٧١) و (ضعيف الترغيب والترهيب) رقم : (١٠١٦) و (ضعيف الجامع الصغير) رقم : (٣٠٠٣) .

بەڵام هەر لەم بارەیەوە ئیمامی (الترمذي) لە پاش ئەم فەرموودە فەرموودەیەکی تری بە (صەحیح)ی ریوایەت کردووە لە (نعمانی کوڕی بەشیر)ەوە کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((الدعاءُ هو العبادة)) واتە : داواکردن و پاڕانەوە پەرستنە ، ئیمامی (الترمذي) دوای ریوایەت کردنی فەرموویەتی : (هذا حديث حسن صحيح) ، هەروەها پێشەوا (الألباني) بە (صەحیح)ی داناوە لەم کتێبانەدا (صحيح سنن الترمذي) رقم : (٢٩٦٩) و (٣٢٤٧) و (٣٣٧٢) و (صحيح أبي داود) رقم : (١٤٧٩) و (صحيح الترغيب والترهيب) رقم : (١٦٢٧) و (صحيح الجامع الصغير) رقم : (٣٤٠٧) .

[٤٠] ئەمە ئەگەر کەسێك جارێك لە پێویستییەکدا داوا لە جگە لە خوا بکات ، ئەی ئەوانە حاڵیان چۆنە کە شەو و ڕۆژ لە هەموو هەڵس و کەوتێکیاندا دەڵێن : (یا ئیمام حسین) .. (یا شێخ عبد القادر) .. (یا غەوث) .. (یا پیری ..) ... هتد !!!

حەیوان بۆ ئەو سەر برە ، وە گوێڕایەڵی و سەر بڕینت بۆ خوا کرد (٤١) ، ئایا ئەمە پەرستنە یان نا ؟ ناچار دەبێ بڵێ : بەڵێ .

---

(٤١) ئەمە نموونەیەکی ترە لە سەر هەمان بابەت ، مەبەستیش لەم دوبارەکردنەوەیە بە هێزکردن و تیژکردنی بابەتەکەیە ئەگینا مرۆڤی ژیر ئاماژەیەکی بەسە .

ئەنجا ئەوەش بزانە سەربڕین چەند جۆرێکی هەیە وەك شێخ (محمد بن صالح العثيمين) دەفەرموێت :

(یەکەم : بە مەبەستی گەورە ڕاگرتنی ئەو کەسەی حەیوانەکەی بۆ سەردەبڕیت و خۆت بە بچوکی ئەو دەزانیت و مەبەستت بەو کارەت نزیکبوونەوەیە لە کەسی ناو براو ، ئەم جۆرە پەرستنە تەنها ئەبێت بۆ خوای گەورە بێت بەو شێوەی خوای گەورە فەرمانی پێکردووە و ئەنجامدانی بۆ جگە لە خوا هاوبەشدانانی گەورەیە بۆ خوا ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿قُلْ إِنَّ صَلاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (١٦٢) لا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ (١٦٣)﴾ [سورة الأنعام : (١٦٢)] واتە : بڵێ ئەو نوێژانەی دەیکەم و ئەوەی سەری دەبڕم لەو حەیوانانەی کە فەرمانم پێکراوە و ئەوەی لە ژیانمدا دەیکەم و ئەوەی بەسەرمدا دێت و ئەوەی لەسەرم نووسراوە لە مردنمدا هەمووی بۆ خوایە و هی ئەوە ، ئەو خوایە هیچ شەریك و هاوەڵێکی نییە ، وە تەنها بەوەش فەرمانم پێکراوە ، وە من یەکەم کەسم کە ئەنجامیان بدەم .

دووەم : سەربڕین بە مەبەستی ڕێزنان لە میوان یان بۆ شایی و مارەبڕین و بۆنەکانی لەم شێوەیە ، ئەم جۆرەیان فەرمانی پێکراوە واجبە یان سوننەت ، بە بەڵگەی فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە دەفەرموێت : ((من كان يؤمن بـالله واليومِ الآخر فلْيكرِم ضيفَه)) [رواه البخاري رقم : (٦٠١٨) ومسلم رقم : (٤٧ و ٤٨)] واتە : هەر کەس باوەڕی بە خوای گەورە و ڕۆژی دوایی هەیە با ڕێز لە میوانەکەی بگرێت .=

تۆش پێی بڵێ : ئەگەر حەیوانێك بۆ دروست كراوێك سەر بڕیت پێغەمبەرێك بێت یان جنۆكەیەك یان شتانی تر ئایا لەم پەرستنەدا هاوەڵت بۆ خوا بڕیار داوە ؟ ناچار دەبێ دانی پێدا بنێت و بڵێ : بەڵێ ڕاستە.

---

=هەروەها بەڵگەی فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) كە كاتێك (عبد الرحمن)ی كوڕی (عەوف) ژنی هێنا پێی دەفەرموێت : ((أولم ولو بشاةٍ)) [رواه البخاري رقم : (٢٠٤٨) ومسلم رقم : (١٤٢٧)] واتە : دەعوەتی شایی بكە ئەگەر بە مەڕێكیش بێت .

[ئەڵێم (وەرگێڕ) : ئەوەش بزانە : ئەو سەربڕینانەی كە بۆ كاربەدەستان دەكرا بۆ نموونە لە كاتی هاتنیدا دەیەها حەیوان سەردەبڕا و بەجێدەما لە شوێنی سەربڕینەكەی ئەوە كارێكی ناڕەوایە و نابێت ئەنجام بدرێت ، بۆ ئەم مەسەلەیە بڕوانە كتێبی : (القول المفيد على كتاب التوحيد) (١ / ١٧٢) باب ما جاء الذبح لغير الله ] .

سێیەم : بە مەبەستی سود وەرگرتن لێی بە خواردن و بازرگانی پێوەكردن و چەندین مەبەستی تر لەم چەشنە ، ئەم بەشە دروستە ، ئەسڵ و بنەوا تیایدا حەڵاڵە بە بەڵگەی ئایەتی : ﴿**أولم يروا أنا خلقنا لهم مما عملت أيدينا أنعاما فهم لها مالكونَ (٧١) وذللناها لهم فمنها ركوبهم ومنها يأكلونَ (٧٢)**﴾ [سورة يس] واتە : باشە ئەو خەڵكە سەرنجیان نەداوە كە بە دەستی خۆمان ماڵاتمان بۆ دروستكردوون و ئەوانمان كردووە بە خاوەنی ، ئەنجا ئەو ماڵاتەمان رام هێناوە بۆیان هەندێكی بۆ سواری بە كاردەهێنن و لە گۆشتی هەندێكیشیان دەخۆن .

ئەم بەشەش جاری واهەیە پێویستە و جاری واش هەیە قەدەغە كراوە بە پێی شوێنی بەكارهێنانی . (شرح كشف الشبهات) لابن العثيمين ل : (٨٤ ـ ٨٥) .

ئەنجا دیسان پێی بڵێ : ئەو موشریکانەی کە قورئان لەسەریان هاتە خوارێ ئایا فریشتەو پیاوچاکان و (لات) و شتانی تریان دەپەرست ؟ ناچار دەبێ بڵێ : بەڵێ .

تۆش بڵێ : ئایا پەرستنی ئەوانە تەنها لە نزا و پاڕاننەوە و سەر بڕین و پەنا بۆ بردن و ئەو شتانەی وەکو ئەمانەن نەبوو ؟ ئەوان دانیان بەوەدا دەنا بەندەی خوان و لە ژێر دەسەڵاتی ئەودان ، وە تەنها خودایە کاروباری بونەوەر بەڕێوەدەبات ، بەڵام تەنها داوایان لێدەکردن و پەنایان بۆ دەبردن بە مەبەستی پلەوپایە و شەفاعەت بۆ کردن ئەمەش زۆر ڕون و ئاشکرایە

## [گومانی پێنجەم]

ئەگەر وتی ئایا تۆ ئینکاری تکاکاری (شەفاعەت)ی پێغەمبەر (ﷺ) دەکەیت و باوەڕت پێی نیە [٤٢]؟!

تۆش بڵێ : نا من ئینکاری تکاکاری (شەفاعەت)ی پێغەمبەر (ﷺ) ناکەم و بێ گومان باوەڕم پێیەتی ، بەڵکو پێغەمبەر (ﷺ) تکاکارە و

[٤٢] ئەهلی سوننە و جەماعە ئینکاری شەفاعەتی پێغەمبەر (ﷺ) ناکەن ، بەڵکو باوەڕیان پێیەتی و هیوایان بەرزە کە پێغەمبەر (ﷺ) شەفاعەتیان بۆ بکات ، تاقمە گومڕاکان ئینکاری شەفاعەتی پێغەمبەر (ﷺ) دەکەن وەك خەوارج و موعتەزیلە ، لە گەڵ ئەوەشدا ئەهلی سوننە تەنها لە خوا داوای شەفاعەت دەکەن ، هەروەها ئەهلی سوننە باوەڕیان بە هەموو جۆرەکانی شەفاعەت هەیە کە لە قورئان و سوننەتدا هاتوون بە تێگەیشتنی سەلەفی صالح لە هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان و شوێنکەوتوانی ئەوانیش بە چاکە ، ڕەزا و ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێت .

(شافع)ە و تکاکردنەکەشی قەبوڵ دەکرێ ، وە من هیوام هەیە شەفاعەتم بۆ بکات ، بەڵام ئەوە بزانە (شەفاعەت) هەمووی بە دەستی خوایە ، وەکو دەفەرموێ : ﴿قُل للهِ الشفَاعةُ جمِيعا﴾ [سورة الزمر : (٤٤)].

واتە : پێیان بڵێ : تکاکار و تکاوەرگرتن و تکاکردن هەمووی بە دەستی خوایە ـ ئەو کەسەی تکا دەکات خۆی لە خوا دەترسێ تا خودا ئیزنی نەدات ناتوانێ تکا بکات ـ .

وە ئەوەش بزانە تکاکردن (شەفاعەت) ناکرێ تەنها ئەو کاتە نەبێ کە خودا ئیزن بدات وەکو دەفەرمووێ : ﴿من ذَا الذِي يشفَع عِنـده إلا بِإذْنِه﴾ [سورة البقرة : (٢٥٥)] واتە : کێیە ئەوەی دەتوانێت تکا بکات لە لای خوا بە بێ مۆڵەتی ئەو ؟

وە پێغەمبەر (ﷺ) تکا بۆ هیچ کەسێ ناکات مەگەر بۆ ئەو کەسەی کە خوا بیەوێ پێغەمبەر (ﷺ) شەفاعەتی بۆ بکات خوای گەورە دەفەرمووێ : ﴿ولَا يشفَعونَ إلا لِمن ارتضى وهم من خشيتِه مشفِقُونَ﴾ [سورة الأنبياء : (٢٨)] .

واتە : فریشتەکان تکا ناکەن تەنها بۆ ئەو کەسانە نەبێت خوا لێیان ڕازیە و فریشتەکان دەترسن و ناوێرن هیچ سەرپێچیەك بکەن .

وە خوای گەورە تەنها بە یەکخواپەرستی ڕازیە وەکو دەفەرمووێ : ﴿ومن يبتغ غَير الإِسلَامِ دِينا فَلَن يقْبلَ مِنه﴾ [سورة آل عمران : (٨٥)] .

واتە : ئەوەی جگە لە ئاینی ئیسلام پەیڕەوی هەر ئاینێکی تر بکات لێی وەرناگیرێت .

**ئەگەر تكاكردن هەمووی بە دەستی خودا بێت و بەدی نەیەت مەگەر دوای ئیزنی ئەو نەبێت و پێغەمبەر (ﷺ) و کەسی تریش تکا بۆ هیچ کەس نەکەن هەتاوەکو خودا ئیزنییان نەدات بۆ کەسێ کە تکای بۆ بکرێ وە خوداش تەنها ئیزن بۆ یەکخواپەرستان دەدات ئەو کاتە بۆت ڕوون دەبێتەوە کە (تکاکردن) هەمووی بە دەستی خوایە .**

**منیش تەنها داوا لە خوا دەکەم و دەڵێم :خوایە بێبەشم نەکەی لە تکای پێغەمبەر (ﷺ) ، خوایە بیکەی بە تکاکارم لە ڕۆژی قیامەتدا (٤٣) یان چەندەهای وەکو ئەم پاڕانەوەیە .**

---

(٤٣) نابێ موسڵمان پاڵداتەوە و بڵێت پێغەمبەر (ﷺ) **تکا** و شەفاعەتم بۆ دەکات یان لەم دونیایە بڵێت : (**یا رسول الله** : ئەی پێغەمبەری خوا) تکام بۆ بکە یان بمخەرە بەر شەفاعەتی خۆت یان لە تاوانەکانم خۆشبە یان فریامکەوە یان پەنامبدە لەوەی ستەمم لێدەکات ! لە کاتێکدا ئەمە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دروست نەبێت بێ گومان بۆ کەسانی جگە لە پێغەمبەر (ﷺ) ڕونتر و ئاشکراترە کە دروست نیە ، وە نابێت قسەی هەندێ لە شاعیرەکان لە خشتەمان ببات کە دەڵێن :

یا أكرم الخلقِ ما لي من ألوذُ بهِ     سِواكَ عند حلول الحادثِ العممِ !

واتە : ئەی بەڕێزترین مرۆڤ من کەس نییە لە کاتی نارەحەتیدا خۆم بدەمە پەنای تەنها تۆ نەبێت !

ئەم قسەیە گومڕایی و شیرکە ، زۆر جار بیستومانە شاعیرێك پێی دەڵێت :

أُذْ بالإلهِ ولا تلُذْ بسواه     من لاذَ بالملكِ الجليل كفاه

واتە : پەنا بگرە بە خوا و پەنا مەگرە بە جگە لەو ، هەرکەس پەنابگرێت بە خوای گەورە بەسیەتی .

## [گومانی شەشەم]

ئەگەر ووتی : پێغەمبەر (ﷺ) تکا کردنی پێدراوە بۆیە داوای لێدەکەم لەوەی کە خوا پێی داوە تکام بۆ بکات ، وەلاّمی ئەوەیە : ڕاستە خودا شەفاعەتی پێداوە بەلاّم نەهی لێ کردوویت کە داوا لەو بکەیت ، وەکو خوا دەفەرموێ : ﴿**فَلَا تدعوا مع اللهِ أحدا**﴾ [سورة الجن : (١٨)] واتە : لە گەڵ خوادا داوا لە کەسی تر مەکە ، ئەگەر تۆ دەتەوێ خوای گەورە پێغەمبەر (ﷺ) بکاتە تکا کارت گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی بە (ﷺ) [٤٤] لەم ئایەتەدا : ﴿**فَلَا تدعوا مع اللهِ أحدا**﴾ ، ئەنجا تکا کردن تەنها نەدراوە بە پێغەمبەر (ﷺ) بەڵکو فریشتەکان

---

بڕوانە : (تطهير الجنان والأركان عن درن الشرك والكُفران) نووسینی شێخ (آل بوطامي) ل : (٩٦ - ٩٧) .

[٤٤] ئەگەر ئەتەوێ پێغەمبەر (ﷺ) تکاکارت بێت لە قیامەتدا ئەوا شوێنی سوننەتی ئەو بکەوە و لە خۆتەوە بیدعە مەکە ، ئەنجا گەیشتن بە شەفاعەتی پێغەمبەر (ﷺ) بە گرتنەبەری **ڕێگای ڕاست** دەبێت نەك بە پەلە کردن و ئەنجامدانی شتێك هیچ کەس لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) نەیانکردبێت ، بە پێچەوانەوە داوای شەفاعەت کردن لە پێغەمبەر (ﷺ) دەبێتە مایەی بێبەشکردن لە شەفاعەتی ئەو ، چونکە خوای گەورە حەڵاڵی نەکردووە لە دونیادا داوا لە جگە لەو بکەیت : ﴿**ولا تدع مِن دون اللهِ ما لا ينفعك ولا يضرك فإن فعلت فإنك إذًا من الظالمين**﴾ [سورة يونس : (١٠٦)] واتە : هانا و هاوار نەبەیت بۆ کەسێك یان شتێك جگە لە خوا بۆ شتانێك نەقازانجت پێدەگەیەنێت و نەزیان ، ئەگەر ئەوەت کرد ئەوا تۆ لە موشریکەکانیت .

تكا دەكەن و دۆستانی خوا تکا دەکـەن [٤٥] و منـالانی موسـڵمانان تکـا دەکەن [٤٦] ، ئایا دروستە بڵێی خودا تکا کردنی پێداون منـیش داوایـان لێدەکـەم تکـام بـۆ بکـەن ئەگـەر ئەمـەت ووت ئـەوا دەگەڕێیتـەوە بـۆ پەرستنی پیاوچاکان کـە خـوا لـە قورئانـدا باسـی کـردووە ، وە ئەگـەر

---

(٤٥) ئـەبو سـەعیدی خـودری - خـوای لـێ ڕازی بێـت - لـە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) دەیگێڕێتەوە کە فەرموویـەتی : ((... فيقول الله عز وجل : شفعت الـملائكة وشفع النبيون وشفع الـمؤمنون ...)) [رواه البخاري رقم : (٧٤٣٩) ومسلم رقم : (١٨٣)] واتـە : خـوای گـەورە دەفـەرموێت : فریشـتەکان تکایـان کـرد و پێغەمبـەران تکایـان کـرد و ئیماندارانیش تکایان کرد ...

(٤٦) منداڵانی موسڵمانان : بەوانە دەگوترێ کە پێش باڵغ بـوون دەمـرن ، بەڵگـەی ئـەم مەسەلەیە فەرموودەی (أبو هريرة)یە - خوای لێ ڕازی بێت - لـە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : ((لا يموت لـمسلمٍ ثلاثة من الـولدِ فيلج النـار إلا تـحلة القَسمِ)) [رواه البخاري رقم : (١٢٥١) ومسلم رقم : (٢٦٣٢)] .

واتە : هیچ موسڵمانێك نییە سێ منداڵی بـمرێت و بچێتە ئاگرەوە تەنها ئەوەنـدە نەبێت کە خوای گەورە سوێندی لە سەر خواردووە .

وە لە ئەبو سەعیدی خودری و (أبـو هريـرة)وە - خـوا لـێیان ڕازی بێـت - لـە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەیگێڕنەوە (أبو هريرة) فەرموویەتی پێغەمبەر (ﷺ) فـەرمووی : ((لَـم يبلغوا الـحِنث)) [رواه البخاري رقـم : (١٢٥٠) ومسـلم رقـم : (٢٠٢٩)] واتـە : منداڵانێك پێنەگەشتو بن ، واتە : باڵغ نەبوبن .

بڵێی : نا داوایان لێناکەم ئەوە ئەو قسەیەت بەتاڵ دەبێتەوە کە دەتووت خوا تکا کردنی پێداوە منیش داوای لێدەکەم * .

## [گومانی حەوتەم]

جا ئەگەر ووتی : من هیچ هاوبەشییەك بۆ خوا بڕیار نادەم بەلاّم پەنابردن بۆ پیاوچاکان شیرك و هاوبەش دانان نییە .

تۆش پێی بڵێ : ئەگەر دان بەوەدا دەنێی کە خودا شیرکی حەرام کردووە گەورە و گرانتر لە حەرامێتی (زینا)کردن ، وە دان بەوەدا دەنێی کە خوا لێی خۆش نابێ (٤٧) ، کەوابو ئەمە چییە کە خوا

---

* ئەگەر تکاکردن لە پێغەمبەر (ﷺ) دروست بوایە ئەوا هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو کارەیان دەکرد ، بەڵکو (علي بن حسين بن علي بن أبي طالب) ئینکاری ئەوەی کرد کاتێك کابرایەکی بینی دەڕواتە بۆشاییەك کە لای گۆڕی پێغەمبەردا (ﷺ) هەبوو لەوێدا نزاوپاڕانەوە دەکات ئەویش وتی : ئایا فەرموودەیەکتان بۆ باس نەکەم کە لە باوکمەوە (حسين) بیستومە ئەویش لە باپیرمەوە (علـي) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی : ((لا تـجعلوا قبري عيداً ، ولا تـجعلوا بيوتكم قبوراً ، وصلوا علـي وسلموا حيثما كنتم ، فسيبلغني سلامكم وصـلاتكم)) واتە : گۆڕەکەم مەکەن بە جێگای کۆبونەوەتان ، وە ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕ ، وە سەڵاواتم لە سەر بدەن و سەلامم لێبکەن لە هەر شوێنێك بن ، سەلام و سەڵاواتتان پێم دەگات [رواه إسماعيـل القاضي في كتاب : "فضل الصلاة على النبي ﷺ " ص : (٣٤) وصححه الألبانـي في نفس الـمرجع وله طُرق وروايات ذكرها في كتابه : "تـحذير الساجد من اتـخاذ القبور مساجد" ص : (١٤٠)] .

(٤٧) بێ گومان وەڵامی ڕاستی پێ نییە چونکە باوەڕی وایە داوای تکا و شەفاعەت کردن لە پێغەمبەر (ﷺ) شیرك نییە هەر ئەوە بەڵگەیە کە نازانێت شیرك چیە کە=

=خوای گەورە دەربارەی دەفـەرموێت : ﴿إن الشرك لظلم عظيم﴾ [سورة لقمـان : (١٣)] واتە : هاوەبەشدانان ستەمێکی گەورە و گرانە .

وە بەڵگە زۆرە لە سەر گەورەیەتی تاوانی هاوبەشدانان و لە سەر ئەوەی خوای گەورە لێی خۆشنابێت ئەگەر لە سەری بـمرێت ، لەوانـە ئایـەتی : ﴿إن الله لا يغفر أن يشرك به ويغفر ما دونَ ذلك لمن يشاء ومن يشرك بالله فقد افترى إثما عظيما﴾ [سـورة النسـاء : (٤٨)] واتە : خوای گەورە خۆش نابێت لەوەی شیرکی بۆ بڕیار بدرێت ـ ئەگەر لە سەری بـمرێت و تەوبە نەکات ـ بەڵام لە شیرك بچوکتر ئەوا لێی خۆش دەبێت بۆ کەسێك بیەوێت ، وە هەر کەسێك شەریك بۆ خوا دابنات ئەوا بەڕاستی تاوانێکی گەورەی کردووە .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لـە سـەر گەورەیـەتی و لـێ خۆشـنەبوون لـە تـاوانی شـیرك و هاوبەشدانان : بڕگەی ﴿لا يغفر﴾ : بەرامبەر لێ خۆشنەبوون .

بڕگەی ﴿ما دونَ ذلك﴾ : بەرامبەر گەورەیەتی شیرك چونکە شیرك لە هەموو تاوانێك گەورە ترە .

وە لە (ابن مسعود)ەوە ـ خوای لـێ ڕازی بێت ـ فەرموویەتی : ((سألت رسول الله (ﷺ) أي الذنب أعظم عند الله ؟ قال : أنْ تـجعلَ للهِ نداً وهو خلقك ، قلت : إن ذلك لعظيم ! قلت : ثُم أي ؟ قال : أنْ تقتلَ ولدك مخافةَ أنْ يطعم معك ، قلت : ثُم أي ؟ قال : أنْ تزانـي حليلةَ جارك)) [رواه البخاري رقم : (٤٤٧٧) ومسلم رقم : (٨٦)].

واتـە : پرسـیارم کـرد لـە پێغەمـبەری خـوا (ﷺ) ئایـا گـەورەترین تـاوان لای خـوا کامەیە؟ فەرمووی : گەورەترین تاوان ئەوەیە کە شەریك بۆ خوا ئەنجامبدەیت لـە کاتێکدا خوا دروسـتی کردویت، منـیش وتم : بەڕاسـتی ئـەوە زۆر گەورەیـە، وتم: پاش ئەوە چی تر؟ فەرمووی: منداڵی خۆت بکوژی لـە ترسـی ئـەوەی لـە گەڵتـدا بخوات ، وتم : پاش ئەوە چی تر ؟ فەرمووی : زینا لە گەڵ هاوسەری دراوسـێتدا بکەیت .

حەرامی کردووە و بڕیاری داوە کە لێی خۆش نابێ ، دەبینی نازانێ وەڵام بداتەوە ، ئەنجا پێی بڵێ : چۆن هاوبەش دانان لەسەر خۆت لادەبەیت لە کاتێکدا هاوبەش دانان ناناسیتەوە ؟ یان چۆن خوا هاوبەش دانانی لەسەر حەرام کردویی و باسی ئەوەی کردووە کە لێی خۆش نابێ و تۆ پرسیار دەربارەی ناکەیی و نایناسیتەوە [٤٨] ؟

ئایا گومانت وایە کە خوا حەرامی کردووە و ڕوونی نەکردووەتەوە بۆمان؟

## [گومانی هەشتەم]

ئەگەر ووتی : شیرك بریتییە لە پەرستنی بت و ئێمە بت ناپەرستین ، تۆش پێی بڵێ : ئایا واتای بت پەرستی چییە ؟ ئایا واگومان دەبەی موشریکەکان بیروباوەڕیان وابوو کە ئەو دار و بەردەی دەیان پەرستن بە دیهێنەر و ڕۆزیدەر و بەڕێوەبەر و ڕێکخەری کار و باری بوونەوەر بوون؟ باش بزانە قورئان ئەم گومانە بە درۆ دەخاتەوە.

ئەگەر ووتی : شیرك بریتیە لە پەرستنی دار و بەرد و سەر گۆڕ و شتی وا کە هاواریان پێ دەبەن و سەر بڕینیان بۆ ئەنجام دەدەن و

---

[٤٨] لەم بڕگانە سودی ئەوەمان دەستدەکەوێت کە پێش گوفتار و ڕەفتار و کردەوە زانست و پرسیار کردنە ، کەسی ڕزگار بوو کەسێکە پێش وەخت زانستی هەبێت و خۆی هەوڵی فێر بوون بدات و هەنگاوەکانی بە زانستەوە بنێت یان پرسیار بکات ئەگینا توشی گومڕایی و لاڕێبوون دەبێت خوا بمانپارێزێت .

دەڵێن لە خوامان نزیکدەکەنەوە و بە بەرەکەتی سودمان پێدەگەیەنن و زیانمان لێ دوور دەخەنەوە [٤٩] .

تۆش بڵێ : ئەم قسەیە ڕاستە و شیرکی ئێوەش هەر ئەمەیە کە بۆ بەرد و دروستکراوی گۆڕستان ئەنجامی دەدەن ! کەوا بوو دانی بەوەدا نا کە ئەم کارەیان بریتییە لە بت پەرستی ، ئێمەش مەبەستمان ئەوەیە ئەمە ڕونکەینەوە ، ئەنجا پێی دەگوترێ : ئەو قسەیەت کە دەڵێی (شیرك بریتییە: لەبت پەرستی) ، ئایا مەبەستت ئەوەیە کە هاوبەش دانان تایبەت کراوە بە پەرستنی دار و بەردەوە ؟ پشت بەستن و هاوار بردن بۆ پیاوچاکان بە شیرك ناژمێردرێ [٥٠] ؟ ئەم

[٤٩] بەداخەوە ئەم بیروباوەڕە لە ناو کوردەواریدا بەربڵاوبوو کەم ماڵ هەبوو نووشتە و چاوەزار و پەڕۆ و ناڵ و مورو و شتانی وای لە ماڵدا نەبووبێ لە کاتێکدا نە لە قورئان و نە لە سوننەتیشدا شتی وا نیە و پیاوی ژیر و عاقڵیش شتی وا ناکات ، بەڵام بە فەزڵی خوا پاشان دوای بڵاوبونەوەی بانگەوازی تەنها خواپەرستی و بانگەواز بۆ سوننەت و وازهێنان لە ئەفسانە و شیرك و بیدعە ، خەڵکی کوردستان بەرەو هۆشیاری و شارەزا بوون ڕۆشتن و دەڕۆن ، بە ڕاستی مێژوویەکی تاڵ گوزرا بە دەستی ئەفسانە و شەخس پەرستی و ساختەی کەسانێکی هەلپەرست بە ناوی کەرامات و ئەولیاوە ، بەشکو چی تر خەڵکی کوردستان هۆشیار و وریا بن لە ساختەی ئەوانەی ئاین ئەکەنە وەسیلەیەك بۆ تێر کردنی ئارەزووەکانیان .

[٥٠] بۆ ئەبێ ترسان لە بە ناو شێخەکان و سەردانەواندن و کڕنوش بردن بۆیان شیرك نەبێ ؟! یان خواردنەوەی ئاوی دەستنوێژ و ماچکردنی عاباکانیان یان تایبەتکردنی بەشێك لە کشتوکاڵ و خەڵە و خەرمان و بەروبوومەکان بۆیان شیرك نەبێ ؟! =

تێگەیشتنە دژ بەوەیە کە خوای گەورە لە قورئاندا باسی کوفری ئەوانە دەکات کە دڵیان دەبەستن بە فریشتەکان و عیسا پێغەمبەر ـ سەلامی خوای لە سەر بێ ـ و پیاوچاکانەوە .

ئەنجا ناچار دەبێ دان بەوەدا بنێ کە هەر کەسێ لە پەرستنی خوادا یەکێك لەو پیاوچاکانە بکات بە هاوبەشی خوا ئەوە بریتییە لەو هاوبەش دانانەی کە لە قورئاندا باس کراوە ، ئێمەش مەبەستمان ئەمەیە .

نهێنی و پوختەی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە ئەگەر بڵێ (٥١) : من هاوبەش بۆ خوا بڕیار نادەم ! تۆش پێی بڵێ : ئەی ئایا هاوبەش بڕیار دان کامەیە؟ ئایا بۆم تەفسیر ناکەی؟

---

= یان سوێند خواردن پێیان کە خەڵکی وا هەیە سوێند بە خوا دەخوات و درۆ دەکات بەڵام بە درۆ سوێند بە شێخ ناخوات بۆ ؟! تەنها ئەوەیە لە شێخەکە دەترسێت شتێکی لێبکات ؟! منیش دەڵێم : لەوانەیە شتێکی لێبکات چونکە جنۆکەی یاریدەدەری هەیە بۆ گومڕاکردنی تۆڵەی لێدەسێنێ ، ناڵێم هەموو شێخێك جنۆکەی هەیە ، بەڵام خەڵکی کوردستان دەزانن کەسانێك جاری وا هەبووە قسە و جنێویان بە شێخێك داوە لە لایەن ئەو شێخەوە ئازار دراون بە ڕێگەی ناردنی جنۆکە بۆیان .

کەوابوو لە وەڵامدا ئەڵێم : بەڵێ ئەمانە و جۆری تریش زۆرن ، هەمووشیان شیرك و هاوبەش پەیداکردنن بۆ خوای گەورە .

(٥١) وەك دەبینیت دانەر ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ وەڵامی یەك یەکی شوبهەکانی دایەوە بەڵام ئەمجارەیان بە ئوسلوبێکی تر وەڵامیان دەداتەوە کە لە زمانی عەرەبیدا لە زانستی ڕەوانبێژی (البلاغة)دا پێی دەگوترێ (اللف والنشر)، بۆ نموونە خوای گەورە=

**ئەگەر ووتی : بریتییە لە پەرستنی بتەکان ، تۆش بڵێ : ئەی ئایا واتای بت پەرستی چیە و بۆم تەفسیر بکە؟ ئەگەر ووتی : من تەنها خوا دەپەرستم جگە لەو ناپەرستم ، پێی بڵێ : ئایا واتای تەنها خوا پەرستی چیە بۆم تەفسیر بکە ؟ ئەگەر هاتوو بەو شێوەیەی کە قورئان تەفسیری کردووە تەفسیری کرد ئەوا باشە و هەر ئەوەمان مەبەستە ، بەڵام ئەگەر نەی زانی ، ئەی چۆن بانگەشەی شتێك دەکات و نایزانێ .**

**وە ئەگەر بە پێچەوانەی واتا دروستەکەی تەفسیری کرد (٥٢) ئەوا ئەو ئایەتانەی قورئانی بۆ ڕونکەرەوە کە بە ڕونی باسی هاوبەش دانان**

---

=دەفەرموێت : ﴿**وَمِن رَّحْمَتِهِ جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ لِتَسْكُنُوا فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ**﴾ [سورة القصص : (٧٣)] واتە : بەشێك لە ڕەحمەتی خوایە ئەوەی کە شەو و ڕۆژی بۆتان دروست کردووە بۆ ئەوەی لە شەودا ئارامبگرن و لە ڕۆژدا بەدوای رزق و ڕۆزیتان بگەڕێن کە چاکەی خوایە بە سەرتانەوە بۆ ئەوەی سوپاس و شوکری بکەن ، ئەم ئوسلوبە لێرەدا پێی دەگوترێت (اللف بعد النشر) .

(٥٢) سێ وەڵامە و چوارەمی نیە چونکە یان دەزانێت یان نا ، ئەگەر زانی بە دروست تەفسیری دەکات ئەو کاتە ئەوەیە کە قورئان باسی کردووە ، یان بە هەڵە تەفسیری دەکات کە پێویستە مانا دروستەکەی بۆ باس بکرێت .

ئەگەر نەیزانی ئەی چۆن بانگەشەی شتێك دەکات و نایزانێ ، بەڕاستی زانست بریتییە لە دروستکردنی وشە و کرۆکی شت لە زەین و هۆشدا و حوکم دانیش لقێکە لەو گواستنەوەیە لە واقیعەوە بۆ زەین بۆیە بانگەشە کردن کارێکی ئاسان نیە .

کەوابوو وەڵام بۆ ئەم جۆرە کەسانە ئەبێ لە ڕوویاندا بووەستیت ، لە سێ حاڵەتیش بەدەر نیە :

بۆ خوا و بت پەرستی دەکەن ، ئەوەش کە لەم زەمانەدا دەیکەن بریتیە لەبتپەرستی ، ئەوەی ئینکاری دەکەن پەرستنی خوای گەورەیە بە تاك و تەنهایی ، وە هاوارو بۆڵە دەکەن لەم یەکخواپەرستیە وەکو براکانیان کردیان کاتێك ووتیان : ﴿أجعلَ الآلِهةَ إلهًا واحِدًا إن هذا لَشيءٌ عجاب﴾ [سورة ص : 5] واتە : هەموو خواکانی کردووە بە یەك خوا بەڕاستی ئەوە شتێکی سەرسوڕهێنەرە .

ئەگەر زانیت ئەوەی کە موشریکەکانی ئەم سەردەمەی خۆمان ناوی دەنێن بیروباوەڕی گەورە (کبير الأعتقـاد) [٥٣] بریتییە لەو هاوبەش

---

**یەکەم** : ئەگەر وەستا وەڵامی نەبوو ئەوا پێی دەڵێین : تۆ ناتوانی حەق وبەتاڵ لەیەك جیا بکەیتەوە ، ئەمە بەسە بۆ لە کارکەوتنی شوبهەکەی .

**دووەم** : ئەگەر بەو شێوەیە تەفسیری کرد کە قورئان دەیکات ئەوە خۆی بە دەستی خۆی ماڵی خۆی دەڕوخێنێت .

**سێیەم** : ئەگەر بە پێچەوانەوە تەفسیری کرد ئەو کاتە ئایەتەکانی قورئانی بۆ بەیان دەکەیت لە باسی شیرك و پەرستنی جگە لە خوا .

[٥٣] هەڵگرانی ئەم بیروباوەڕە خۆیان بە موسڵمان دەزانن و لە سەر ئیسلامیش حیساب کراون چونکە نوێژ و ڕۆژو و عیبادەتیان هەیە بەڵام لە ڕاستیدا تەنها ناوە و ناوەڕۆك و شیرکیان لە موشریکەکانی پێشوو گەورە تر و خراپ ترە ، ئەوانەی گۆڕ دەپەرستن و شەخسەکان دەکەنە مەزارگە و هاواریان لێدەکەن و دەیان کەنە واسیتە لە نێوان خۆیان و خوادا موشریکەکانیش هەر ئەمەیان دەکرد ، تەنانەت شوێنی شت و شەخسی وا کراوە بە جێگەی عیبادەت زۆر سەیرە بۆ نمونە لە کوردستان دەبینین شوێنی وامان هەیە دەڵێن پیاوچاکێك تیایدا پشووی داوە یان دەست نوێژی تێدا گرتووە یان تیایدا

دانانەی کە قورئان بۆی دابەزیووە ، وە پێغەمبەر (ﷺ) جەنگی لە گەڵ خەڵکدا لەسەر کردووە ، ئەوە بزانە شیرکی موشریکەکانی پێشوو ئاسانتر بوو لەمەی سەردەمی خۆمان لە دووشتدا :

**یەکەمیان** : موشریکەکانی کۆن هاوەڵیان بۆ خودا بڕیار نەئەدا و لە گەڵ خوادا هاواریان بۆ فریشتەکان و پیاوچاکان و ئەو شتانەی دەیان پەرست نەدەبرد مەگەر لە کاتی خۆشی و ئاسایی‌دا نەبێت ، بەڵام لە کاتی ناڕەحەتی و تەنگانەدا بە دڵسۆزی خودایان دەپەرست (٥٤) وەکو

---

تێپەڕیوە یان شیری خواردووە یا ... یان ...) بەڕاستی ئەمانە مایەی شوێنکەوتنی گەنجەکانمانە بۆ ڕێگەی خراپە و نەیارەکانی ئیسلام وادەزانن ئیسلام بریتییە لەمانە !

نا وا نییە ئیمامی عومەر - خوای لێ ڕازی بێت - کاتێ ماچی بەردە ڕەشەکە(**حجر الأسود**)ی کرد وتی : (**حجر الأسود**) دەزانم بەردی والله گەر پێغەمبەر (ﷺ) ماچی تۆی نەکردایە منیش ماچم نەدەکردی .

یان بڕینی ئەو دارەی هاوەڵەکان لە ژێریدا بەیعەتیان دا بە پێغەمبەر (ﷺ) .

لە هەمووی سەیر تر ئەوەیە چەندین مەزارگەمان هەیە کەس نازانێت کەسی ناو گۆڕەکە کێیە و کوڕی کێیە موسڵمانە یان نا ؟!

کاتێ ئەم قسانە دەکەم نامەوێت سوکایەتی بە کەسی ناو گۆڕەکە بکەم هەرکەسێ هەیە ، بەڵام مەبەستم ئامۆژگاری کردنی موسڵمانانە بۆ ئەوەی بە ناوی ئاینی ئیسلامەوە ئەفسانەی وا بە عیبادەت و پیاوچاکێتی نەزانن .

(٥٤) چەندین جار ئەوەم بیستووە لەو کەسانەی شەخس پەرستن کە ئەڵێن بارمان لە سەر حەیوان و چارەواکانمان دەکەوتە خوارێ یان وڵاخەکەمان لە قوڕدا دەچەقی هەر جارێك

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وإذَا مسكُم الْضر ـفِي الْبحر ضل من تدعونَ ـإلا ـإياه فَلما نجاكُم ـإلى الْبر أعرضتم وكَانَ الإِنسانُ كفُورا﴾ [سورة الإسراء : (٦٧)].

واتە : کاتێك لە دەریادا ناخۆشی و تەنگانە توشتان دەبێت هەر چی پەرستراو هەیە لە بیر و هۆش و باوەڕتاندا نامێنێت و ون دەبێت جگە لە خوا ، تەنها هانا و هاوار بۆ ئەو دەبەن ، بەڵام کاتێك رزگارتان دەکات و دەتانخاتە وشکانیەوە ئێوە پشت لە بەرنامەکەی خوا دەکەن و ڕوو وەردەگێڕن و نایناسن بەڵکو زۆربەی مرۆڤەکان سپڵە و ناشوکرن.

وە ئایەتی : ﴿قُلْ أرأَيتكُم ـإنْ أتاكُم عذَاب اللَّهِ أَو أَتتكُم الساعةُ أَغَيـر اللَّهِ تدعونَ ـإن كُنتم صادقين (٤٠) بلْ ـإياه تدعونَ فَيكْشف ما تدعونَ ـإلَيه ـإنْ شاء وتنسونَ ما تشركُونَ (٤١)﴾ [سورة الأنعام] واتە : بە خوا نەناسان بڵێ : هەواڵم بدەنێ ئەگەر سزای خوا یەخەتان پێبگرێت یان قیامەت یەخەتان پێبگرێت ئا لەو کاتانەدا هانا و هاوار بۆ هیچ کەس دەبەن جگە لە خوا ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن کە جگە لە خوا فریاتان دەکەوێت ؟ نەخێر بەڵکو لەو کاتەدا تەنها هانا و هاوار بۆ خوا دەبەن

---

هاوار و داوامان لە شێخ فلان بکردایە بە خێرا حەیوانەکەمان دەردەهات و ڕزگارمان دەبوو یان ... هتد !!!

بۆ دروستی و نادروستی ئەم قسەیە گوێ ڕاگرە بۆ مەجلیس و دیوەخانی ئەو کەسانەی باسی تەنگانەکانی خۆیان دەکەن بە گومانی خۆیان بە کەرامەت و پیاوچاکان ڕزگاریان بووە ! باوەڕناکەم کەسێك هەبێت ئەمانەی نەبیستبێت .

بۆ ڕاوەستان لە سەر وەڵامی ئەم جۆرە قسە و کردەوانە بڕوانە کتێبی: (**خوا پەرستی نەك شەخس پەرستی**) لە نووسینی مامۆستا (عبد اللطيف) ل : (٢٣٥ ـ ٢٦٦) .

كه بەڵا و ناخۆشییەكان لە سەرتان لادەبات ئەگەر بیەوێت ، جا لەو كاتەدا هەر شتێك كە بە شەریكی ئەوی دادەنێن لە بیرتان دەچێت .

وە ئایەتی : ﴿وإذا مس الإنسانَ ضر دعا ربه منيبا إليه ثم إذا خوله نعمةً منه نسي ما كانَ يدعو إليه من قبلُ وجعلَ لله أندادا ليضل عن سبيله قُلْ تمتع بكفرك قليلا إنك من أصحاب النار﴾ [سورة الزمر : (٨)] واتە : ئەگەر ناخۆشی و زەرەر توشی ئادەمیزاد هات هانا و هاوار بۆ پەروەردگاری دەبات و بەدڵشكاوی لێی دەلاڵێتەوە ، پاشان كاتێك خوا دەرووی لێكردەوە و ناز و نیعمەتی پێبەخشی دوعا و نزا و هانا و هاوارەكانی ئەوسای فەرامۆش و لە بیر دەكات و چەندەها هاوەڵ و شەریك بۆ خوا بڕیار دەدات بۆ ئەوەی خەڵكی لە ڕێبازی خوا وێڵ بكات ، بەو جۆرە كەسانە بڵێ : كەمێك بە خوا نەناسی ڕابوێرە بەڵام دڵنیا بە كە تۆ نیشتەجێی ناو ئاگری دۆزەخیت .

وە ئایەتی : ﴿وإذا غشيهم موج كالظلل دعوا الله مخلصين له الدين﴾ [سورة لقمان : (٣٢)] واتە : كاتێك لە دەریادا شەپۆلێك ئابلۆقەی موشریكەكان بدات وەك كێوەكان گەورە بێت ئەوە هانا و هاوار هەر بۆ خوا دەبەن و زۆر بە دڵسۆزانە پەرستنی بۆ دەكەن .

هەر كەسێ لەم مەسەلەیە تێبگا كە خوای گەورە لە قورئاندا ڕوونی كردۆتەوە ، ئەویش ئەوەیە ئەو موشریكانەی كە پێغەمبەر (ﷺ) جەنگی لە گەڵ كردن تەنها لە كاتی خۆشی و ئاسایی دا لە گەڵ خوا هاواریان لە كەسانی تر دەكرد ، بەڵام لە كاتی زیان پێ گەیشتن و

ناڕەحەتی و تەنگانەدا تەنها هاواریان بۆ خوا دەبرد و گەورەکانی خۆیانیان لە بیر دەچوو ، ئەوا جیاوازی موشریکەکانی ئەم سەردەمەی خۆمانی لە گەڵ موشریکەکانی سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) بۆ ڕوون دەبێتەوە ، بەڵام لە کوێن ئەو کەسانەی کە بە دڵ لەم مەسەلەیە تێبگەن بە تێگەیشتنێکی تەواو ؟ واللهُ المستعان .

**دووەم** : موشریکەکانی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) کەسانێکیان دەپەرست لە گەڵ خودا و هاواریان لێ دەکردن کە لە خواوە نزیك بوون پێغەمبەران یان پیاوچاکان یان فریشتەکانی خوا بوون ، وە داوایان لە دار و بەرد دەکرد کە گوێڕایەڵ و مل کەچن بۆ خوا و هەرگیز سەرپێچی فەرمانی خوا ناکەن ، پاك ترین کەسن ، وە ئەوانەی ئەمان هاواریان لێ دەکەن ئەوانەن کە چەندین خراپەکارییان لێ دەگێڕنەوە وەکو داوێن پیسی ودزی کردن و وازهێنان لە نوێژ کردن و چەندین شتی تر [٥٥] !

---

[٥٥] بەڵکو هی وایان هەیە هانا و هاوار دەبات بۆ کەسانێك کە خراپترین بێباوەڕن بەڵکو لە گاور و جولەکە خراپترن بۆ نموونە :

١ - (ابن عربـي) پێشەوای بیروباوەڕی (وحدة الوجود) ، ناوبراو گۆڕەکەی لە وڵاتی (شام)ـە و ئێستا گومەزێکی لە سەر دروستکراوە ، ئەم شەخسە خاوەنی چەندین بیروباوەڕ و قسەی ناقۆڵایە لەوانە :

بیروباوەڕی وایە خوا دروستکراوە و دروسکراویش خوایە هەردوکیانیش یەکتر دەپەرستن بۆیە ئەڵێت : (فیحمدنـي وأحمده ویعبدنـي وأعبده) !!!

واتە : خوا سوپاس و ستایشی من دەکات منیش سوپاس و ستایشی ئەو دەکەم ، وە خوا من دەپەرستێت و منیش ئەو دەپەرستم !!!

كەسێ باوەڕی بە پیاوچاكێك یان شتێك كـە سەرپێچـی خـوا ناكـات هەبێ وەكو دار و بەرد ئاسانترە لە كەسێك باوەڕی بە كەسێك هەیـە بـە چاوی خۆی تاوان و خراپەكاری لێدەبینێت و باسیشی دەكات .

## [گومانی نۆیەم]

ئەگەر زانیت ئەوانەی پێغەمبـەر (ﷺ) جـەنگی لـە گـەڵ كـردن لـەم موشریكانەی سەردەمی خۆمان ژیرییـان باشـتر بـوو ، وە ئـەو هاوبـەش دانانەیان ئاسان تر بوو .

ئەمجا پێویستە بزانی شوبهەیەكیان هەیە كە بریتیە لـە گـەورەترین شوبهەكانیان ، جا گوێ بگرە بۆ وەڵامی ئەو شوبهەیە ، ئەویش ئەوەیـە كە دەڵێن :

---

یان ئەڵێت : (إن الرجل حين يضاجع زوجته إنما يضاجع الـحق) !!!

واتە : پیاو كاتێك لە گەڵ خێزانیدا جووت دەبێت ئەوا لە گەڵ خوادا جووت بووە !!

٢ ـ (أبو طالب الـمكي) خاوەنی كتێبی "قوت القلوب" ئەڵێت : (لـيس علـى الـمخلوق أضر من الـخالق) !!!

واتە : هیچ شتێك زیانبەخش نییە بۆ دروستكراو وەكو خوای بەدیهێنەر !!!

٣ ـ (حەلاج) ئەڵێت : (أنا الـمحق ، وصاحبي واستاذي ابليس وفرعون) !!!

واتە : من لە سەر حەقم ، وە هاوەڵ و مامۆستام شەیتان و فیرعەونە !!!

بۆ زیاتر ناسینی بەدڕەوشتی و بێدینی هەندێك لەم شێوە كەسـانە بڕوانـە : (إلـى التصوف يا عباد الله) ل : (٣٨) وە (الصوفية في ميزان الكتاب والسنة) ل : (٢٣ ـ ٢٦) .

**ئەو موشریکانەی قورئانیان تێدا دابەزی شـایەتی یەکخواپەرستیان نەئەدا و باوەڕیان بە پێغەمبەر (ﷺ) نەبوو ، وە بە درۆیان دەخستەوە و باوەڕیان بە زیندوو بوونەوە نەبوو ، وە باوەڕیان بـە قورئـان نـەبوو ، وە بە جادوویان دائەنا [٥٦] ، بەڵام ئێمە شایەتی ئەوە دەدەین کـە هـیچ خوایـەك شـایەنی پەرسـتن نیـە تـەنها ئـەو نـەبێ ، وە موحەمـەد (ﷺ)**

---

[٥٦] مەبەستیان لەم شوبهەیە ئەوەیە چۆن ئێمە لە گەڵ کەسـانێکدا وەك یـەك حیسـاب دەکەن کە شایەتوومان ناهێنن و بێباوەڕن بەرامبەر پێغەمبەر (ﷺ) و .. و .. هتد .

لـە وەڵامـدا ئـەڵێین : ئـەم جیاوازیـەی هەیـە لـە نێـوان بـێ باوەڕەکانـدا لـە گـەڵ موشریکەکاندا هیچ کاریگەری نابێت و ناتوانین بە کەسێك کـە شـەریك بـۆ خـوا بڕیـار بدات پێی بڵێن : موشریك نییە با شـایەتوومان و نوێـژ و هەنـدی پەرسـتنی هـەبێت ، ئەوەش بزانە ئەو کەسەی موشریکە خوا دەپەرسـتێت بـەڵام شـەریکی بـۆ بڕیـار دەدات واتە بێباوەڕ نییە بە خوا ، کاتێ شایەتوومان ناهێنن چونکە لەماناکەی تێدەگەن بۆیە دانەر ئەڵێت : ژێر ترن چونکە کەسانێك هەن بە زمان شایەتوومان دێنن بەڵام شیرکی= =گەورە و بچووك دەکەن بۆ ؟ چونکە مانای (**لا إلـهَ إلاَّ الله**) نازانن ، تەنانەت شیرکی وادەکەن موشریکەکانی پێشوو نەیان دەکرد لەوانە باوەڕیان وایە :

پیاوچاکان لە کاروبار و بەرێوەبردنی بوونەوەردا شتیان بە دەسـتە و فریـای خـەڵك دەکەون و ئەم بوونەوەرە چـەندین قوتـب و ئـەوتاد و ئەبـدال بـەڕێوەی دەبـەن ، بڕوانـە : (الطبقات) للشعرانـي ، وە (جامع كرامات الأولياء) للنبهانـي .

یان موشریکەکانی پێشوو بە دەقی قورئان لە کـاتی تەنگانـەدا هاواریـان دەکـردە خوا بە تاك و تەنهایی ، بەڵام ئەمانەی ئێستا لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوار دەکەنە ئەو شەخسانەی دەیان پەرستن .

نێردراوی خوایە ، باوەڕمان بە قورئان و بە زیندوو بوونـەوە هەیـە ، وە نوێژ دەکەین و ڕۆژوو دەگرین ، جا چۆن ئێمە وەکو ئەوان دەزانن ؟

وەڵامـیش ئەوەیـە : کـە زانایـان جیاوازییـان نییـە لـە کـافر بـوونی کەسێکدا کە لە شتێکدا باوەڕی بـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هـەبێ و لـە شتێکی تردا بێ باوەڕ بێ و بە درۆی بخاتەوە ، هەروەها ئەگەر بـاوەڕی بە هەندێ لە قورئان هەبێ و ئینکاری هەندێکی دیکـەی بکـات وەك ئـەو کەسەی دان بە یەکخواپەرستی خـوادا بـنێ و ئینکـاری پێویسـت بـونی نوێـژ بکـات یـان دان بـە یەکخواپەرسـتی و نوێژکردنـدا بـنێ و ئینکـاری زەکاتدان بکات ، یان باوەڕی بە هەموو ئەمانـە هـەبێ و ئینکـاری ڕۆژوو گرتن بکات یان باوەڕی بـە هـەموو ئەمانـە هـەبێ بـەڵام ئینکـاری حـەج کردن بکات ، کاتێ خەڵکانێ لـە سـەردەمی پێغەمبـەردا (ﷺ) پابەنـدی حەج کردن نەبوون ئەم ئایەتە لە هەقیاندا دابەزی : ﴿**وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ اللهَ غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ**﴾ [سورة آل عمران : (٩٧)] واتە : خوای گەورە واجبی کردووە لە سەر خـەڵکی حەج و سەردانی ماڵی خوا بکەن ئەوانەی لـە توانایانـدا هەیـە ، وە هـەر کەس پابەندی ئەم واجبە نەبێت ئەوا خوا پێویستی بە پـەرستنی کـەس نییە ، وە هەر کەسێ باوەڕی بـە هـەموو ئەمانـە هـەبێ بـەڵام ئینکـاری زیندوو بونەوە بکات بە کۆڕای زانایان کافر دەبێ و خوێن و ماڵی حەڵاڵ دەبێ وەکو خوای گـەورە دەفـەرموێ : ﴿**إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ**

ويريدونَ أن يتخِذُواْ بين ذَلك سبِيلاً (١٥٠) أُولَئك هم الْكَافِرونَ حقـاً وأعتدنا لِلْكَافِرين عذَابا مهينا (١٥١)﴾ [سورة النساء] واتـه : ئەوانەی بـاوەڕ بە خوا و پێغەمبەرانی ناهێنن و دەیانەوێت جیاوازی بکەن لە نێوان خوا و پێغەمبەرەکانیدا و دەڵێن : باوەڕدەهێنین بە هەنـدێك لـە پێغەمبـەران و بـاوەڕ بــە هەنـدێکیان نـاهێنین و دەیانــەوێت لــەو نێوانــەدا ڕێگـا و بەرنامەیەك بۆ خۆیان بە دەست بهێنن ئەو جۆرە کەسانە بەڕاستی هـەر بێباوەڕن ، و سزایەکی سەرشۆڕکارمان بۆیان ئامادە کردووە .

کەوابوو ئەگەر خوای گەورە بە ڕاشـکاوی ئـەوەی بـاس کردبـێ کـە هەر کەسێ باوەڕی بە هەندێ ببێ ، وە بە هەندێکی تر بـێ بـاوەڕ بـێ ، ئەوا بێ باوەڕ و کافری ڕاستەقینەیە [٥٧] ئەوا ئەم شوبهەیە کـە خـەڵکی

---

[٥٧] لەم ئایەتەی پێشوو ئەوەمان دەست دەکەوێ کە مەرج نییـە کەسـێك ئەگـەر کـافر بێت پێویستە بـێ باوەڕبێـت بەرامبـەر هـەموو ئـەو شـتانەی پێویسـتە بـاوەڕی پێـی= =هەبێت ، ئەگەر باوەڕی بە هەندێکی نەبوو کـافر دەبێتـەوە ، کـەوابوو دەتـوانین بڵـێین کوفر دوو جۆرە :

١ ـ (كلي) واتە گشتی .

٢ ـ (نوعي) فەرعی .

جیاوازییش نییە لە نێوانیاندا لەوەی ئەگەر کەسێك بێ باوەڕ بوو بە هەنـدێك وەك ئەوەیە کە بێباوەڕ بێ بە گشتی بە بـێ جیـاوازی چـونکە خـوای گـەورە دەفـەرموێت : ﴿أُولَئك هم الْكَافِرونَ حقا﴾ [سورة النساء : (١٥١)] واتە : ئەو جۆرە کەسانە بەڕاستی هەر بێباوەڕن .

(الأحساء)[٥٨] كه بۆ ئێمەیان ناردووە دەڕەوێتەوە و نامێنێ ، وە پێی دەوترێ :

ئەگەر تۆ باوەڕت هەبێ کە هەر کەسێ باوەڕی هەبوو بە پێغەمبەر (ﷺ) لە هەموو شتێکدا و ئینکاری فەرز بوونی نوێژی کرد ئەوا کافرە و خوێنی حەلاڵە بە کۆڕای زانایان ، هەروەها ئەگەر باوەڕی بە هەموو شتێك هەبێ تەنها زیندوو بوونەوە نەبێ ، وە هەروەها ئەگەر ئینکاری فەرز بوونی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی کرد و ئینکاری زیندوو بوونەوەی نەکرد.

لەم مەسەلەیە مەزهەبەکان هیچ جیاوازییەکیان لە نێواندا نییە و قورئانیش ئەم ڕاستیەی درکاندووە وەك پێشتر باسمان کرد .

کەوابوو زانراوە بە ڕاستی یەکخواپەرستی بریتی‌یە لە مەزنترین فەرزێك کە پێغەمبەر (ﷺ) پێی هاتووە ، خواپەرستی مەزنترە لە نوێژ

---

[٥٨] لەم سەردەمەشدا کەسانێك هەوڵی ئەوە دەدەن دوو دڵی و شوبهە دروست بکەن ، وە بۆ زیندوو کردنەوەی هەمان شوبهە کەسێك دێت بە ناوی (حسن فرحان المالكي)ەوە لە کتێبی (قراءة في كتب العقائد)دا ئەمە و چەندین شوبهەی لەم جۆرەی پەخش کردووە ، بۆ لە ناو بردن و وەڵام دانەوەی هەموو ئەمانە زانای پسپۆڕ لە ناسینی لارێبووەکاندا شێخ (ربيع بن هادي المدخلي) کتێبێکی بە سودی نوسیوە بە ناوی (دحر افتراءات أهل الزيغ والإرتياب عن دعوة الإمام محمد بن عبد الوهاب رحمه الله نقد لحسن المالكي) ، جێگەی سەرنجە سێ زانای بەناوبانگ پێشەکییان بۆ ئەم کتێبە نوسیووە :

١ ـ شێخ صالح الفوزان . ٢ ـ شێج أحمد النجمي . ٣ ـ شێخ زيد المدخلي .

و زەكات و ڕۆژوو و حەج كردن ، كەوابوو چۆن ئەگەر كەسێ ئینكاری یەكێك لەمانە بكات كافر دەبێ ؟ ئەگەر چی ئیش بە هەموو ئیسلامیش بكات كە پێغەمبەر (ﷺ) پێی هاتووە ، وە ئەگەر ئینكاری خواپەرستی بكات كە بریتی‌یە لە ئاینی هەموو پێغەمبەران كافر نابێ ؟! سبحان الله ! ئەمە چ نەفامی یەكە !

وە هەروەها لە وەڵامیاندا دەووترێ : هاوەڵەكانی پێغەمبەر (ﷺ) جەنگیان لەگەڵ نەوەی (حەنیفە)دا كرد [٥٩] لە كاتێكدا كە لە گەڵ

---

[٥٩] جەنگیان لە گەڵ كردن و بە كافریان زانین لە كاتێكدا خۆیان بە موسڵمان دەزانی ، نەوەی حەنیفە هۆزێكی گەورەی بەناوبانگ بوون لە (اليمامة) لە نێوان مەككە و یەمەندا نیشتەجێ بوون موسەیلەمەی درۆزن كە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی كرد لە ساڵی (١٠) دەی كۆچی یەكێك بوو لەم هۆزە بە ناوی موسەیلەمەی كوڕی ئومامەی كوڕی كەبیری كوڕی حەبیبی (الحارث) ە لە هۆزی (بني حنيفة).

قاضي عياض دەفەرموێ : (كان أهل الردة ثلاثة أصناف : صنف عادوا إلى عبادة الأوثان ، وصنف تبعوا مسيلمة والأسود العنسي وكان كل منهما أدعى النبوة قبل موت= =النبي (ﷺ) فصدق مسيلمةَ أهلُ اليمامة وجماعةٌ غيرهم ، وصدق الأسود أهلُ صنعاء وجماعةٌ غيرهم ، فقُتِلَ الأسود قبل موت النبي (ﷺ) بقليل ، وبقي بعض من آمن به فقاتلهم عمال النبي (ﷺ) في خلافة أبي بكر ، وأما مسيلمة فجهز إليهِ أبو بكر الجيش وعليهم خالد بن الوليد فقتلوه ، وصنف ثالث استمروا على الإسلام لكنهم جحدوا الزكاة وتأولوا بأنها خاصة في زمن النبي (ﷺ) وهم الذين ناظر عمر أبا بكر في قتالهم ا .هـ كما في الحديث الصحيح في البخاري ما نصه قال عمر: (يا أبا بكر كيف تقاتل الناس وقد قال رسول الله (ﷺ) : أُمرت أنْ أقاتل الناس حتى يقولوا لا إله إلا الله فمن قال لا إله إلا الله عصم مني ماله ونفسه إلا بحقه وحسابهم على الله ، قال أبو بكر : والله لأُقاتلن من

پێغەمبەردا (ﷺ) موسوڵمان بوون ، وە شایەتیان دەدا بەوەی کە (هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خودا و موحەمـەدیش بەندە و پێغەمبەری خوایە ﷺ) و نوێژیان دەکرد و بانگیان دەدا .

---

فرق بين الصلاة والزكاة ، فإن الزكاة حق الـمال ، لو منعوا مـني عناقـاً كـانوا يؤدونـها إلى رسول الله (ﷺ) لقاتلتهم على منعها ، قال عمر : فوالله ما هـو إلا أنْ رأيت أنْ قد شرح الله صدر أبي بكر للقتال وعرفت أنـه حـق) رواه البخـاري : (٦٩٢٤-٦٩٢٥) .

واتە : ئەوانەی پاشگەز بوونەوە سێ بەش بوون :

بەشێکیان گەڕایەوە بۆ بت پەرستی ، وە بەشـێکیان شـوێنی (مسيلمة) و (الأسود العنسي) کەوتن کە ئـەم دووانـە هـەردووکیان بانگەشـەی پێغەمبەرایـەتیان کـرد پـێش مردنـی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ، خـەڵکی یەمامـە و چـەند جێگـەیـەکی تـر شـوێنی (مسيلمة) کەوتن ، خەڵکی (صنعاء) و چەند جێگەیەکی تر شوێنی (الأسود العنسـي) کەوتن ، (الأسود) پێش مردنی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـە ماوەیـەکی کـەم کـوژرا ، هەندێك لەوانەی باوەڕیان پێـی هێنـابوو مانـەوە و جـەنگیان لـە گەڵدا کـرا لـە لایـەن کاربەدەسـتانی پێغەبـەرەوە (ﷺ) لـە سـەردەمی خیلافـەتی (أبـو بکـر)دا ، بـەڵام (مسيلمة)ی درۆزن (أبو بكر) خـوای لـێ رازی بێـت لەشـکرێکی بـۆ ئامـادە کـرد بـە سەرۆکایەتی (خالیدی کوری وەلید) لەو جەنگەدا کوشتیان ، بەشی سـێیەم : لـە سـەر ئـاینی ئیسـلام مانـەوە بـەڵام نکوڵیـان لـە زەکاتـدان کـرد ، وە مەسـەلەکەیان = =بە شێوەیەکی تر مانا کرد و وتیان زەکاتدان تایبـەت بـوو بـە سـەردەمی پێغەبـەرەوە (ﷺ) ، ئەمانە ئەو کۆمەڵە بوون کە (ئیمامی عومەر) مشتومڕی لـە گـەڵ (ئیمـامی أبو بكر)دا کرد لە سەر کوشتنیان ... بڕوانە : فتح الباري (٣٤٢/١٢).

ئەگەر کەسێ بڵێ : ئەوان دەیان ووت (موسەیلەمە) پێغەمبەرە ئێمەش دەڵێین : ئەمەیە مەبەستمان ، ئەگەر کەسێ کەسێکی تر بەرزکاتەوە بۆ ئاستی پێغەمبەر (ﷺ) کافر ببێ و خوێن وماڵی حەلاڵ ببێ و شایەتومان و نوێژ هیچ سودی پێ نەبەخشن ، ئەی ئەو کەسە چۆن دەبێ کە (شمسان یان یوسف)[٦٠] یان هاوەڵێك یان پێغەمبەرێك بەرزکاتەوە بۆ ئاستی خوای گەورە ؟! پاکی و بێگەردی بۆ خودا چەند مەزنە ئەو خوایە : ﴿كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ اللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ [سورة الروم : (٥٩)] واتە : بەو شێوەیە خوا مۆر دەنێت بە سەر دڵی ئەوانەدا کە نازانن و بە شوێن ڕاستیشدا ناگەڕێن .

هەروەها پێی دەوترێ : ئەوانەی (عەلی کوڕی ئەبوتالیب) بە ئاگر سووتاندنی[٦١] هەموویان خۆیان بە موسوڵمان ئەدایە قەڵەم ،

[٦٠] تاج و شەمسان و یوسف ناوی چەند کەسێکە لە سەردەمی شێخ (محمد بن عبد الوهاب)دا - ڕەحمەتی خوای لێبێ - زیادەڕەوییان تێدا دەکرا بە بیانووی ئەوەی کە دۆستی خوان ، لە کاتێدا چەندین چاوبەست کردن و چەندین شتی سەیر و نائاساییان هەیە و لە سەر تەریقەت و پەیڕەوی حەللاج و ئیبن و عەرەبی بوونە. بڕوانە : (شرح کشف الشبهات)ی شێخ فوزان ل : (١٠٢) .

[٦١] ئەوانەی ئیمامی عەلی - خوای لێ ڕازی بێت - سوتاندنی بریتی بوون لەوانەی زیادەڕەوییان کرد لە خۆشەویستی و ڕێز لێگرتنی ئیمامی عەلیدا بە پیلان و داوی چەند کەسێکی مونافیق لە شوێنکەوتوانی (عبد الله بن سبأ)ی جولەکە کە بانگەشەی موسڵمانێتی دەکرد بۆ ئەوەی خواپەرستی و دینداری لە خەڵکی بشێوێنن و موسڵمانان لە ناو بەن و بیانکەن بە موشریك .

**هەموويان هاوەڵی عەلی بوون و لە هـاوەڵانی پێغەمبـەرەوە (ﷺ) فێـری زانیاری بوبون ، بـەڵام بیروباوەڕیـان لـە ئاسـتی عەلــیدا وەکـو ئەوانـە وابوو کە بیروباوەڕیان بە (یوسف وشمسان) و جگە لەوان هەبوو .**

**کەوابوو چۆن هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) کۆڕا بوون لەسەر کوشـتن و بە کافر زانینیان[٦٢] ؟ ئایا گومانتـان وایـە هـاوەڵان موسـوڵمانان کـافر**

---

ئەم کارەی ئیمامی عـەلی ـ خوای لـێ رازی بێت ـ هەموو هاوەڵان لـە سـەری رازی بوون ، هەروەها (ابن عـباس)یش ، ئەوەندە هەیە (ابن عـباس) وتی : (کوشتن باشتر بوو لە سوتاندن) ، (عکرمة) ئەمـەمان بۆ دەگێڕێتـەوە و دەفـەرموێت : (أن علياً حرق قوماً ارتدوا عن الإسلام فبلغ ذلك ابن عباس فقال : لو كنت أنا لقتلتهم لقول رسـول الله (ﷺ) : من بدلَ دينه فاقتلوه ، ولـم أكن لأحرقهم لقـول رسـول الله (ﷺ) : لا تعذبوا بعذاب الله ، فبلغ ذلك علياً فقال : صدق ابن عباس) رواه البخاري رقم : (٣٠١٧) و (٦٩٢٢) وأبو داود رقم : (٢٥٣٥) والترمذي رقم : (١٤٥٨) والنسائي رقـم : (١٤٠٦٠) وانظـر : سلسلة الأحاديث الصحيحة : (١ / ٨٧٨) وفتح الباري شرح صحيح البخاري : (٦ / ١٨٤) .

واتە : ئیمامی عـەلی ـ خوای لـێ رازی بێت ـ خەڵکانێکی سـوتاند کـە لـە ئیسـلام پاشگەز بوونەوە ، ئەم هەواڵەش گەیشتە (ابن عـباس) ئەویش فـەرمووی : ئەگـەر مـن بومایە دەیانـمکوشت چـونکە پێغـەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی : هـەر کـەس دینەکـەی گۆڕییەوە ئەوا بیکوژن ، وە نـەم دەسـوتاندن چـونکە پێغـەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی : سزای هیچ شتێك مەدەن بە سزای خوا، ئەمـەش گەیشتە عـەلی ـ خوای لـێ رازی بێت ـ و فەرمووی : ابن عـباس ڕاست دەکات .

[٦٢] هاوەڵانی پێغـەمبەر (ﷺ) کۆڕا بوون لەسەر کافربوون و کوشـتنیان نـەك لـە سـەر سوتاندنیان بەڵگەش فەرموودەکەی (عكرمة)ی سەرەوەیە ، هـەروەها (ابن أبـي شيبة) ئەم ئەثەرە دەگێڕێتەوە لە (عبد الرحمن)ی کوڕی (عبيد) لە باوکییەوە فەرموویەتی :

دەکەن ؟ یان واگومان دەبەن بیروباوەڕبوون بە (تاج) و هاووێنەکانی زیانی نیە و بیروباوەڕبوون بە (عەلی کوڕی ئەبوتالیب) مرۆڤ پێی کافر دەبێ ؟

دیسان نەوەی (عبید القداح)(٦٣) ئەوانەی پاشایەتی مسریان گرتە دەست لە زەمانی عەبباسیەکاندا ، هەموویان شایەتیان ئەدا کە جگە لە

---

(كان ناس يعبدون الأصنام في السر ويأخذون العطاء ، فأتى بهم علي فوضعهم في السجن واستشار الناس ، فقالوا : أقتلهم ، فقال : لا بل أصنع بهم كما صنع بأبينا إبراهيم ، فحرقهم بالنار) .

واتە : کەسانێك هەبوون بتیان دەپەرست بە نهێنییەوە و خەڵاتیشیان وەردەگرت ، ئیمامی عەلی هێنانی و خستنیە بەندیخانەوە و پرسی خەڵکی کرد کە چییان لێبکات ، وتیان : بیانکوژە ، وتی : نا بەڵکو ئەوەیان پێ دەکەم کە بە باوکمان ئیبراهیم کرا ـ واتە دەیانخەمە ناو ئاگرەوە ـ ، ئەنجا بە ئاگر سوتاندنی .

(٦٣) شێخ (مشهور بن حسن) ـ خوا بیپارێزێت ـ لە (تحقیق)ی کتێبی (الاعتصام)دا ئەڵێ : (وهم بنو عبيد أظهروا للناس أنهم شرفاء فاطميون فملكوا البلاد وقهروا العباد وقد ذكر جماعة من أكابر العلماء أنهم لم يكونوا لذلك أهلاً ولا نسبهم صحيحاً ، وكان والد عبيد هذا من نسل القداح الملحد المجوسي ، وقيل :كان والد عبيد هذا يهودياً من أهل سلمية من بلاد الشام وكان حداداً ، وعبيد هذا كان اسمه سعيداً فلما دخل المغرب تسمى بعبيد الله وزعم أنه علوي فاطمي وادعى نسباً ليس بصحيح لم يذكره أحد من مصنفي الأنساب العلوية بل ذكر جماعة من العلماء بالنسب خلافه ثم ترقت به الحال إلى أن ملك وتسمى بالمهدي وبني المهدية بالمغرب ونسبت إليه ، وكان زنديقاً خبيثاً عدواً للإسلام متظاهراً بالتشيع متستراً به ، حريصاً على إزالة الملة الإسلامية ، قتلَ من الفقهاء والمحدثين والصالحين جماعة كثيرة ، وكان

خـودا هـیچ پەرسـتراوێك شـایەنی پەرسـتن نیـە و محمـد (ﷺ) نێـرراوی خوایە و خۆیان بە موسـوڵمان دەزانـی و نوێـژی جومعـە و جەماعـەتیان دەکرد ، بەڵام کاتێ پێچەوانەی شەریعەتی ئیسیلامیان ئاشـکرا کـرد لـە شتانێکدا (٦٤) کە کەمترن لەم باسەی خۆمان زانایان کۆڕابـوون لـە سـەر

---

قصدهم إعدامهم من الوجود ، ليبقى العالم كالبهائم فيتمكن من إفسـاد عقائـدهم وضلالتهم ﴿والله مِتم نورِهِ ولَو كَره الْكَافِرونَ﴾ [سورة الصف : (٨)] ، ونشأت ذريته على ذلك منطوين ، يجهرون به إذا أمنتهم الفرصة وإلا أسروه والدعاة لهم منبثون في البلاد يضلون من أمكنهم إضلاله من العباد ، وبقي هذا البلاء على الإسلام من أول دولتهم إلى آخرها ، وذلك من ذي الحجة سنة تسع وتسعين ومئتين إلى سنة سـبع وتسـعين وخمس مئة وفي أيامهم كثر الرافضة واستحكم أمرهم ... إلى أنْ من الله على المسلمين بظهور البيت الأتابكي وتقدمه مثل صلاح الدين فاستردوا البلاد وأزالوا هذه الدولـة عن رقاب العباد ...) الإعتصام : (٢ / ٣٥٢ ـ ٣٥٦) .

(٦٤) وەك حەڵاڵ کردنی هەندێ حەرام بۆ نـمونە وەك ئەوەی مارە کردنـی دوو خوشـکیان بە یەکەوە حەڵاڵ کرد. بڕوانە (شرح كشف الشبهات) شێخ (محمد بن إبراهيم آل الشيخ) ل : (٢٠٠).

شێخ صالح آل الشيخ دەڵێت : (واتە : ئاشکراکردنی موخالەفەی شەریعەتی ئیسلام واتە پابەند نەبوونیان ئاشکراکرد ، هەروەها حوکمە شەرعیەکانیان ئینکار کرد کەمترن لەم باسەی خۆمان لـە باسـەکانی (پەرسـتنی و خواپەرسـتنی) بڕوانـە : (شـرح كشـف الشبهات) صالـح آل الشيخ ل : (١٧٤) .

لێرەدا پێویستە ئەو ڕاستیە ئاشکرا بکەین کە هەر ئەمان بوون بیدعەی جەژنی لـە دایك بوونی پێغەمبەریان (ﷺ) دروست کرد . بڕوانە : (شرح كشف الشبهات)ی صالح آل الشيخ ل : (١٧٤) .

بە کافر زانین و کوشتنیان ، وە وڵاتەکەیان بە وڵاتـی جـەنگ[٦٥] دانـرا و موسوڵمانان جەنگیان لە گـەڵ کـردن هـەتاوەکو وڵاتـانی ئیسـلامیان لـە دەست ڕزگار کردن .

---

شيخ الإسلام ابن تيمية ـ ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت ـ ئەفـەرموێ : (ئـەم بیدعـەیـە سەلەف نەیانکردووە هەرچەندە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) پێغەمبـەریان خۆشویسـتووە و هیچ ڕێگرێکیش نەبووە ، ئەگەر ئەم بیدعەیە چاك بووایە ئـەوا سـەلەف نزیکتربـوون بیکەن چونکە ئەوان خۆشەویستیان بۆ پێغەمبـەر (ﷺ) زۆر تـر بـوو وە زیـاتر ڕێزیـان لێدەگرت هەروەها ئەوان پێداگر تر بوونە لە سەر کردەوەی چاك لە ئێمـە ... ) بڕوانـە : (إقتضاء صراط المستقيم) ل : (٢٩٥) .

[٦٥] چونکە عوبەیدیەکان بە زۆر دەستیان گرتبـوو بـە سـەریدا و حوکمیـان دەکـرد بـەو بیروباوەڕە (باطنية) پووچەڵەی هەیان بوو ، ئەمەش لە وڵاتدا بڵاو و زۆرینە بوو ، هـەر وڵاتێك حوکمـەکانی ئیسـلام و حوکمـەکانی کـوفر تیایـدا ئاوێتـە بـوون زانایـان ڕایـان جیاوازە ئایا بە (وڵاتی جەنگ / دار الـحرب) ناودەبرێت یان نا ؟ بەشێك لە زانایان= =وتوویانە : بە وڵاتی ئیسلام ناو دەبرێت بە پێی ئەسڵی ئەو وڵاتە کـە ئیسـلامیـیە بـە مەرجێك حوکمی کوفر زۆرینە نەبێت .

هەندێکی تر ئەڵێن : بە وڵاتی ئیسلام حیسـاب دەکرێـت گـەر بـانگی بـە ئاشـکرا تێدا ببیسترێت ، هەندێکی تر لە زانایان وتویانە : هەر وڵاتێك ئەحکامەکانی ئیسلام و کوفری تیادا بێت هیچ ناوێکی بە سەردا نادرێت و تێیدا دەوەستیت ...

هەندێکی تر وتوویانە : ئەحکامـەکانی ئیسلام گەر زۆرینە بوو ئەوا ئەو وڵاتـە بـە وڵاتی ئیسلام حیساب دەکرێ هەروەها ئەگەر ئەحکامەکانی کوفر زۆرینە بوو ئـەوا بـە وڵاتی کوفر دادەنرێت . بڕوانە : (شرح كشف الشبهات) صالـح آل الشيخ ل : (١٧٤) .

**وە پێی دەوترێ : ئەگەر بە قسەی تۆ بێ کە کافرەکانی کۆن بە کافر حسێب نەکران تەنها لە بەر ئەوەی هاوەبشدانان و بێ باوەڕبوون**

---

هەروەها شیخ (صالـح آل الشیخ) لە وەلامـی پرسـیارێکدا لـە سـەر پەیوەنـدی ولاتـی ئیسلام و ولاتی کوفر بە حاکمەوە دەفەرموێت : (دار الكفر ودار الإسلام لا علاقـة لـهـا بالحاكم قد يكون الحاكم مسلماً والدار دار كفر مثل النجاشي في الحبشة هو مسـلم وداره دار كفر ، وقد يكون الحاكم كافراً والدار دار الإسلام إذا كان حصل منه موجـب للـردة بشخصه فلا ارتباط بين حكم الدار والحاكم ، الحاكم إذا كفر يجب خلعه مع الأستطاعة مع القدرة يعني إذا لـم يكن له شبهة أو تأويل) بڕوانە : (شرح كشف الشبهات) ل : (١٧٦) .

شێخ (ابن العثيمين) لە پێناسەی (ولاتی کوفر و ولاتی ئیسلامدا)دا فەرموویەتی :

(وبلد الشرك هو الذي تقام فيها شعائر الكفر ولا تقام فيه شعائر الإسلام كالأذان والصلاة جماعة والأعياد والـجمعة على وجه عام شامل ، وإنما قلنا على وجه عـام شامل ليخرج ما تقام فيه هذه الشعائر على وجه محصور كبلاد الكفار التي فيها أقليات مسلمة فإنها لا تكون بلاد إسلام بـما تقيمه الأقليات المسلمة فيها من شعائر الإسلام ، أما بلاد الإسلام فهي البلاد التي تقام فيها هذه الشعائر على وجه عام شامل) شـرح الأصول الثلاثة ص : (١٠٦) .

واتە : ولاتی شیرك ئەو ولاتەیە کە دروشمەکانی بێباوەڕی بە ئاشکرا تیایدا ئـەنجام بدرێت و دروشمەکانی ئیسلام وەك بانگ و نوێـژی جەماعـەت و جەژنـەکان و جومعـە= =کردن بە شێوەیەکی ئاشکرا و گشتی ئـەنجام نـەدرێت ، بۆیـە وتـمان بـە شـێوەیەکی ئاشکرا و گشتی بۆ ئەوەی ئەو جێگایانە نەگرێتەوە کە لە هەندێ ولاتی بێباوەڕەکانـدا ئەم دروشمانەی تێدا ئـەنجام دەدرێـت بـە شـێوەیەکی دیـاری کـراوی ناگشـتی لـە لایـەن کەمایەتییە موسڵمانەکانەوە ، ئەم ولاتانە بەم دروشمانـەی ئـەم کەمایەتییانـە دەیکـەن نابن بە ولاتی ئیسلام ، ولاتی ئیسلام ئەو ولاتەیە کە ئەم دروشمانەی تێدا ئەنجام بدرێت بە شێوەیەکی ئاشکرا و گشتی .

بــە پێغەمبــەران و قورئــان و ئینکــاری کردنــی زیندووبوونــەوەیان کۆکردەوە لـە خۆیاندا ئـەی کـەوابوو ئـیتر چ سـودێکی تێدا هەیـە کـە زانایان و هەموو مەزهەبەکان باسی حوکمی هەڵگـەڕاوە(الـ ـمرتد)یـان کـردووە کـە بریتیـە لـەو موسـڵمانەی لـە دوای موسـڵمان بـوونی کـافر دەبێتەوە ، پاشان چەندەها جۆریان تێدا باس کردووە کە هەر یەکەیان موسڵمان پێی کافر دەبێ و خوێن و ماڵی حەڵاڵ دەکات تەنانەت زانایان شتی وایان باس کردووە کە موسڵمان بیانکا وەکو ووشـەیەك بـە زمـان بیڵێت [٦٦] بە بێ ئەوەی لە دلێدا هـەبێ یـان ووشـەیەك بڵـێ بـۆ خـاتری گاڵتە.

---

[٦٦] ئەم مەسەلەیە چوار پێشەوا و زانایانی چوار مەزهەبەکان لە سەری پێکهاتوون کـە کوفر جاری واهەیە بە یەك وشە دەکرێت بە بێ بیروباوەڕی دڵ ، بۆ دەرچون لـە ئـاینی= =ئیسلام بە مەرج نەگیراوە بە دڵ باوەڕی پێی هەبێت بەڵکو وشەیەك ئەڵێت بە زمـانی بە بێ بیروباوەڕی دڵ بەوە کافر دەبێت یـان وشـەیەك دەڵێـت بـۆ خۆشـی و گاڵتـە و بـە دڵیشی دڵی لەسەر دانەبەستووە ، بۆ چی ؟ چونکە پاراستنی شەریعەتی ئیسلام واجبـە ، هەروەها لەبەر ئەوەی کەسێك ئەوە بکات ئەوا وازی لەو ڕێزگرتنـە هێنـاوە ، هەنـدێ وشە هەن پێویستیان بە بیروباوەڕی دڵ نیە وەکـو جـوێن دان بـە خـوای گـەورە یـان بـە پێغەمبەری خوا (ﷺ) یان جوێن دان بە خودی ئاینی ئیسلام یـان وەك ئەمانـە ، ئـەم جۆرانە پێویستیان بە بیروباوەڕ نیە بەڵکو ئەگەر جوێنی بە خوای گەورە دا کافر دەبێت یا بە بیروباوەڕ و دڵ نەبێت ، هەروەها ئەگەر جوێنی بە پێغەمبەردا (ﷺ) کافر دەبێت وەکو شێخ الإسلام ابن تیمیة لە کتێبەکەیدا (الصارم المسلمون علی شـ ـاتم الرسـ ـول) یەکلای کردووەتەوە . بڕوانە (شرح کشف الشبهات)ی صالـ ـح آل الشیخ ل : (١٢٩ـ ١٨٠) .

وه دیسان پێی دەوترێ : ئەوانەی خوای گەورە لە باسیاندا دەفەرموێ : ﴿يحلِفُونَ بِاللّهِ ما قَالُواْ ولَقَد قَالُواْ كَلِمةَ الكُفْرِ وكَفَرواْ بعد إِسلاَمِهم﴾ [سورة التوبة : (٧٤)] واته : دووڕووەکان سوێند به خوا دەخۆن که قسەیەکی نابەجێیان نەکردووە کە چی سوێند بە خوا بەڕاستی ئەوانە درۆ دەکەن بەڵکو گوفتاری کوفر و بێباوەڕی هات بە دەمیاندا ئەوانەی دوای موسڵمان بوونیان بێباوەڕ بوونەوە ، ئایا نەت بیستووە کە خوا بە کافری داناون هەر چەندە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) بوون و لە گەڵ ئەودا جیهادیان دەکرد و نوێژیان دەکرد و زەکاتیان دەدا و حەجیان دەکرد و یەکخواپەرستیان دەکرد ؟

ئەوانەی کە خوای گەورە لە باسیاندا دەفەرموێ : ﴿قُلْ أَبِاللّهِ وآياتِهِ ورسولِهِ كُنتم تستهزِؤُونَ (٦٥) لا تعتذِرواْ قد كَفَرتم بعد إِيمانِكُم إِن نعف عن طَآئِفَةٍ منكُم نعذب طَآئِفَةً بِأَنهم كَانوا مجرِمِين (٦٦)﴾ [سورة التوبة] واته : پێیان بڵێ : ئایا ئێوە بە خوا و ئایەتەکانی و پێغەمبەرەکەی گاڵتەتان دەکرد ؟ ئیتر بێ سوودە پاکانە مەکەن چونکە بەڕاستی ئێوە بێباوەڕ بوون دوای ئەوەی لە رواڵەتدا باوەڕتان هێنابوو ئەگەر لە دەستەیەکتان خۆشببین دەستەیەکتان هەر ئازار دەدرێت چونکە بەڕاستی ئەوان تاوانبار بوون .

ئەوانەی کە خوای گەورە بە ڕاشکاوی فەرمویەتی کافر بوونەتەوە لە دوای باوەڕهێنان لە کاتێدا لە گەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بوون لە

جەنگی (تبوك)دا ، قسەیەكیان ووت كە بۆ خاتری گاڵتە[٦٧] ووتیان ، كەوابوو بیركەوە لەم شوبهەیە كە دەڵێن : (ئێوە موسڵمانان كافر دەكەن ئەوانەی شایەتوومان دێنن و نوێژ دەكەن و ڕۆژوو دەگرن

---

[٦٧] ئەوانە دووڕوبوون وەك خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿**يحذَر المنافِقُونَ أن تنزلَ عليهم سورةٌ تنبئُهم بِما فِي قُلوبهم قُل استهزؤوا إن الله مخرج ما تحذَرونَ (٦٤) ولئِن سألتهم ليقُولن إنما كُنا نخوض ونلعب قُلْ أبِاللّهِ وآياتِهِ ورسولِهِ كُنتم تستهزؤونَ (٦٥) لا تعتذِروا قَد كفَرتم بعد إيمانِكُم إن نعف عن طآئفَةٍ منكُم نعذب طآئفَةً بِأنهم كانوا مجرمين (٦٦)**﴾ [سورة التوبة] واتە : دووڕووەكان دەترسن لەوەی سورەتێك دابەزێتە سەریان هەواڵیان بداتێ بەوەی لە دڵ و دەروونیاندایە ، پێیان بڵێ : گاڵتە بكەن ! بێگومان ئەوەی لێی دەترسن خوا هەر ئاشكرای دەكات بۆ خۆتان و بۆ خەڵكیش ، ئەی پێغەمبەر (ﷺ) كاتێك لە گوفتاری نابەجێیان ئاگادار دەبیت و لێیان دەپرسیت ئەوە خەریكی چین ؟ بێگومان دەڵێن : بەڕاستی ئێمە تەنها دەمەتەقێ و گاڵتەمان دەكرد پێیان ، بڵێ : ئایا ئێوە بە خوا و ئایەتەكانی و پێغەمبەرەكەی گاڵتەتان دەكرد ؟ بێ سودە پاكانە مەكەن و بیانو مەهێننەوە چونكە ئێوە كافر و بێباوەڕ بوونەوە دوای ئەوەی لە ڕواڵەتدا باوەڕتان هێنابوو ، ئەگەر لە دەستەیەكتان خۆش ببین (دوای تەوبەی= =ڕاستەقینە) دەستەیەكتان هەر ئازار دەدەین (بە هۆی كاری نابەجێیانەوە) چونكە بەڕاستی ئەوان تاوانبار و تاوانكار بوون .

ئەم ئایەتانە بەڵگەن ئەم چەند كەسە دووڕوو بوون ، بەڵگەی تەكفیر كردنیان لەم ئایەتانە بە هۆی ئەوە بوو كە گاڵتەیان كرد بە خوا و ئایەتەكانی و پێغەمبەرەكەی (ﷺ) بڕوانە : (شرح كشف الشبهات)ی صالح آل الشيخ ل : (١٨٢) ، هەروەها بڕوانە (تفسير القرطبي) : (١٩٨/٨) و (تفسير ابن كثير) : (٤١١/٢ ـ ٤١٢) .

پاشان به باشی حاڵی ببه له وەڵامی ئـەم شـوبهەیه کـه بـه سـود تـرین شته لەوانەی لەم چەند لاپەڕەیەدا نووسراوه.

لـەو بەڵگانـە ئـەوەی کـە خـوای گـەورە لـە (بنــي إســرائيل) دەیگێڕێتەوە لە گەڵ ئەوەدا کە موسڵمان بوونـە و زانسـتیان هـەبووە و پیاوچاك بوون لە هەمان کاتدا بە موسایان ووتـووە : ﴿اجعل لنا إلهـا كما لهم آلهةٌ﴾ [سورة الأعراف : (١٣٨)] واتـە : پـەرسـتراوێکمان بـۆ دابنـێ هەروەك چۆن ئەوان پەرستراویان هەیە .

وە وتەی هەندێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) کە ووتوویانە : (اجعل لنا ذات أنواط) واتە : شتێکمان بۆ دابنێ چەکەکانمانی پێدا هەڵواسین ، پێغەمبەر (ﷺ) سوێندی خوارد ئەوەی ئێوە دەیڵێن وەکو ئەوەیـە کـە (بنـي إسرائيل) ووتيـان : ﴿اجعل لنا إلهـا﴾[٦٨] ، بـەڵام موشـریکەکان شوبهەیەکیان هەیە و بەکاری دێنن لەم بەسەرهاتەدا کە بریتیـە لـەوەی ئەوان دەڵێن : (بنـي إسرائيل) بـە کـافر نـەزانراون و کـافر نەبوونـەوە ، هەروەها ئەوانەی ووتيان : (اجعلْ لنا ذات أنـواط) بـە کـافر نـەزانران ،

---

[٦٨] أخرجه الإمام أحمد : (٢/ ٢١٨) رقم : (٢١٧٩٧) والترمذي رقم : (٢١٨٠) وقال حديث حسن صحيح .

وتـەی (اجعلْ لنا ذات أنواط) واتـە کۆمـەڵـە کەسێك لـە هاوەڵـەکانی پێغەمبـەر (ﷺ) کە بە لای کۆمەڵێکدا تێپەڕین بینیان چەکەکانیان هەڵدەواسن بە دارێکـدا ئـەو کاتە دەرچوبوون بۆ حونـەین ئـەوانیش داوایـان کـرد لـە پێغەمبـەر (ﷺ) ئـەوەیان بـۆ بکات ئەویش ئەم فەرموودەیەی فەرموو .

کەوابوو وەڵام ئەوەیە کە بڵێی : بەڕاستی (بنـ ـي إسـ ـرائيل) ئـەوەيان نەکرد و ئەوانەش کە داوايان لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد نەيان کرد[٦٩] ، وە هيچ جياوازی تێدا نيـە کـە (بنـ ـي إسـ ـرائيل) ئـەوەيان نـەکرد ، ئەگـەر (بنـ ـي إسرائيل) ئەوەيان بکردايە ئەوا کافر دەبوون ، هەروەها ئەوانـەی پێغەمبـەر (ﷺ) قەدەغـەی لێکـردن ئەگـەر گوێڕايـەڵ نەبوونايـە و ئـەو دارەيـان دانايـە دوای قەدەغـەکردنی پێغەمبـەر (ﷺ) ئـەوا کـافر دەبوونەوە ، ئێمەش ئەمەمان مەبەستە.

بەڵام ئـەم بەسـەرهاتە سـودی ئـەوەی تێدايـە کـە موسـڵمان بـەڵکو زاناش جاری واهەيە دەکەوێتە جۆرێك لـە جۆرەکـانی شـرکەوە کـە بـە

---

[٦٩] شێخ صالح آل الشيخ دەفەرموێ : (کاتێـك شـوێن کـەوتوانی موسـی داوايـان کـرد بتيکيان بۆ دابنێت بە کردەوە نەيان کرد موسی ـ سەلامی خـوای لەسـەر بـێ ـ کاتێـك ئەوەی قەدەغە کرد و ڕاستيی فێـر کـردن ، وازيـان هێنـا لـە داواکارييەکـەی خۆيـان و گەڕانەوە بۆ تەنها خوا پەرستی ...

هەروەها لە باسی هاوەڵەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) دەفـەرموێت : (هل كفر أولئك الذين قالوا تلك الكلمة ؟ قال أهل العلم : طلبوا شيئاً ولم يفعلوه ، فتكفير المشـ ـركين حصل بشيئين : ١ ـ بالعكوف ،

٢ ـ وبطلب البركة وبنوط الأسلحة بالشجرة ، وهـ ـذان الفعـ ـلان التكفير بهما والحكم بالشرك بـ ـهما راجع إلى العمل ، ولذلك من قـ ـال هـ ـذه الكلمة فإنه لا يكفر لأنه لم يفعل ، فكفر أولئك بالعمل وهؤلاء لم يكفروا لأنهـ ـم لم يعملوا وطلبهم أُنكر عليهم فرجعوا إلى توحيدهم فلم يحصل منهم ذلـ ـك ...) شرح كشف الشبهات : (١٨٢ ـ ١٨٣) .

خۆی نازانێ ، وە سودی ئەوەی تێدایە کە پێویستە فێر بین و خۆمان ڕزگار کەین ، وە ئەوەمان فێر دەکات ئەوەی کە نەفامەکان دەیڵێن : (لە یەکخواپەرستی تێگەشتووین) ! بەڕاستی ئەمە لە گەورەترین نەفامی و فێڵەکانی شەیتانە ، وە سودی ئەوەی تێدایە کە ئەگەر موسڵمان نەیزانی قسەیەکی کرد و کافر بوو وە ئاگادار کرایەوە و خێرا هەر ئەو کاتە پەشیمان بوویەوە بە کافر دانانرێ ، وەکو ئەوەی (بنی اسرائیل) کردیان ، هەروەها ئەوانەی کە داوایان لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد ، وە سودی ئەوەی تێدایە هەر چەندە بە کافر دانانرێ بەڵام قسەی زۆر توندی پێدەکرێ وەکو پێغەمبەر (ﷺ) کردی .

## [گومانی دەیەم]

موشریکەکان شوبهەیەکی تریان هەیە کە دەڵێن :

پێغەمبەر (ﷺ) پێی ناخۆشبوو ئوسامە ئەو کەسەی کوشت کە وتی : (**لا إِلَهَ إلاَّ اللَّه**) و پێی وت : ((أقتلته بعد أنْ قال : **لا إِلَـهَ إلاَّ اللَّـه** ؟))[٧٠] واتە : ئایا کوشتت دوای ئەوەی وتی : (**لا إِلَـهَ إلاَّ اللَّـه**) ، هەروەها فەرموودەی : ((أُمِرت أنْ أُقاتِلَ الناس حتى يقولوا : **لا إِلَهَ إلاَّ اللَّه**))[٧١] واتە : فەرمانم پێکراوە لە گەڵ بێباوەڕاندا بجەنگم تا دەڵێن : (**لا إِلَهَ إلاَّ اللَّه**) ، وە چەندین فەرموودەی تر لە باسی نەکوشتنی ئەوانەی کە ئەم

---

[٧٠] رواه البخاري رقم : (٤٢٦٩) و (٦٨٧٢) ومسلم رقم : (٩٦) .

[٧١] رواه البخاري رقم : (١٣٩٩) و (٦٩٤٢) و (٧٤٨٤) ومسلم رقم : (٢٠) و (٢١) .

وشەیە بڵێن ، مەبەستی ئەو نەفامانە ئەوەیە کە هەر کەسێ (**لا إِلَهَ إلاَّ اللَّه**)ی وت ئیتر نەکافر دەبێتەوە و نەدەکوژرێ ئەگەر هەر چیەك بکات .

بەو موشریکە نەفامانە دەوترێ : ئاشکرایە پێغەمبەر (ﷺ) جەنگی لە گەڵ جولەکەدا (الیهود) کرد و کردیانی بە کۆیلە لە کاتێدا کە دەیان وت : (**لا إِلَهَ إلاَّ اللَّه**) ، وە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) جەنگیان لە گەڵ (بنـي حنیفة)دا کرد لە کاتێکدا کە شایەتیان دەدا بەوەی کە : (**لا إِلَهَ إلاَّ اللَّه** ، **وأنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ الله** ، واتە : هیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خودا ، وە موحەمەدیش پێغەمبەری خوایە) ، وە نوێژیان دەکرد و خۆشیان بە موسڵمان دەزانی ، هەروەها ئەوانەی ئیمامی عەلی سوتاندنی .

وە ئەو نەفامانە دان بەوەدا دەنێن کە : هەر کەسێ ئینکاری زیندوبوونەوە بکات بە کافر دادەنرێ و دەکوژرێ هەر چەندە بشڵێ : (**لا إِلَهَ إلاَّ اللَّه**) ، وە هەر کەسێ ئینکاری شتێك لە پایەکانی ئیسلام بکات بە کافر دادەنرێ و دەکوژرێ ئەگەر چی بشڵێ : (**لا إِلَهَ إلاَّ اللَّه**) کەوابوو چۆن شایەتومان سودی بۆی نییە ئەگەر ئینکاری لقێکی دین بکات بەڵام سودی پێدەبەخشێت ئەگەر ئینکاری خواپەرستی بکات لە کاتێکدا بنچینە و سەری ئاینی پێغەمبەرانە ؟! بەڵام دوژمنانی خوا لە مانای فەرموودەکان تێنەگەیشتوون و تێشناگەن [٧٢] .

---

[٧٢] دانەر ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ دەفەرموێ : (تێنەگەیشتوون وتێشناگەن) :

برگــەی (تێنەگەیشــتوون) واتــە : لــە مانــای فــەرموودەکان تێنەگەیشــتوون و بەلایشیدا نەڕۆشتوون چونکە لاسایی کوێرانــە و وشــکێتی لــە بیرکردنــەوە چــاوی کــوێر کردوون .

ئەمما بڕگەی (تێشناگەن) : چونکە بیدعە ئەگەر لکا بە دڵەوە زۆر قورسە خــاوەنی لــە دەســتی ڕزگــاری ببێــت وەك پێغەمبــەر (ﷺ) دەفــەرموێ لــە فەرموودیــەکی (صحیح)دا دەفــەرموێ : ((أنه سيخرج في أمتي أقوام يتجارى بهم تلك الأهواء كمـا يتجارى الكلب بصاحبه)) وقال عمرو: ((الكلب بصاحبه لا يبقى منه عرق ولا مفصل إلا أدخله)) روه أبوداود رقم : (٤٥٨٦) وأحمد : (١٠٢/٤) وصححه الإمام الألبانـي في سلسـلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٦٤) .

واتە : لە ئومــەتی مندا تاقمانێك دروست دەبن هەواوئارەزوو لە لەش و دڵیاندا دەگەڕێت وەك چۆن نەخۆشی (سەگەناز) بە هــەموو لەشـدا دەگــەڕێت . (عــەمر) وتــی: نەخۆشی (سەگەنازی) هیچ دەمار و جومگەیەك ناهێڵێت واتە دەچێتە هەمووی . =

(سەگەنازی) ناوی نەخۆشییەکە کــە لــە ئــەنجامی گەســتنی ســەگی هــاردا توشــی مــرۆڤ دەبێت .

لێرە پرسیارێك دێتە ئاراوە : ئایا نەیارەکان کە تێناگــەن لــە حــەق ئایــا بیانوویــان لای خوا دەمێنێت ؟

لە وەڵامدا نەخێر ، چونکە تێگەیشتن لە بەڵگە مەرج نیە بۆ تەکفیر کردن ، کاتێ ئــەڵێین : تێگەشــتن مــەرج نیــە هەڵبەتــە مەبەســتمان لــەم جــۆرە تێگەشــتنە جــۆری= =تێگەیشتن لە زمان نییە ، چونکە ئەگەر کەسێك زمانی عەرەبی نــەزانێت لــە قورئــان وفەرموودە تێناگات ، کــە تــۆ بەڵگــەی بــۆ بێنیــت لــە قورئــان و فــەرموودە و ئــەویش تێناگات ئەمە نابێتە بەڵگە و پێی ناوترێت (إقامة الـحجة) کــەوابوو کــام تێگەیشــتن مــەرج نییە ؟ بەڵێ ئەوەی کە مەرج نیتە بریتییە لە تێگەیشــتنێك کــە وەڵام بداتــەوە و ببێتە بەڵگەی ڕاجح لای ئەو ، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿إنـا جعلنـا علـى

بەڵام فەرموودەکەی ئوسامە کە پیاوێکی کوشت کە بانگەشەی ئیسلامی دەکرد ، چونکە ئوسامە وای دەزانی ئەو بانگەشەیە ناکات تەنها لە ترسی خۆێن وماڵیدا نەبێت ، هەر کەس ئەگەر موسڵمان بوونی خۆی ئاشکرا کرد ئەوا واجبە دەست لە خوێن و ماڵی هەڵبگیرێ هەتاوەکو شتێکی لێ دەوەشێتەوە کە پێچەوانەی موسڵمان بوونەکەی

---

قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ﴾ [سورة الكهف : (٥٧)] واتە : بەڕاستی ئێمە پەردەمان هێناوە بە سەر دڵیاندا تا لە ئایەتەکانی ئێمە تێنەگەن ، هەروەها دەفەرموێ : ﴿وَكَانُوا لَا يَسْتَطِيعُونَ سَمْعًا﴾ [سورة الكهف : (١٠١)] واتە : نەیاندەتوانی ئایەتەکانی خوا ببیستن کە دەیانیگەیاند بە ئیمان لە بەر ئەوەی ڕقیان بوو لە قورئان و پێغەمبەر (ﷺ) ، چونکە ڕق لە دڵ ناتوانێت گوێ بگرێت بۆ فەرمایشتی ئەو کەسەی ڕقیلێیەتی .

ئەم موشریکانە گوێڕاناگرن بۆ سود و کەڵك وەرگرتن با بە گوێش ببیستن یان لە ئایەتێکی تردا دەفرموێ : ﴿مَا يَأْتِيهِم مِّن ذِكْرٍ مِّن رَّبِّهِم مُّحْدَثٍ إِلَّا اسْتَمَعُوهُ وَهُمْ يَلْعَبُونَ﴾ [سورة الأنبياء : (٢)] واتە : هیچ یادەوەریەکی تازەیان لە لایەن پەروەردگاریانەوە بۆ نایەت کە ئەوان گوێ بیستی نەبوون و لەو کاتەدا یاری و گەمەی پێنەکەن .

وە لە کاتێکدا گوێش ڕادەگرن بە گوێ بەڵام بەدڵ نییە .

کەوابوو بە کورتی تێگەشتنی تەواوی بەڵگەکان بۆ دوژمنان نابێتە بیانوو بۆیان کاتێ ئەمە ئەڵێین مەبەستمان ئەوە نییە کە نەیارەکان لە دڵدا ئەوەیان بۆ دروست ببێت کە خۆیان لە سەر ناحەقن و هیچ بەڵگەیان پێ نییە ، تەنها ئەوەندە بەسە لەمانای ئایەت و فەرموودەکان تێبگەن باوەڕ دەکەن یان نا ئەوە نابێتە بیانوو .

دوای ئەم ڕون کردنەوەیە بۆت دەر ئەکەوێ کاتێك شێخ دەفەرموێ : (ولَن يفهموا) واتە : (تێشناگەن) واتە لەبەر ئەوەی دڵیان بە خۆشەویستی شیرك و بیدعە ئاوێتە بووە . بڕوانە : (شرح كشف الشبهات)ی صالح آل الشيخ ل : (١٩٤ ـ ١٩٥) .

ببێت ، هەر لەم باسەدا خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاندووە کە دەفەرموێ : ﴿يا أيها الذين آمنوا إذا ضربتم في سبيل اللّهِ فتبينوا﴾ [سورة النساء : (٩٤)] .

واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێك دەرئەچن بۆ ڕاگەیاندنی ئیسلام و جیهاد لە پێناوی خوادا وردبین بن و دورەپەرێز بن لە هەڵەشەیی و پەلە کردن ، ﴿تبينـوا﴾ واتە : (تَثَبتـوا) واتە تیایدا بوەستن هەتاوەکو موسڵمان لە کافر جیادەکرێتەوە ، کەوابوو ئەم ئایەتە دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە پێویستە دەستی لێهەڵبگیرێ و تیایدا بوەستی ، دوای ئەوە ئەگەر شێتێکی لێ دەرکەوت کە پێچەوانەی ئیسلام بوو دەکوژرێ لە بەر ئەم فەرموودەیەی خوای مەزن کە دەفەرموێت : ﴿فتبينوا﴾ گەر بێت و نەکوژرێ ئەگەر ووتی ئەوا تیادا وەستان و (تَثَبت) هیچ مانایەکی نابێ .

هەروەها فەرموودەی دووەم و ئەوانەی وەك ئەم فەرموودەیەن واتاکەی ئەوەیە ـ وەك باسمان کرد ـ هەر کەس موسڵمانێتی و خواپەرستی خۆی ئاشکرا بکات پێویستە وازی لێبهێنن مەگەر شتێکی لێبەدەرکەوێت کە دژی ئەو موسڵمانبونەی بێت .

بەڵگەش لە سەر ئەمە ئەوەیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە فەرموویەتی : ((أقتلته بعد أنْ قال : **لا إلَهَ إلاَّ اللّه** ؟)) واتە : ئایا کوشتت دوای ئەوەی وتی : (**لا إلَهَ إلاَّ اللّه**) ؟ هەروەها فەرموویەتی : ((أُمِرت أنْ أُقاتِلَ الناس حتى يقولوا : **لا إلَهَ إلاَّ اللّه**)) واتە : فەرمانم پێکراوە لە گەڵ

بێباوەڕاندا بجەنگم تا دەڵێن : (**لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّه**) ، هەر ئەو پێغەمبەرەیە (ﷺ) کە سەبارەت بە خەوارج فەرموویەتی : ((أينما لقيتموهم فاقتلوهم)) .. ((لِئن أدركتهم لأقتلنهم قتلَ عادٍ))[٧٥] .

واتە : لە هەر کوێدا پێیانگەیشتن بیانکوژن ئەگەر من گەیشتمە ئەو کاتە دەیانکوژم و لە ناویان دەبەم هەر وەك چۆن خوای گەورە نەتەوەی (عاد)ی لەناو برد ، لە کاتێکدا ئەوان لە هەموو کەس پەرستش و تەهلیل و تەسبیحاتیان زیاتر بوو[٧٦] ، تەنانەت هاوەڵان

[٧٥] بڕگەیەی : ((**أينما لقيتموهم فاقتلوهم**)) رواه البخاري : (٦٩٣٠) ومسلم : (١٠٦٦) من حديث علي بن أبي طالب (رضي الله عنه) .

بەڵام بڕگەیەی : ((**لِئن أدركتهم لأقتلنهم قتلَ عادٍ**)) رواه البخاري : (٣٣٤٤) ومسلم : (١٠٦٤) من حديث أبي سعيد الخدري (رضي الله عنه) .

[٧٦] ڕون کردنەوە :

١ ـ مەرج نییە هەر تاقمێك جەنگی لە گەڵدا بکرێت حوکمی کافر بوونی بەسەردا بدرێت ، چونکە جاری واهەیە حوکمی کوفری بەسەردا دەدرێت بەڵام جەنگی لە گەڵدا ناکرێت ، جاری واش هەیە جەنگی لە گەڵدا دەکرێت کافریش نییە وەك (خـوارج)= =ئەم تاقمە تەکفیر ناکرێت چونکە پرسیارکراوە لە ئیمامی عەلی ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ دەربارەی ئەوان : ئایا کافرن ؟ ئەویش فەرمووی : ئەوان لە کوفر ترسان هەڵهاتوون ، لە ئیمامی (أحمد)ەوە ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ دوو ڕیوایەت لەسەریان هەیە ڕای پەسەند و پشت ڕاست ئەوەیە کە تەکفیری نە کردوون .

٢ ـ ئەوەی کە قوتابی هاوەڵان بووە بە چاك حیساب ناکرێت چونکە قوتابێتی شتێکە و مانەوە لەسەر **ڕێگای ڕاست** شتێکی ترە ، بەڵکو (عبد الرحمن ابن ملجم) بکوژی ئیمامی عەلی ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ لە مەدینە یەکێك بوو لەو کەسانەی کە

نوێژی خۆیانیان لەوان بەکەمتر دەزانی ، وە ئەوان لە هاوەڵانەوە فێری زانست بووبوون ، کە چی ئەو (**لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّه**) ووتن و زۆری عیبادەت و خۆ بە موسڵمان زانینە سودی پێنەگەیاندن کاتێك پێچەوانەکردنی (مخالفة) شەریعەتی ئیسلامیان لێدەرکەوت .

هەروەها ئەوەی باسمان کرد لە جەنگین لە گەڵ جولەکەدا ، وە جەنگی هاوەڵان لە گەڵ (بني حنيفة)دا ، هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) ویستی لە گەڵ (بني المصطلق)دا بجەنگێ کاتێك کابرایەك هەواڵی پێدا کە ئەوان زەکات نادەن تاوەکو خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند کە دەفەرموێ : ﴿**يا أيها الذين آمنوا إن جاءكم فاسق بنبإ فتبينوا أن تصيبوا قوما بجهالة فتصبحوا على ما فعلتم نادمين**﴾ [سورة الحجرات : (٦)] واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر کەسێکی متمانەپێنەکراو هەواڵێکی بۆ هێنان خێرا بڕوای پێ مەکەن بەڵکو سەرنج بدەن و لێی بکۆڵنەوە تا بۆتان ڕون دەبێتەوە نەوەکو ئازار و ناخۆشی و گیروگرفت بۆ خەڵکی دروست بکەن بە نەزانی جا دوایی

---

قورئانی چاکتر دەزانی و عیبادەتی زۆر تر بوو پیاوچاکتر بوو تا لە سەردەمی ئیمامی عوسماندا بیدعە و شوبهەکان لاڕێیان کرد پاشان ئیمامی عەلی کوشت ، بۆیە تەنها خوێندنی زانستی شەرعی لای کەسێك کە لەسەر ڕێگای ڕاستە مانای وانیە قوتابییەکەش لەسەر حەق بێت لە هەموو کاتێکدا چونکە مامۆستاکە هەموو کاتێك نابێتە حوکم بە سەر قەتابییەکەوە ، چەندین کەس هەبوون کە ئەهلی سوننە فێری کردن دوایی لە گەڵ ئەهلی بیدعەدا ڕۆشتن و لاڕێبوون ... لە کتێبی (شرح كشف الشبهات)ی صالح آل الشيخ ل : (١٩٩) وەرگیراوە .

پەشیمان ببنەوە لەو کارەی کە پێی هەستاون ، لە کاتێکدا ئەو کەسە درۆی بۆ کردن ، هەموو ئەمانە بەڵگەی ئەوەیان تێدایە کە مەبەستی پێغەمبەر (ﷺ) لەم فەرموودانەدا کە ئەو موشریکە نەفامانە دەیکەنە بەڵگە ئەوەیە کە باسمان کرد

## [گومانی یازدەهەم]

شوبهەیەکی تریان ئەوەیە کە : پێغەمبەر (ﷺ) باسمان بۆ دەکات کە لە ڕۆژی قیامەتدا هاوار دەبەن بۆ لای ئادەم و داوای لێ دەکەن شەفاعەتیان بۆ بکات پاشان بۆ لای نوح و پاشان بۆ لای ئیبراهیم و پاشان بۆ لای موسا و پاشان بۆ لای عیسا ، ئەمانە هەموویان نەتوانینی خۆیان دەردەبڕن ، لە کۆتاییدا دێنە لای پێغەمبەری خۆمان (ﷺ) ، ئەڵێن : کەوابوو ئەمە دەبێتە بەڵگە لە سەر ئەوەی هاوار بردن بۆ لای جگە لە خوا شیرك نیە[٧٧] !

وەڵامیش ئەوەیە کە بڵێین : پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی مۆرکی ڕەشی داوەتە سەر دڵی دوژمنانیدا چونکە ئێمە ئینکاری هاوار

---

(٧٧) ئەمەش شوبهەیەکی ترە موشریکەکان دەیکەنە بەڵگە ! تەنانەت خۆیان بە موسڵمان و دۆستی خوای گەورە دەزانن ! ئەڵێن : ئەوەتە خەڵکی لە ناڕەحەتی ڕۆژی قیامەتدا داوای کۆمەکی لە پێغەمبەران دەکەن ، وە بۆ ئەوەی دیوارەکەیان تەواوکەن ئەڵێن : پێغەمبەران کە مردوون بەڵام لە گۆڕەکانیاندا زیندوون وەکو ژیانی ڕۆژی دوایی ، ئێمەش ئەڵێین : ڕاستە زیندوون بەڵام نەك وەك ئەم ژیانەی دونیا ئەو ژیانەی ناو گۆڕ ئێمە نازانین چۆنە و جیاوازە لەم دونیایە ، بەڵام لە قیامەتدا ئەوان ئەتوانن پاڕانەوە بکەن بە بەڵگەی شەرعی بەڵام لە گۆڕدا هیچ بەڵگەیەك نییە ، ئەنجا داوای کۆمەکی کردن هاوەڵان نەیانکردووە .

بـردن و داوای کۆمـەکی کـردن لـە دروسـت کراوەکـان ناکـەین لەوانـەی توانایان هـەبیّ بـە سـەریدا وەك خـوای گـەورە لـە بەسـەرهاتی موسـادا دەفـەرمویّ : ﴿فَاسْتَغَاثَهُ الَّذِي مِن شِيعَتِهِ عَلَى الَّذِي مِنْ عَـدُوِّهِ﴾ [سـورة القصص : (١٥)] واتە : ئەوەی خزمی خۆی بوو موسای بینی هـاواری لێکـرد کە فریای بکەوێت و زاڵی بکات بە سەر دوژمنەکەیدا ، وە هەروەك چۆن مرۆڤ لە کاتی جەنگ و لـە شـتی تـردا داوای کۆمـەکی لـە هاوەڵـەکانی دەکات لە شتانێکدا کە لە توانای ئادەمیزاددا هەبیّ ، وە ئێمە ئینکـاری ئەو داوای کۆمەکی و یارمەتی کردنەمان کردووە کە لە پاڕانەوەی گۆڕی پیاوچـاکاندا ئـەنجامی دەدەن ، یـان لـە کـات و شـوێنێکدا کـە خۆیـان ئامادە نین لە شتانێکدا کە لە توانای کەسدا نیە تەنها خوا نەبیّ .

ئەگەر ئەو شتانەت بۆ سەلمێنرا ئەوا بۆت دەردەکەویّ کـە ئـەو خەڵکـە لــە ڕۆژی قیامەتــدا داوای کۆمــەکی لــە پێغەمبــەران دەکــەن ئەیانــەویّ پێغەمبەران داوا لە خوا بکەن کە خوای گەورە موحاسەبەی خەڵکی دەسـت پیّ بکات بۆ ئەوەی ئەهلی بەهەشـت ئیسـراحەت بکـەن لـە ناڕەحـەتی ئـەو مەوقیفـە ، ئەمـەش شـتێکی دروسـتە لـە دونیـا و قیامەتـدا ، ئـەوەش بـە شێوازێك دەبیّ بچیتە لای پیاوێکی (صاڵحی) زیندوو کە لە گەڵت دابنیشیّ و گویّی لە قسەکانت هـەبیّ و تـۆش پێـی بڵێـی : لای خـوا بـۆم بپـاڕێرەوە ، وەکو چۆن هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) داوایان لـە پێغەمبـەر (ﷺ) دەکـرد کە بۆیان بپاڕێتەوە لە کاتێکدا کە لە ژیاندا مابوو بەڵام دوای مردنی (حاشا) کە شتی وایان کردبیّ لە پەنای گۆڕەکەیدا (ﷺ) ، بە هیچ شێوەیەك شتی وایان نەکردووە ، بەڵکو پێشینان (سەلەف) ئینکاری ئەوەیان کردووە و

بواریان نەداوە بە کەسێك کە لە پەنای گۆڕەکەیدا لە خوا بپاڕێتەوە چ جای داوا لە خودی پێغەمبەر (ﷺ) بکات دایك و باوکم بە قوربانی بێت .

## [گومانی دوازدەهەم]

وە شوبهەیەکی تر لە شوبهەکانیان بریتیە لە : بەسەرهاتی پێغەمبەر ئیبراهیم ـ سەلامی خوای لە سەر بێ ـ کە ئەو کاتەی خرایە ناو ئاگرەکەوە (جبریل) هات و لە ئاسمانەوە پێی فەرموو : ئایا هیچ پێویستەییەکت بە من نیە بۆت ئەنجام بدەم[٧٨] ؟ پێغەمبەر ئیبراهیم ـ سەلامی خوای لە سەر بێ ـ لە وەڵامدا فەرمووی : **هیچ پێویستییەکم بە تۆ نییە** .

---

[٧٨] روى ابن كثير هذا الأثر في (البداية والنهاية) : (١/ ١٦٤) في قصة إبراهيم ـ عليه السلام ـ والطبري في تفسيره : (٤٥/١٧) والبخاري في التاريخ : (١٤٨/١) وأبو نعيم في الحلية : (٢٠/١) والبيهقي في شعب الإيمان : (١٠٧٧) .

**لكن هذا الأثر لا يثبت بسندٍ صحيح ولا ضعيف ، ذكره الإمام الألباني في كتابه العجاب "سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة"** رقم : (٢١) وقال : **لا أصلَ له .**

موشریکەکان ئەڵێن : ئەگەر داوای کۆمەکی کردن شیرك بووایە جیبریل نەیدەخستە ڕوو بۆ ئیبراهیم ـ سەلامی خوای لێبێت ـ ، دەبینیت ئەم بەڵگە خوازیانەی ئەوان لە شوێنی خۆیدا نییە و ئێمە مەبەستمان لەم قەدەغە کردنە داوای کۆمەکی کردنە لە مردووەکان و ئەوانەی نادیار و توانایان نییە نەك کەسی ئامادە و بە توانا ، ئەمەش ـ ئەگەر صەحیح بووایە ـ دەبووە بەڵگە بەسەریانەوە چونکە جیبریل ـ سەلامی خوای لێبێت ـ زیندووە و بە توانایە ، ئەمە بزانە زۆر گرنگە .

ئەڵێن : ئەگەر داوای کۆمەکی کردن و یارمەتی دان شیرك بوایە ئەوا (جبریل) بۆ ئیبراهیمی دەرنەدەبڕی و نەیدەوت پێویستیت هەیە بە من؟

وەڵامی ڕاستیش ئەوەیە : ئەم شوبهەیەش وەك شوبهەی یەکەمە چونکە (جبریل) شتێکی بو ئیبراهیم خستە ڕوو بۆ ئەوەی سودی پێبگەیەنێت کە توانای بەسەریدا دەشکێ و خوای گەورەش لە وەسفیدا دەفەرموێت : ﴿شَدِيدُ الْقُوَى﴾ [سورة النجم : (٥)] واتە : جبریل فریشتەی خاوەن هێز و توانایەکی زۆرە ، ئەگەر خوا ڕێی بدایە بە (جبریل) ئاگری ئیبراهیم و دەور و بەریشی لە زەوی و شاخەکان ببات و فڕێ بداتە خۆرهەڵات یان خۆرئاوا ئەوا دەیکرد زۆر بە ئاسانی ، وە ئەگەر خوای گەورە فەرمانی بکردایە بە (جبریل) کە ئیبراهیم ـ سەلامی خوای لە سەر بێ ـ دوور بخاتەوە و لە شوێنێکی دور لە موشریکەکان دایبنێ ئەوا زۆر بە ئاسانی دەیکرد ، وە ئەگەر فەرمانی بکردایە کە بەرزی بکاتەوە بۆ ئاسمان ئەوا دەیکرد ، ئەو شوبهەیەش وەکو کابرایەکی دەوڵەمەند وایە کە ماڵ و سامانێکی زۆری هەبێ و کابرایەکی هەژار و دەست کورت ببینێ و پێی ڕابگەیەنێ کە ئەمەوێ لەم ماڵەی خۆم ئەوەندە قەرز و بەخشینت بدەمێ کە بتوانی پێداویستیەکانی خۆتی پێ تەواو بکەیت ، بەڵام کابرای هەژار قایل نەبێ و لە سەر هەژاری ئارام بگرێ بەڵکو خوای گەورە خۆی ڕۆزیەکی بۆ بنێرێ کە منەتی هیچ کەسێکی تێدا نەبێ ، کەوابوو ئەم کۆمەکی کردنە زۆر

دووره لەوەی تر کە پەرستنە و هاوبەشی دانانە بۆ خوا ئەگەر بفامن و تێ بگەن ؟

## [کۆتایی]

کۆتایی باسەکانمان دێنین بە مەسەلەیەکی زۆر گەورە و گرنگ کە دەبێتە مایەی ئەوەی ئەوانەی پێشوو بە جوانی ڕونببێتەوە و تێگەشتن لێی ئاسان ببێت ، بەڵام ئەم مەسەلەیە بە تایبەت و تەنها باسی دەکەین لە بەر پلە و پایە و زۆری هەڵە کردن لەم مەسەلەیەدا ، بۆیە ئەڵێین :

جیاوازی لەوەدا نیە کە یەکخواپەرستی ئەبێ بە دڵ و زمان و کردار[٧٩] ئەنجام بدرێ گەر هات و یەکێك لەمانە نوقستان بوو ، ئەو کابرایە بە موسڵمان حسێب ناکرێ ئەگەر چی یەکخوا پەرستی بزانێ بەڵام کردەوەی پێ نەکات ئەوا بە کەسێکی کافری سەرسەخت

(٧٩) کاتێ دەفەرموێ جیاوازی نییە واتە لای ئەهلی سوننەو جەماعە ، چونکە **ئیمان** لای ئەهلی سوننە و جەماعە بریتییە : (**لە بیروباوەڕی دڵ و وتەی زمان و کردەوەی ئەندامەکان**) ، پێویستە ئەم سێیە هەبن تاکو ئادەمیزاد موسڵمان بێت ، پێویستە بە دڵی خواپەرست بێ ، بە زمانی خواپەرست بێ ، بە کردەوەکانی خواپەرست بێ ، هەریەك لەمانە نەما ئەوا ئەو کەسە موسڵمان نییە بە کۆڕای زانایان ، بۆ نمونە ئەگەر بە زمانی شایەتومانی هێنا بەڵام بە دڵ باوەڕی نەبوو ئەوا هیچ سودێکی نییە ، یان ئەگەر بە دڵی باوەڕی هەبوو وە بە کردەوەش بەڵام بە زمانی شایەتوومانی نەهێنا هیچ سودی بۆی نییە .

دەژمێردرێ ئەم کوفرەشی وەکو کوفری فیرعەون و ئیبلیسە و ئەوانەی وەك ئەم دوانە وان[٨٠] .

---

[٨٠] چونکە فیرعەون بە دڵ باوەڕی بە یەکخواپەرستی هەبوو ، وە باوەڕی هەبوو ئەوەی کە پێغەمبەر موسا هێناویێتی ڕاستە ، بەڵام بە کردەوە کاری پێ نەکرد و لە ڕواڵەت دژی وەستا و لە بەر خۆبەگەورە زانین نکوڵی کرد وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وجحدوا بِها واستيقنتها أنفسهم ظُلما وعلُوا فانظر كيف كانَ عاقِبةُ المفْسِدِين﴾ [سورة النمل : (١٤)] واتە : فیرعەن و شوێنکەوتوانی بە زمان نکوڵی ئایەتەکانی خوایان کرد بۆ پێغەمبەر موسا لە کاتێکدا لە ناخی دەرونیانەوە دڵنیا بوون کەوا ڕاستە ئەمەش لە بەر ئەوەی بتوانن ستەم بکەن و خۆیان بەرزڕاگرن بە سەر حەق و کەسانی ترەوە بڕوانە و سەرنج بدە و بزانە دوا ئەنجامی تاوانباران و گەندەڵکاران چۆن بوو .

پێغەمبەر موسا ـ سەلامی خوای لێبێت ـ بە فیرعەوتی گوت : ﴿لقد علِمت ما أنزلَ هؤلاء إلا رب السماواتِ والأرض بصآئر﴾ [سورة الإسراء : (١٠٢)] واتە : سوێند بە خوا ئەی فیرعەون تۆ چاك زانیوتە کە ئەو ئایەتانە کەس داینەبەزاندوون جگە لە پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی نەبێت بۆ ئەوەی بەرچاو ڕونکەرەوە بێت و خەڵکی بە ڕۆشنی حەق و ناحەق ببێنن و لە یەکی جیابکەنەوە .

کەوابوو ئەمە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی فیرعەون بە دڵ باوەڕی هەبووە بەوەی کە موسا هەواڵی پێ داوە بەڵام لە ڕواڵەتدا لە بەر خۆبەزلزانین و بۆ ئەوەی بتوانێت ستەم بکات و خۆی بەرزڕاگرێت بە سەر حەق و شوێنەکەوتوانی حەقەوە نکوڵی دەکرد .

هەروەها (ئیبلس)یش لە دڵەوە باوەڕی بە خوا هەبووە و حەقی دەزانی وەك ووتویەتی : ﴿فَبِعزَّتِكَ لَأُغْوِيَنهم أجمعِين﴾ [سورة ص : (٨٢)] واتە : سوێند بە گەورەیی و دەسەڵاتی تۆ خوایە دەبێت هەموویان گومڕابکەم ، هەروەها ووتویەتی : ﴿رَبِّ بِمَآ أَغْوَيْتِنِي لأزينن لهم فِي الأرض ولأُغْوِينهم أجمعِين﴾ [سورة الحجر : (٣٩)] واتە :

لەم مەسەلەیەدا زۆر لە خەڵكی بەهەڵەدا دەچن ، ئەڵێن : بەڵێ ئەم بۆچونە ڕاستە و ئێمە تێدەگەین و شایەتی ڕاستێتی بۆ دەدەین ، بەلاّم ناتوانین بیكەین(٨١) ، وە لای خەڵكی ولاّتەكەمان كەس بەڕەوا نازانانرێت تەنها ئەوانە نەبێت كە لە گەڵیاندا گونجاون ، وە ئەگەر

---

پەروەردگارم بە هۆی ئەوەی گومڕات كردم منیش لە سەر زەویدا تاوانەكانیان بۆ دەڕازێنمەوە و هەموویان گومڕادەكەم ، بەلاّم شەیتان ملكەچی نەنواند بۆ فەرمانی خوای گەورە بەڵكو لە بەر خۆبەگەورە زانین ڕووبەڕووی فەرمانەكە وەستا و خۆیگرتەوە لە پەیڕەوكردنی ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وإذْ قُلْنَا لِلْمَلائِكَةِ اسْجدوا لآدم فَسجدوا إلا إبليس أبى واستكبر وكانَ مِن الكافِرين﴾ [سورة البقرة : (٣٤)] واتە : وتمان بە فریشتەكان سوژدە ببەن بۆ ئادەم ئەوانیش هەموویان سوژدەیان برد تەنها شەیتان (إبْلِيس) نەبێت خۆیگرتەوە و خۆی بەگەورە زانی و یەكێك بوو لە بێباوەڕان .

وە بە هەمان شێوە كافرەكانی قورەیش خوای گەورە دەربارەیان فەرموویەتی : ﴿قد نعلم إنه ليحزنك الذي يقُولُونَ فإنهم لا يكذبونك ولكن الظالمين بِآياتِ اللّهِ يجحدونَ﴾ [سورة الأنعام : (٣٣)] واتە : بەڕاستی چاك دەزانین كە گوفتاری نادروستی خوانەناسان= =غەم و پەژارەت بۆ پەیدا دەكات چونكە بەڕاستی ئەوانە وەنەبێت تۆ بە درۆزن بزانن بەڵكو ستەمكاران هەر دان نانێن بە ئایەت و فەرمانەكانی خوا و ئینكاری دەكەن .

(٨١) چونكە زاناكانیان بەڕەوای نابینن ، لەم قسەیەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە بەناو زاناكان هۆكارن بۆ گومڕا كردنی خەڵك چونكە زۆرینەی خەڵك لاسایی دەكات و بە ژێری و زانست شتەكان وەرناگرێت ، وە ئەگەر ئەوانیش گومڕا بوون ئەوا خەڵكیش گومڕا دەبێت ، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((إنما أخاف على أمتي الأئمة المضلين)) صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٢٢٩) واتە : بەڕاستی ترسم لە سەر ئومەتەكەم هەیە بە هۆی پێشەوا گومڕاكارەكانەوە .

بەڕەوای بزانن ئەنجا ئێمە دەتوانین بە کردەوە وا بکەین ، ئەمە و چەندین بیانوی تر ، ئەم هەژارە نازانێت زۆربەی پێشەوایانی بێباوەڕی حەق دەناسن ، بەڵام وازیان لێهێناوە لە بەر چەند بیانویەك ، وەك خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿اشتروا بآيات الله ثمنا قليلاً﴾ [سورة التوبة : (٩)] واتە : ئەوانە بە ئایەتەکانی خوا پارە و دەستمایەیەکی کەمی دونیایان کڕی و گۆڕییانەوە ، هەروەها چەندین ئایەتی تر وەك : ﴿يعرفونه كما يعرفونَ أبناءهم﴾ [سورة البقرة : (١٤٦)] واتە : ئەهلی کیتاب پێغەمبەر (ﷺ) دەناسن هەروەك چۆن نەوەکانی خۆیان دەناسن .

بەڵام ئەگەر کەسێك کردەوەی کرد بە یەکخواپەرستی (کردەوەی ئاشکرا) و نەیزانی چیدەکات و بە دڵ باوەڕی پێی نەبوو ، ئەوە دوڕوە و لە کەسی کافر خراپترە ، خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿إن المنافقين في الدرك الأسفل من النار ولن تجد لهم نصيرا﴾ [سورة النساء : (١٤٥)] واتە : بەڕاستی دووڕووەکان لە چینی هەرە خواری ناو دۆزەخدان و هەرگیز بۆ ئەوان پشتیوانێك دەست ناکەوێت .

ئەم مەسەلەیە[٨٢] بابەتێکی درێژ و مەزنە ، بۆت دەردەکەوێت ئەگەر تێبفکریت لە هەڵوێستی خەڵکانی دەوروپشتت ، دەبینیت کەسی

---

[٨٢] مەبەستمان لەم مەسەلەیە بریتییە لە (خواپەرستی کە پێویستە بە دڵ و زمان و کردەوە بێت) ، شێخ ئەفەرموێ : ئەگەر سەرنجی خەڵك بدەیت و بتەوێت خەڵکی ئەو سێ شتە کۆبکەنەوە لە خۆیاندا دەبینیت زۆربەی خەڵك هەمووی بە یەکەوە ناکەن ، یەکێکی دەکەن یان دووانی دەکەن ، حەق دەناسێ بەڵام لە ترسی لە دەست چوونی

وا هەیە حەق دەناسێت ، بەڵام کردەوەی پێ ناکات لە ترسی لە دەستدانی هەندێك لە دونیا یان پلە و پایە یان بۆ خۆ پاراستن لە شەڕی کەسێك ، هەروەها کەسی وا هەیە دەبینی کردەوەی پێ دەکات بە ڕواڵەت ، بەڵام بە دڵ نا ، ئەگەر پرسیاری لێبکەیت دەربارەی بیروباوەڕی بۆ ئەم شتە کە دەیکات ، کەچی نایزانێت .

بەڵام تۆ ئەی قوتابی عیلم پێویستە مانای ئەم دوو ئایەتە لە قورئاندا بزانیت :

**یەکەمیان** : ئەوەی کە لە پێشدا باسمان کرد کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿**لا تعتذروا قد كفرتم بعد إيمانكم**﴾ [سورة التوبة : (٦٦)] واتە : پاساو مەهێننەوە بێباوەڕ بوونەوە دوای باوەڕبوونتان ، ئەگەر ئەوە زانرا و ساغکرایەوە کە هەندێ هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوانەی بەشداری غەزای ڕۆمیان لە گەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) کرد کافربونەوە بە هۆی وشەیەك کە بە گاڵتەوە وتیان ئەو کاتە بۆت ڕوندەبێتەوە کەسێك بە زمانی کوفر دەکات یان بە کردەوە کوفر دەکات لەترسی لە دەستدانی سامان یان پلە و پایە یان لە بەر دڵڕاگرتنی کەسێك ، هەموو ئەمانە گەورە ترن لە وشەیەك کە کوفر بێت بە گاڵتەوە بیلێت .

**دووەمیان** : ئایەتی : ﴿**من كفر بالله من بعد إيمانه إلا من أكره وقلبه مطمئن بالإيمان ولكن من شرح بالكفر صدرا فعليهم غضب من الله**

---

هەندێ لە سامانی دونیا واز لە کردنی ئەوەی دەیزانێت دێنێت تەنانەت نەك لە ترسی هەژاری بەڵکو کەمبوونەوەی سامانی دونیا .

ولهم عذاب عظيم (١٠٦) ذلك بأنهم استحبوا الحياة الدنيا على الآخرة (١٠٧)﴾ [سورة النحل] واته : ئەو کەسەی پاشگەز ببێتەوە لە خوا ناسی دوای باوەڕ هێنانی جگە لەوانەی ناچاردەکرێن ووشەی کوفر بێت بە سەر زاریاندا لە کاتێکدا دڵیان پڕە لە ئیمان بەڵام ئەو کەسەی دڵی بە کوفر و بێدینی خۆش کردبێت ئەوانە خەشم و قینی خوایان لە سەرە و سزای گەورە و سەخت و دژواریان بۆ هەیە ئەو خەشم و قینەش لە بەر ئەوەیە چونکە بەڕاستی ئەوانە ژیانی دونیایان خۆش ویستووە تا ژیانی دواڕۆژ ، دەبینیت خوای گەورە بیانوی لەوانە قەبوڵ نەکرد تەنها کەسێك نەبێت بە زۆر پێی بکرێت[٨٣] ، لە گەڵ ئەوەشدا ئەبێت بە دڵ

---

[٨٣] زۆر لێکردن بە شێوەیەك کە بگاتە ئاستێك کە بترسێت لە کوشتنی خۆی یان منالێکی ، ئەم کەسە لەم کاتەدا ئەتوانێ کوفر بڵێ کە بە زۆر داوای لێدەکەن بە مەرجێ دڵی ئیماندار بێت ، بەڵام ئەگەر زۆریان لێکرد ئەویش بە دڵ قەناعەتی کرد و دڵی ئیماندار نەبوو ئەوا کافر دەبێت ، بێجگە لە زۆر لێکردن کوفرە چ لە ترسا بێت یان بۆ دڵ ڕاگرتن یان لە بەر نیشتمان یان خزم وکەس وکار یان هۆز یان سامان یان بۆ خاتری گاڵتە یان بۆ هەر مەبەستێکی تر بێت جگە لە زۆر لێکردن .

**ڕوونکردنەوە** : زۆر لێکردن بە وتە بێت یان بە کردەوە ئەبێتە (عـذر) ، بەڵام مەسەلەی وتە ئەو ئایەتەی دانەر هێناویەتی بەڵگەیە ، بەڵام کردەوە جیاوازی تیادایە لە نێوان زانایاندا ، هەندێك ووتویانە تەنها مۆڵەت لە وتە دایە و کردەوە ئەگەر بێتە مایەی کوشتنی کابراش دروست نییە ، بەڵام قسەی پەسەند لای زانایان ئەوەیە کە زۆرینەی زانایان دەیکەن کە وتە و کردەوە وەك یەك وان و دەبنە (عـذر) بەڵام

ئیمانی هەبێت بە پێچەوانەی زمانی ، جگە لەم کەسە هەر کەسێك لە ترسا یان لە بەر دڵڕاگرتن یان لە بەر پێداگری لە نیشتمان و خانەوادە یان هۆز و عەشیرەت یان سامان یان بۆ خاتری گاڵتە یان لە بەر هەر مەبەستێکی تر ئەوا کوفری کردووە تەنها کەسێك نەبێت کە زۆری لێبکرێت .

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لە سەر ئەمە لە دوو ڕووەوە :

یەکەم : کە دەفەرموێت : ﴿إلا مـن أكـره﴾ خوای گەورە هیچ کەسێکی نەخستووەتە لا تەنها زۆر لێکراو نەبێت ، زانراویشە : ئادەمیزاد تەنها بۆ وتە و کردەوە زۆری لێدەکرێ ، ئەمما بیروباوەڕی دڵ هیچ کەس زۆری لێ ناکرێت .

دووەم : کە دەفەرموێت : ﴿ذلك بأنهم استحبوا الحياةَ الدنيا علـى الآخِرة﴾ واتە : ئەو خەشم و قینەش لە بەر ئەوەیە چونکە بەڕاستی ئەوانە ژیانی دونیایان خۆش ویستووە تا ژیانی دواڕۆژ ، خوای گەورە بە ڕاشکاوی فەرموویەتی : ئەم کافر بوون و سزایە بۆ کافران بە هۆی بیروباوەڕەوە نییە یان نەزانین یان ڕقبونەوە بێت لە ئاین و خواپەرستی یان خۆشەویستی بێ باوەڕی ، بەڵکو تەنها هۆکەی ئەوەیە لە هەڵبژاردنی بێباوەڕیدا بەشێك لە دونیای دەستدەکەوێت بە پێشخستنی بەسەر ئاین و خواپەرستیدا .

---

(تفصيل)ی تیادایە . بڕوانە : تەفسیری (الـجامع لأحكام القرآن) للقـرطبي : (١٠ / ١٨٢ ـ ١٩١) .

والله سبحانه وتعالى أعلم وأعز وأكرم ، والـحمد لله رب العـالمين وصلّى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .

## کورتەی گومانەکان و وەڵامەکانیان

ئـەم شـوبهە و گومانانـە دانـەر وەڵامـی داونەتـەوە بـە کـورتی و نموونەی بۆ هێناوە بە ئایەتی ﴿**أَلا إِنَّ أَوْلِيَاء اللّهِ لاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ**﴾ [سورة يونس : (٦٢)] واتە : دۆستانی خـوا ـ لـە مـردن بـەدواوە ـ نەترسیان لە سەرە و نە خەم دەخۆن ـ بۆ ئەوەی بە جێیـان هێشـتووە لە کەسوکاریان ـ ، وە ئەوەی خستووەتە ڕوو کە تکا کردنـی دروسـت شـتێکی جـێگیرە و سەلمێـنراوە و پێغـەمبەران لای خـوای گـەورە بەڕێزن پاشان بۆ هەر شـوبهەیەك وەڵامێـك یـان دوو وەڵام یـان زیـاتری داوەتەوە :

**گومانی یەکەم** : هەر کەس باوەڕی بـە پـەروەرگارێتی خـوا ببێـت : باوەڕی ببێت هیچ کەس بەدیهێنەر و ڕۆزی دەر و بەڕێوەبـەر نییـە خـوا نەبێت ، پێغەمبەر (ﷺ) سود و زیانی بۆ خۆی بە دەست نییـە چ جـای شێخ (عبد القادر) یان کەسانی تر ، گەڕانەوە بۆ لای پیاوچاکان لـە بـەر ئەوەیـە لای خـوا بەڕێـزن و شـەفاعەتی بـۆ بکـەن ، بـە مانـە نابێتـە موشريك .

**وەڵام** : ئەوانــەی پێغەمبــەر (ﷺ) جـەنگی لـە گـەڵ کـردن لـە کافرەکانی قوریش باوەڕیان بە هەموو ئەمانە هـەبوو ، هـەر ئەمەشـیان مەبەست بوو کە باسکرا .

**گومانی دووەم** : ئەڵێن : ئەو ئایەتانەی دابەزیون لەم مەسەلەیەدا باسی ئەوانە دەکەن کە بتیان دەپەرست ئێمە بت ناپەرستین .

**وەڵام** : بێباوەڕان هەندێکیان بتەکان دەپەرستن و هەندێکی دیکەش دۆستانی خوا دەپەرستن (ئەولیاکان) ، هی وایان هەیە (عیسی) و (مریم) دەپەرستێت ، هی وایان هەیە فریشتەکان دەپەرستێت ، لە کاتێکدا هیچ جیاوازی لە نێوان پەرستراوەکانیاندا نییە کە هەمووشی هاوبەشدانانە و هەمووشیان موشریکن خوای گەورە ئەوانەی بتەکان دەپەرستن بە بێباوەڕ داناوە هەروەها ئەوانەش کە پیاوچاکان و فریشتەکان دەپەرستن بە بێباوەڕ داناوە .

**گومانی سێیەم** : داوای تکا کردن لێیان هاوبەشدانان نییە .

**وەڵام** : ئەمە دەقاودەق وتەی کافرەکانە کە وتویانە : ﴿**ما نعبدهم إلا ليقربونا إلى الله زلفى**﴾ [سورة الزمر : (٣)] واتە : ئێمە ئەوانە ناپەرستین تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە لە خوامان نزیك بکەنەوە ، هیچ مەبەستێکمان نەبوو تەنها یەك شت نەبێت کە بریتییە لە داوای تکاکردن بۆمان لە خوای گەورە ، بەمەش خوا بە کافری داناون .

**گومانی چوارەم** : ئەڵێن : ئێمە پیاوچاکان ناپەرستین لە کاتێکدا هانا و هاواریان بۆ دەبەین و داوایان لێدەکەین یان حەیوانیان بۆ سەر دەبڕین لە کاتێکدا ئەمانەش بە پەرستش دادەنێین (واتە : داوا کردن و سەربڕین) .

**وەڵام** : موشریکەکانی پێشوویش پەرستنەکانیان هەر ئاوەها بـوو ، کەوابوو ئینکاری بکەن یان نەزانن بەڵگەکانی قورئـان و فـەرمووده ئـەم ڕاستیە ڕون دەکەنەوە .

**گومانی پێنجەم** : هەرکەس ئینکاری ئەوە بکات کە داوای تکاکردن لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکرێت یان لە پیاوچاکان ئەوە ئینکاری بوونی شەفاعەتی پێغەمبەری (ﷺ) کردووە و ئەولیای بە کەم زانیووە .

**وەڵام** : بە پێچەوانەوە پێغەمبەر (ﷺ) و پیاوچاکانیش تکا دەکـەن و باوەڕمان بەمـە هەیـە ، بـەڵام تکـاکردن مـوڵکی خوایـە و هـیچ کـەس ناتوانـێ شـەفاعەت بکـات تـا خـوای گـەورە مۆڵـەتی نـەدات ، خـوای گەورەش تەنها مۆڵەتی یەکخواپەرسـتان ئـەدات ، هـەروەها داوا کردنـی لە دونیادا لە جگە لە خوا هاوبەشدانانە ، وە دەبێتە هۆی بێبەش بوون لێی لە قیامەتدا .

**گومـانی شەشـەم** : ئـەڵێن : پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) شـەفاعەتی پێدراوە بۆیە دروستە داوای لێبکەین .

**وەڵام** : شەفاعەت پێدانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕەها (مطلق) نییـە بـەڵکو بەنـدە (مقیـد)ە ، تکـاکردنی پێغەمبـەر (ﷺ) بـۆ تاوانبـاری موسـڵمانانە نـەك بـۆ موشـریکان ، وە تکـاکردن تایبـەت نییـە بـە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بەڵکو جگە لەویش پێی دراوە ، ئەمەش بەڵگە نییە لە سەر ئەوەی دروستە داوای لێبکرێت و هەرکەسیش داوای شـەفاعەتی لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد پێیبدات .

**گومانی حەوتەم** : گەڕانەوە بۆ لای پیاوچاکان هاوبەشدانان نییە مرۆڤـ پێی نابێتە موشریك .

**وەڵام** : ئەم کەسە پرسیاری لـێ دەکرێت ئایا شیرك چییە ؟ ئایا پەرستنی خوا چییە ؟ ئەو کاتە نە دەزانێت یەکخواپەرستی چییە وە نە دەزانێت شیرك چییە کە تێیکەوتووە .

**گومانی هەشتەم** : ئـەڵێن : هاوبەشدانان بریتییە لە پەرستنی بتەکان ئێمە بتەکان ناپەرستین .

**وەڵام** : پێی دەگوترێ ئایا موشریکەکان باوەڕیان وابوو بتەکان شت بەدیدەهێنن یان ڕۆزی دەدەن ؟

ئەگەر وتی : هاوبەشدانان بریتییە لە پەرستنی دار و بەرد و ئەوەی لە سەر گۆڕەکان دروستکراوە ، داوایان لێدەکەن و حەیوانیان بۆ سەردەبڕن دەڵێن : ئەمانە لە خوامان نزیك دەکەنەوە وە بە بۆنەی ئەمانەوە خوا شتی خراپمان لـێ دوور دەخاتەوە !

ئەمەش تەفسیرێکی ڕەوا و دروستە بۆ بت پەرستی ئێوەش وا دەکەن ئەوەش بزانن تایبەت نییە بە پەرستنی بت بە تەنها هەروەها پەرستنی پێغەمبەران و فریشتەکان و پیاوچاکانیش دەگرێتەوە .

**گومانی نۆیەم** : ئێوە موسڵمانان تەکفیر دەکەن ئێمە کە خۆمان بە موسڵمان دەزانین ئێوە وەك موشریکەکان حیسابمان بۆ دەکەن لە کاتێکدا شایەتومان دەهێنین و باوەڕمان بە زیندوو بوونەوە هەیە و نوێژ دەکەین و ڕۆژو دەگرین و حەج و عومرەیش دەکەین ، موشریکەکانی پێشوو ئەمانەیان

نەدەكرد ، چۆن ئێمە كە هەموو ئەمانە دەكەین هەموو ئەو جیاوازییەمان لە گەڵ موشریكەكاندا هەیە وەك ئەوان بە موشریكمان دەزانن ؟

**وەڵام** : شێخ (محمد عبد الوهـاب) وەڵامی ئەم خاڵەی بە نۆ وەڵام داوەتەوە كە تیایدا ئەوەی ڕون كردووەتەوە ئەم جیاوازییە كاریگەر نییە و هیچ لە حوكمەكە ناگۆڕێت بە بەڵگەی قورئان و سوننەت و كۆڕای زانایان، تەنها ئەوەندە هەیە بێباوەڕییەكەیان گەورە تر دەبێت.

هەر كەسێ یەك جۆر كوفر بكات بۆ نموونە باوەڕی بە پێغەمبەر (ﷺ) ببێت لە شتێكدا بەڵام لە شتێكی تردا باوەڕی نەبێت ، یان دروست كراوێك بەرز بكاتەوە بۆ ئاستی خوا یان زیادەڕەوی لە یەكێك لە پیاوچاكاندا بكات و سیفاتی خوایەتی پێ بدات ، یان پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام بكات لە شتێكدا وەك مارەكردنی دوو خوشك بە یەكەوە بە حەڵاڵ بزانێت یان هەر جۆرێك لە جۆرەكانی پاشگەزبوونەوەی لێ بەدەركەوێت یان گاڵتە بە خوا و ئایەتەكانی بكات ئەوا كافر دەبێت ، چونكە مەرج نییە كافر بوونەوە هەموو جۆرەكانی كوفری تێدا بێت یان هەموو هاوبەشدانانەكانی تێدا بێت یان باوەڕی وابێت كە خوای گەورە و ئەوەی دەیپەرستێت جگە لە خوا وەك یەك وان لە هەموو شتێكدا ، چونكە كافر بوونەوە دوو جۆرە :

**یەكەم** : كافر بوونەوەی رەها (مطلق) كە بریتیە لە پەشیمانبوونەوە لەوەی پێغەمبەر (ﷺ) هێناویەتی .

**دووەم** : كافر بوونەوەی بەند (مقـيد) كە بریتیە لە بێباوەڕ بوون بە هەندێك لەوەی پێغەمبەر (ﷺ) هێناویەتی .

**گومانی دەیەم** : ئەڵێن : هەرکەس وتـی (**لا إلـه إلا الله**) تـەکفیر ناکرێـت وە ناکوژرێت هەر چی بکات وە چەند فەرموودەیەك دەکەنە بەڵگە .

**وەڵام** : ئەو فەرموودانەی کە دەیکەنە بەڵگە بەڵگەی ئـەوەی تێـدا نییـە کەوا گومان دەبەن کە تەنها وتنی (**لا إلـه إلا الله**) قەدەغـەی تـەکفیر کـردن دەکات بەڵکو خەڵکێکی زۆر دەیڵێت و لـە حەقیقەتـدا کـافر بوونەتـەوە یـان بەهۆی نەزانینی ماناکەی یان کار پێنەکردنی یان شتانێك دەکەن کە دژ بـە (**لا إلــ ـه إلا الله**)یـە ، بـۆ نـموونە جولەکـە دەیـانگوت ، شـوێنکەوتوانی (مسيلمة) دەیانگوت کە هاوەڵان جەنگیان لە گەڵ کـردن ، ئەوانـەی ئیمـامی عەلی سـوتاندنی دەیـانگوت کـەوابوو تـەنها وتـنی بـە زمـان بـەس نییـە بـۆ پاراستنی خوێن و ماڵ .

**گومـانی یازدەهـەم** : ئـەڵێن : داوای کۆمـەکی کـردن لـە جگـە لـە خـوا هاوبەشدانان نییە بە بەڵگەی ئەوەی داوای کۆمەکی کردن لە پێغەمبەران لە دوارۆژدا دروستە .

**وەڵام** : دانەر ئەمەی ڕونکردەوە کە ئەمـە دوو شـتی جیـاوازە لـە یـەکتر بەڵام ئەوان نەفامن .

**گومانی دوازدەهەم** : داوای کۆمەکی کـردن لـە مـردوان و نادیـاران شـیرك نییـە و دروسـتە بـە بەڵگـەی ئـەوەی جبریـل داوای لـە پێغەمبـەر ئیـبراهیم کردووە کە یارمەتی بدات* .

* وەك لە پێشەوە ڕوونـمان کردەوە ئەم بەڵگەیە لاوازە و سەلمێنراو نییە بۆیە نابێت بکرێت بە بەڵگە ، بڕوانە پەراوێزی ژمارە : (٨٧) لەم کتێبەدا .

**وەڵام** : ئاشكرایە ئەم داوای كۆمەكی كردنە لە پیاوچاكان شتێكی ترە و ئەوەی دەیكەنە بەڵگە شتێكی ترە هەر كەس بەیەكیان بزانێت دوو شتی لەیەكجیاوازی بە یەك شت داناوە .

نووسینی : محمد عبد الرحمن قاسم

٢٤ / ٤ / ١٤١٧ هـ

وەرگێڕانی : خلیل أحمد

١٤ / ١٠ / ١٤٢٨ هـ

كەلار

مافی بڵاوكردنەوەی پارێزراوە بۆ هەردوو سایتی بەهەشت و ڕێگای ڕاست

www.ba8.org

www.r-rast.com

# سەرچاوەکان

بۆ لە سەر نووسینی ئەم کتێبە زیاتر سوود لەم سەرچاوانە بینراوە :

١ ـ القرآن الكريـم .
٢ ـ شرح كشف الشبهات للشيخ محمد بن إبراهيم آل الشيخ رحمه الله .
٣ ـ شرح كشف الشبهات للشيخ محمد بن صالـح العثيمين رحمه الله .
٤ ـ شرح كشف الشبهات للشيخ صالـح بن فوزان الفوزان حفظه الله .
٥ ـ شرح كشف الشبهات للشيخ صالـح آل الشيخ حفظه الله .
٦ ـ شرح ثلاثة الأصول للشيخ عبد العزيز ابن باز رحمه الله .
٧ ـ القول المفيد على كتاب التوحيد للشيخ محمد بن صالـح العثيمين رحمه الله .
٨ ـ مجموع الفتاوى لشيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله .
٩ ـ اقتضاء الصراط الـمستقيم لشيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله .
١٠ ـ تفسير تسير الكريم الرحمن للشيخ عبد الرحمن السعدي رحمه الله .
١١ ـ تفسير القرآن العظيم للحافظ ابن كثير رحمه الله .
١٢ ـ الـجامع لأحكام القرآن للقرطبي رحمه الله .
١٣ ـ صحيح البخاري للإمام محمد بن إسماعيل البخاري رحمه الله .
١٤ ـ صحيح مسلم للإمام مسلم بن حجاج رحمه الله .
١٥ ـ سلسلة الأحاديث الصحيحة للشيخ محمد ناصر الدين الألبانـي رحمه الله .
١٦ ـ فتح الباري شرح صحيح البخاري للحافظ ابن حجر العسقلاني رحمه الله .

* هەروەها چەندین سەرچاوەی تریش کە لە پەراوێزەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە .

# ناوەڕۆك

پێشەكی وەرگێڕ .................................. ٣
پێشەكی دانەر ................................ ٩
گومانی یەكەم ............................... ٣٣
گومانی دووەم ............................... ٣٧
گومانی سێیەم ............................... ٤٠
گومانی چوارەم .............................. ٤١
گومانی پێنجەم .............................. ٤٦
گومانی شەشەم ............................... ٤٩
گومانی حەوتەم .............................. ٥١
گومانی هەشتەم .............................. ٥٣
گومانی نۆیەم ............................... ٦٢
گومانی دەیەم ............................... ٨٠
گومانی یازدەهەم ............................ ٨٧
گومانی دوازدەهەم ........................... ٨٩
كۆتایی ..................................... ٩١
كورتەی گومانەكان و وەڵامەكانیان .................. ٩٨
سەرچەوەكان ................................. ١٠٥
ناوەڕۆك .................................... ١٠٦

## خوێنەری بەڕێز :

ئەگەر هەر پێشنیاریەك یان پرسیارێك یان تێبینیەكت هەبوو سەبارەت بە ناوەڕۆكی ئەم كتێبە (**نەهێشتنی گومان ...**) و جگە لەمەش لە بەرهەمەكانی تری وەرگێڕ كە بریتین لەم كتێبانەی خوارەوە :

٢ ـ **بیروباوەڕی ڕاستەقینە و دژەكانی نووسینی** / **شێخ ابن باز** / وەرگێڕان .

٣ ـ **پلەو پایەی سوننەت لە ئیسلامدا .. وە تەنها قورئان بەس نییە نووسینی** / **شێخ ئەلبانی** / وەرگێڕان .

٤ ـ **كێشەی تەكفیر لە نێوان ئەهلی سوننە و تاقمە گومڕاكاندا نووسینی** / **سعید بن وهب القحطاني** / وەرگێڕان ـ ئامادە كراوە بۆ چاپ ـ .

٥ ـ **كتێبی خوا پەرستی نووسینی** / **پێشەوا محمد عبد الوهاب** / وەرگێڕان ـ ئامادە دەكرێت بۆ چاپ ـ .

ئەوا دەتوانیت پەیوەندی بكەیت بەم ئیمەیلەوە :

r_rast@yahoo.com

**وە چاوەڕوانی ئەم بەرهەمانەی تریش بن** كە ئامادە دەكرێن بۆ چاپ :

٦ ـ **عەقیدەی واسطی ، نووسینی** / **شێخی ئیسلام ابن تیمیة** / وەرگێڕان و شەرح .

٧ ـ **عەقیدەی طحاویة ، نووسینی** / **الطحاوي** / وەرگێڕان و شەرح .

٨ ـ **الإبانة عن أصول الديانة ، نووسينی** / **أبو الحسن الأشعري** / وەرگێڕان .

٩ ـ **زانستی شەرعی و ڕەوشتی هەڵگرانی ، نووسینی**/ **شێخ ابن باز**/ وەرگێڕان .